
له غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا

# سۆشیال میدیاو دەستەخوشکەکانی

## - 2 -



## ستران عەبدوڵڵا

ستران عەبدوڵڵا

سۆشیال میدیاو دەستەخوشکەکانی

2



باوەڕم بەوە هەیە ئەزموونی رۆژنامەنووسیی هیچ کەسێك لە هاوپیشەکەی تەنیشتی ناچێت. ئەگەرچی هەر خۆی کارەکە لە هێڵی گشتیدا یەکەو یەکتری تەواو دەکەن. بەو حاڵەشەوە لەنێوان ئەزموونێکی کەسی و کۆی ئەزموونی روژنامەنووسیی میللەتێك، بە تولانی ئاسۆیی و ستوونی، خاڵی میانەیەك هە یە کە هیچ نەبێ دەشێ ناوی ئەزموونی رۆژنامەیەکی لێ بنێین.

### له غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا

# سۆشیال میدیا و دەستەخوشکەکانی

## -٢-

له غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا

# سۆشیال میدیا و دەستەخوشکەکانی

-٢-

ستران عەبدوڵڵا

سلێمانی - ٢٠١٩

کتێب: **لە غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا،سۆشیال میدیاو دەستەخوشکەکانی**
نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**
کاری هونەری: **شۆڕش ئەحمەد**
تیراژ: **(٥٠٠) دانە**
چاپخانە:
**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٦١)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە**




## فەسڵی یەکەم

# سۆشیال میدیا دەرفەت و دەرەقەت

**باسی یەکەم:**

# سۆشیال میدیا و سۆشیالیستی کاغەزی

لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە جیاجیاکانەوە، ڕەنگە جیاوازی نێوان سۆشیال میدیا و کەناڵە کلاسیکییەکانی میدیا زۆر بێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەزموونی کردەیی کەسانی وەکو ئێمەمانانەوە کە ئەندازیار نین، بەڵام دەشێ ئیدعا بکەین وەستاو خەلفەین، ڕەنگە جیاوازییە کردارییەکانی نێوان هەردوولا زۆرو جەوهەریش بن. دیارە لە هەندێک کایەشدا تەواوکارن‌و لە هەندێکیشدا بەریەکەوتنیان لەنێواندا دەقەومێت. وا لێرەدا پوختەیەک لە جیاوازییەکانیان تۆمار دەکەین، وەک ئەوەی لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٢٩ لە خولێکی ڕۆژنامەوانیدا تۆمارم کردووە.

– میدیای تەقلیدی، کە (لێرەدا مەبەستمان ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ئێستا تازەکی پێگەی ئەلکترۆنییە) کارێکی دامەزراوەیی و دەستەجەمعیی حەریفانەیە. کاری دەستەبژێرێکی ڕۆژنامەوان و میدیاکارە، کە گوزەران یان بەشێکی گوزەرانیان لەسەر ئەو کارە دابین دەبێت. لە کاتێکدا کاری سۆشیال میدیا، کە مەبەست لێی تۆڕەکانی

(فەیسبووک، تویتەر.. ئەنستگرام... هتد)ـە، کاری کەسی، یان گرووپی ئارەزوومەندانە (ڤایبەر، واتس ئاپ...)یە، کە ئەگەر پارەشی لەسەر وەربگرن، یان گوزەرانیان پێ دابین بکرێت، دەشێ وەک کاری ڕەش، یان جیوەیی کۆنترۆڵنەکراو بناسرێت، نەک کارێکی ڕەسمیی تۆمارکراو لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، یان نووسینگەکانی کاردا.

– دامەزراوەی میدیای تەقلیدی ناونیشان و جێگە و ڕێگە و پێگەی دیارە (ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان) پێکەوە، یان بە جیا، بارەگایان هەیە و نووسینگەیان لە شار و شوێنە سەرەکییەکان هەیە، ناونیشانیان دیارە و بەرپرسیارێتی و ئیدارە و ئەرک ڕاپی دەکەن. بەرپرسیارێتی سیاسیی، ئیداری، یاسایی و کۆمەڵایەتیش لەئەستۆ دەگرن.

– میدیای تەقلیدی سنوری پەخش و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی ئەرکەکانیان، خزمەتگوزاری و بەرهەمە میدیاییەکانیان دیارو ئاشکرایە، یاسا و دەقەکانی ڕێکی دەخات. پێچەوانەی زۆرینەی سۆشیال میدیا، کە کات و سات و شوێنیان بۆ نییە، بەرپرسیارێتی ڕاستی و دروستی و پێچەوانەکەشیان لە ئەستۆ ناگیردرێت. تەنها لە ئەورووپا و ڕۆژئاوا یاسا و ڕێساکان ڕێکیان دەخات و بەرپرسیارێتی وردیان دیاری دەکرێت.

– میدیای تەقلیدی فلتەری جۆربەجۆری هەیە، پێوەرەکانی زمان، خیتاب، کواڵیتی و تۆن و هونەرکاریی باڵا و بەرزیان تێدا ڕەچاو دەکرێت. دامەزراوەکانی ئەم میدیا تەقلیدییە بە زۆری تێچووی بەرهەمەکان دەدات و وەردەگرێت. مافی کەرەستە و بابەتەکان و بەرهەمەکان دەپارێزێ و دابینی

دەکات و یاسایان تێدا پەیڕەو دەکات. پێچەوانەی میدیای سۆشیال میدیا، کە هیچ ئەمانە ڕەچاو ناکات، دەبات و دەخوات و دەست بەسەرا دەگرێت. بێ ئەوەی ویژدانی ژان بیگرێت، یان خەم لە ڕەنجی هیلاکی و بیری خەڵکی تر بخوات.

- سۆشیال میدیا تێپەڕی وڵات، کیشوەر، نەتەوە و چینەکانە، تەفاعولی دیموکراسی و ئازادانەی تێدایە، بەڵام جگە لەو بەشدارییە دیموکراتییە بەرپرسیارێتی بەشدارییەکانی و کۆمێنت و نوتقەکانی ناگرێتە ئەستۆ.

- سۆشیال میدیا دەتوانێت باخچەی پشتەوە و پێشەوەی میدیای تەقلیدی بێت. میدیای تەقلیدی دەکرێ هەمان ئەو بوارە تازەیەش بەکاربهێنێ بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و سایتەکانی، چونکە بەرهەمی میدیایی دەنگدار و ڕەنگدار و نووسراو لە سۆشیال میدیا بڵاو دەبێتەوە. لەبەر ئەوە میدیای تەقلیدی دەتوانێ لە جێی دابڕان پەیوەندی بکات، لە جێی هەڕەشە و مەترسی، سۆشیال میدیا وەک چانسێک بەکار بهێنێ.

- پەیوەندی و میانە بەوە دەبێت، کە هەم پەیوەندی بکاتو هەمیش جیاوازی بپارێزێ. کاری حەریفی خۆی لە هی ئارەزووی سۆشیال میدیا جیا بکاتەوە. بەوە دەبێت ستوون نووسی و وتار نووسی لە کۆمێنت نووسی جیا ببێتەوە. ڕۆژنامەنووسی حەریف لە هاووڵاتی ڕۆژنامەنووس جیا بێت، دۆست بێت، بەڵام تێکەڵ نەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ شێواز و تەکنیکە گەشەکردووەکانی تۆڕەکانی سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیای پەیوەندی (سمارتفۆن) هەم

لە پێگە ئەلکترۆنییەکان و هەم لە میدیای کاغەزی و بینراوی تەقلیدیش بەکار بێت.

– سۆشیال میدیا لەچاو میدیای تەقلیدی دیموکراتی ترە، نەک هەر لەبەر جیاوازی و فرەیی ئەو بیروڕا و زانیاری و هەواڵانەی بڵاویان دەکاتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە وتنەوەی هەمان زانیاری و هەواڵ و بیروڕا فراوانتر دەکات، چونکە دیموکراتی لە میدیا هەر ئەوە نییە بیروڕاکان و زانیاری و هەواڵەکان قەدەغە نەبن و بڵاو ببنەوە، بەڵکو زۆرترین و فراوانترین کەسیش بەشداری تێدا بکەن، لە وتن و زانین و گواستنەوەیدا. شتێک کە سۆشیال میدیا بێ سانسۆر و بێ فلتەر، بە هەموو جۆرەکانییەوە، دابینی دەکات و ڕێی بۆ خۆش دەکات.

– سۆشیال میدیا دەبێتە دەرفەتیش بۆ ناسین و گەشانەوەی زۆر توانا لە هەموو بوارەکاندا، کە میدیای تەقلیدی ناتوانێت پەی پێ ببات و بیناسێنێ و بیناسێتەوە. ڕاستێکەی توانای فیکری و ئەدەبی و سیاسیی زۆر هەن، کە سۆشیال میدیا دەتوانێت ئاشکرایان بکات و میدیای تەقلیدی و دیواربەندە بیروکراتییەکانی ناتوانێت، یان هەندێک جار نایەوێت ڕێیان پێ بدات. دەزگای تەقلیدیی سیاسیش هەیە مینبەر لە زۆر بەهرە و توانا قەدەغە دەکات، کەچی مینبەری سۆشیال میدیا ئەم دەرفەتیان پێ دەدات.

– سۆشیال میدیا، کە مینبەری فراوان دابین دەکات، زۆر جاریش دەبێتە قەرەباڵەغی وا، کە کارەکتەرەکانی زوو کۆڵ دەدەن و هیچیان لێ شین نابێت. ئەم (هەوەسبازانە)، بە گوزارشتی مامۆستای هێمن موکریانی، زوو زوو لە

بوارێکی دەیگوازنەوە بۆ بوارێکی تر، چونکە ئارەزوومەندن، نەک حەریف. کارەکتەرەکانی سۆشیال میدیا ئاشکران و مینبەریان هەیە و بەشداریی فراوانی ئەوان دەبێتە دەرفەتی گەشی دیموکراسی و ئازادیی زیاتر و فراوانتر، لە هەمان کاتدا پارێزراو نابن لە دەست دەزگا موخابەراتییە ئاڕاستە جیاجیاکان، کە بە چاک و خراپ، بە خوازراو و ئاشکرا، بە تەکنەلۆژیای دەنگدان و فیلتەر و ئاڕاستەکردن و یاساغکردن، ئاڕاستەی ڕای گشتی دەگۆڕن و دەجوولێنن و مەرج نییە هەموو جار گوزارشت بن لە پێوەرەکانی میزاجی گشتی، ئەوەندەی گوزارشت دەکەن لە توانای جیاجیای تۆری فراوانی دەسەڵات و دەسترۆیشتووی دارایی و پاوەر و پارە.

– سۆشیال میدیا وەکو سنووری نێوان نووسین و وێنە، گرتە و دەنگ و ڕەنگ ناهێڵن و پەیوەندییان هەمەچەشنە دەکەن. بە هەموو جۆرەکانی ئامڕاز و مینبەر و تۆڕەکانی پەیوەندی و گەیاندنەوە لە هەمان کاتدا سنورەکانی نێوان زمان و پیت و ڕێزمان، لاتینی و عەرەبی، کوردی و کرمانجی، ناهێڵن. هەندێک جاران دەبنە دەرفەتی گەشەی زمان، یان تێکشکاندنی، لۆکاڵیبوون، یان سەرتاسەری و گشتگیری زمان..هتد. واتا هەڕەشە و دەرفەتیشن. سۆشیال میدیا، بە تایبەتی لەناو کەلتوور و ڕۆشنبیریی کوردیدا نیتۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست دەکات، کە تا ئێستا هیچ میدیایەکی تەقلیدی نەیتوانیوە، یان نەیویستووە، دروستیان بکات. لەجێی نەتەوەیەک لەسەر کاغەز، یان نەتەوەیەک لە ئاسمان و سەتەلایتدا، نەتەوەیەک لە تۆڕەکانی سۆشیال

میدیا دروست دەکات. لەنێوان هەموو ناوچەکان و هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

– کێشەی سۆشیال میدیا ئەوەیە، گەشە و پەرەسەندنەکەی بەردەوام و هەوراز و لەسەر یەکە، شەمەندەفەرێکە ڕاوەستانی بۆ نییە، تا لە شوێنێک سنوور و جوگرافیای ڕوون بێتەوە و یاسا و ڕێبازەکان بیان گرێتەوە. بەوەش مامەڵەی دامەزراوەکانی تری لەگەڵدا ڕوون بێت. ئەمە هیچ نەبێ لە کوردستان نادادپەروەری و ناڕوونی و لاسەنگی بەرهەم دێنێت، چونکە هەق و ناهەق تێکەڵ دەبێت. وەک ئەوەی وایە دەموچاو دەمامکدارە جنێو بەوان بەن، کە ڕووخسایان ئاشکرایە و قسەیان حیسابی لەسەر دەکرێ و سزا و پاداشتی لەسەرە.

– یەکێک لە مەترسییەکانی سۆشیال میدیا، دروستکردنی جیهانێکی ئیفترازییە، کە گریمانەی پەیوەندیی خوازراو و ئیستعارە دروست دەکات. ئەندێشە و بژاردەکان و ئەگەر و گریمانەکان زیاد دەکات، بەڵام لە بەرامبەردا ژیانی واقیعی و ڕاستەقینەی جێگیریش دەشەمزێنێ.

خۆی مرۆڤەکان، تەنانەت لە میدیای تەقلیدیشدا، لە دەست هەڕەشەی فانتازیای میدیا دەربازیان نابێت، ئیتر چۆن لە فانتازیای میدیای سۆشیال دەربازیان دەبێت؟ هەموو مرۆڤێک، هەموو مینبەرێک، چالاکی هەیە و بڵاوی دەکاتەوە. کار و کاردانەوەی هەیە، هەست و سۆز و ئاوێتەبوون هەیە، هەم لە کایەی کۆمەڵایەتی و هەم لە کایەی ژیانی گشتیدا، بەڵام سەرەنجام ئەگەر پەیوەندی میدیای تەقلیدی و سۆشیال میدیا، پەیوەندی مرۆڤ و سۆشیال میدیا ڕێک

بخرێت، دەرفەتەکانی بەردەمیان زیاترە لە هەڕەشەکانی، ئازادییەکانی فراوانترە لە بەربەبەست و تەشهیرەکانی. بە تایبەتی بۆ نەتەوەی کورد، کە بە هۆی ئەم تۆڕی پەیوەندییەوە لە قوم قومەکە دەرچووە. بۆیە لە جێی نامۆیی و ئیغتراب، پێویستە وەرگەڕێین بۆ پەیوەندی و خۆڕاهێنان لەگەڵی. پەیوەندییە مەدخەلات و مەخرەجاتەکانی ئەو تۆڕە ڕێک بخرێت.

بە داخەوە دەبێ بڵێین، لە باسی مەدخەلات و مەخرەجاتی ناو مەنزومەی مێشک، یان هی ناوخۆی ڕێکخستن و دامەزراوەکان، ئەوی دێتە ژوورەوە و ئەوی دەچێتە دەرەوە ئاڵۆز بووە. بۆ نموونە: جاران (باوکەکان) بۆ خێزان و منداڵان، بە کچ و کوڕەوە، دیار بوون:

- دایک و باوک و گەورەکانی خێزانێک.

- مامۆستا و قوتابخانە، کە پەروەردە و زانیاری و زانین پێشکەش دەکەن.

- تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و میدیای تەقلیدی.

کەچی ئەمڕۆ:

- ئێستا تۆڕی فراوانی پەیوەندی سۆشیال میدیا و هاوڵەکانی دەبنە مەدخەلات، بۆیە مەخرەجاتەکانیش زۆر و فراوان و ئاڵۆزن.

سەرەنجام:

میدیای تەقلیدی جۆرێک لە دەسەڵاتدارێتی مەعنەوی و سەربەخۆ بۆ میدیا دەپارێزێ لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی تردا، بەڵام سۆشیال میدیا جارێکی دیکە دەسەڵاتی چوارەم دەکاتەوە بە پاشکۆ و ئامراز بە دەست تۆڕێکی فراوانی

دامەزراوەی تر. ڕاستە ئەم تۆڕە تۆڕێکی فراوانی دیموکراتییە، بەڵام دەرەنجامەکە هەر هەمان شتە: لەدەستدانی حەیسیەت و سەربەخۆیی و سەنگی دەسەڵاتی چوارەم، وەک ناوێکی مەجەزی لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی تردا.

گرنگە، وەکو چۆن لایەنە گەشەکانی سۆشیال میدیا و فراوانبوونی دیموکراتی لەو پانتاییەدا ببینین و بایەخی پێ بدەین، دیوە خراپەکەشی ببینین، کە هەرەمی دەسەڵاتی دامودەزگای کۆمەڵی مەدەنی، حزبەکان و دامەزراوەی نهێنی و ئاشکرا دەکاتە سەردەست و سەروەری میدیای سۆشیال میدیا.

**باسی دووەم:**

# سۆشیال میدیا ڕاوەستانی بۆ نییە؟

کێشەی سۆشیال میدیا پەیوەستی خراپ بەکارهێنانی نییە. هەموو خراپ بەکارهێنانێک یاسا ڕێکی دەخات و هەقی گشتی خەڵک دەپارێزێ. کێشەی سۆشیال میدیا ئەوەیە گەشەکردنەکەی لە شوێنێک ناوەستێ، تا یاسا ڕێکی بخا و هەقی ئەوانە دابین بکات، کە ئەم ئامرازە میدیاییانە مافیان پێشێل دەکات.

گەشەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆژیای تۆرە کۆمەڵایەتیەکان وا خێرا و بەپەلەیە، کە موشەریعی یاسایی دەرەقەتیان نایە و فریایان ناکەوێت. هەموو دەزانین یاسای ڕۆژنامەوانی لە زۆربەی وڵاتانی دونیای سێدا بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە یاسان بۆ ڕێکخستنی بواری ڕۆژنامەی کاغەزی و زۆر درەنگ وڵاتان بەفریای ڕێکخستنی کۆی میدیا، بە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەوە هاتن. ئەدی ئێستا چی بڵێین، کە شەپۆلی گەشەی تەکنەلۆژیای پەیوەندی هەدادانی بۆ نییە و کەلتوور و پێشینەی خەزینی یاسایی و دەستووری وڵاتانی ئێمەومانان دەرەقەتی کون و کەلەبەرەکانی نایەن؟

بێگومان سۆشیال میدیا بازێکی گەورەیە لە نەهێشتنی

مۆنۆپلی میدیایی و له فراوانکردنی مەودای ئازادی و مافی بەدەستهێنانی زانیاری، کەس شکی لەم بایەخە مەزنە نییە، بەڵکو شک لە خراپ بەکارهێنانیێتی، وەکو لە سەدان حاڵەتدا دەیبینین و لەسەری نادوێین، مەگەر خۆمان پەلامار بدرێین. مەسەلە ئەوەیە میدیا و تەکنەلۆژیای تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیش وەکو هەر ئامرازێکی تر دوو سەرەیە. دەشێ خێر و دەشێ شەڕی پێ بێت. یاسا دەتوانێ خێری زیاتر و بەری شەڕەکەی بگرێت.

لەوانەیە ئەم گەشەکردنە لە ئامرازەکانی سۆشیال میدیا، لە مەفتەنی خۆی و شوێنی دروستبوونی بە یاسای پێشکەوتوو ڕێک بخرێت و هەر ئەوەی دروستی دەکات خۆشی پاسۆوردی بەرگرتن بە خراپییەکەی دابین بکات، بەڵام ئەوەی وڵاتانی وەکو لای خۆمان، کە فەرهەنگی لە یاسای گشتی و لە پاراستنی مافی کۆمەڵگە و مافی تاکەکاندا هەژارە، وەڵڵا من شکم هەیە تەنانەت لە وتنیشی. لە ڕۆژئاوا، یاسا وەک بەهایەکی مرۆیی و بەرهەمی زهنی فەلسەفی مرۆڤەکان فریای گەشەی تەکنەلۆژیا و بەرهەمی زهنی زانستی ڕووتی مرۆڤەکان دەکەوێت، لای ئێمە زەحمەتە. ئێوە دەڵێن چی؟

## سۆشیال میدیا تێکی دا

سۆشیال میدیا چارەسەری نەکرد، بەڵکو ئاڵۆزتری کرد. ڕاستە دیموکراتیزەکردنی خاوەنداریێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو ڕەخساندنی دەرفەتی وەک یەک بۆ بەکارهێنانی دیاردەیەکی ئیجابی و درەوشاوەی سۆشیال میدیایە، تا ئەو ئەندازەی مۆنۆپۆلکردنی ئامرازی ڕاگەیاندنی نەهێشتووە، بەڵام

ڕاستییەکەی سۆشیال میدیا جارێکیتر ئامرازی میدیاو دەزگای میدیای خستەوە خزمەتی سیاسەت و حزبایەتیی ڕووتەوە. جارێکی تر دەزگای میدیای لە قازانجی سیاسەت قوڵبەست کرد. دەسەڵاتی چوارەمی کایەی سۆشیال میدیای خستە خزمەتی دەسەڵاتەکانی ترەوە. لە وەختێکدا نیوەی دووەمی سەدەی بیست مەیدانی ململانێی خۆ ڕاپسکانی دەسەڵاتی چوارەم بوو لە سایە و سێبەری دەسەڵاتەکانی تر، بەڵام ئێستا سۆشیال میدیا ئەم دەسەڵاتە هەستیارەی خستۆتە ژێر دەست کایەکانی ترەوە: حزبەکان، حکومەتەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئەفرادەکان، بەکاری دێنن وەکو سەکۆیەک زیاتر لەوەی بەکار بێنن بۆ گەیاندن و پێدانی هەواڵ و زانیاری.

سۆشیال میدیا بە دیوێکدا دیموکراسیی فراوان و هاوبەشیی سیاسی لە شەئنی گشتی فراوان کرد، بە دیوێکی تردا ڕێڕەوی سەربەخۆیی و پرۆفیشناڵی میدیای شێوان و تا ڕادەیەکیش پەکی خست. ئەوە کە هەموو هاووڵاتییەک ڕۆژنامەنووسێکی حازربەدەستە، پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەنووسی دامەزراوەکانی گەیاندە دەروازەیەکی داخراو، بنمچی پێشبینیەکانی دابەزاند، تواناداری دامەزراوە میدیاییەکانی سنووربەند کرد و بۆ مانەوەش پەیوەستی دەسەڵاتەکانی تری کرد.

ئەم دەرکەوتە هی ئەوەیە ناوەندەکانی تۆژینەوەی میدیایی لە زانکۆ و پەیمانگاکان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و تەشخیسی ئەم دەردە و دەرمانەکەشی بخەنە بەردەست.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ١٠-١١-١٧-٢٠١٦/٦/١٨

## باسی سێیەم:

# "نەوەی فەیسبووك" بە جنێوی نازانن

هەموو جارێک قسە لەسەر لایەنە نێگەتیڤەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەهلی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە زۆرینەی بەکاربەری پێک دێنن، کەمتر لە ئێمەی ڕۆژنامەنوس و حەریفەکانی بواری میدیا خۆیان بە لایەنە جیاجیاکانی فەیسبووک و تویتەر و ئەنستگرامی دەستەخوشکییەوە سەرقاڵ کردووە، ئەوانە بەکاری دەبەن و تەواو.

ئەهلی قەڵەم و کاغەز لەبۆسەدان بۆ هەموو لایەنێکی تۆڕەکانو لەسەر هەموو دیاردەیەکی هەڵدەدەنێ، لەوانەیە بەشێکی تێبینییەکانی ئێمەی ڕۆژنامەنوس، لەسەر دیاردەکانی سۆشیال میدیا، ڕاست بن و دەرئەنجامی ڕامانی ورد و داماویی قوڵەوە بەدیار دەرکەوتە ناخۆشەکانەوە هاتبێت، بەڵام بەشێکیش، جا کەم و زۆر، بە پێی ناسنامەی خاوەنی تێبینی، لە ئەنجامی ئیرەییبردن بەم دامودەزگایە و بەربڵاویی بەکارهێنانو لەبەردەستدا بوونەوە سەرچاوەی گرتووە. ئێمە وەک ئەهلی کارێک ڕەنگە قینمان لەم ئامێرانە بێت، کە خەریکە هەموو شوێنێک دەتەننەوە و سنوریان

لەنێوان نوسەر و خوێنەر، میدیاکار، تەماشاکار، کارەکتەر و جەماوەردا نەهێشتۆتەوە و سەرشانۆی درامای میدیایی وا قەرەباڵغکردووە، هاکە ڕووخا بەسەر خۆمان و بینەرانیشدا.

ئێمە ڕقمان لەو دیاردە تازانەی تەکنۆلۆژیایە، کە خەریکە سەنعەتەکە لەدەست ئێمە دەربهێنێت، پێش ئەوەی دڵمان بەوە داخورپێت کە خەریکە سەنعەتەکە ڕەزیل بکات. بێگومان لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی هاوسەنگی پەیوەندارانی بواری میدیا، لە مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆڕانی خاوەن نەزەر و شارەزا، دەتوانێت یارمەتیدەری جیاکردنەوەی تاکە دەزووی ترسی ئێمە بێت لەنێوان ترس لە لەدەستدانی سەنعەتەکە و ترس لە ڕەزیلکردنی سەنعەتەکە.

با لایەنە نێگەتیڤەکانی سۆشیال میدیا بخەینە لاوە، یان بۆ ئەو پسپۆڕانەی ناومان هێنان بیخەینە لاوە. با واز لەوە بێنین، کە وەکو کرێکارەکانی سەرەتای پەیدابوونی ئامڕازە پێشکەوتووەکانی بەرهەمهێنان دەچوون لە کاردانەوەی لەدەستدانی کار و لە کاردانەوەی نامۆیی بەو ئامڕازانە، دەیان شکاندن و پەکیان دەخستن. لە شرۆڤەی ڕەوتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا ئەو هەڵسوکەوتەی چینی کرێکار سەرکۆنە و سەرزەنشت کراوە، ئێمەش کرێکاری بواری میدیا، یاخود پرۆلیتاریای فیکر و نووسین "مام جەلال پێمان دەڵێت ڕەنجدەرانی بیر، کە هاوپەیمانی ڕەنجدەرانی بازووین" نابێت ئەو هەڵەیە دووبارە بکەینەوە، کە قینمانە لە هەر ئامڕازێکی تازەبابەت، بەڵکو گرنگە لایەنە پۆزەتیڤەکانیش ببینین، تەنانەت هەندێکجار لایەنە پۆزەتیڤەکانی بۆ ئێمەش باشن. بۆ نموونە، خۆڕاییبوون و هەرزانی و بەردەستبوونی

ئەو کەرەستانە، ڕەنگە لە ئایندەدا بە قازانجی ئێمەی ڕۆژنامەوان بشکێتەوە. بە تایبەتی ئەو ئەهلی قەڵەمانەی لەکار دەردەکرێن، یان کارێکی میدیاییان دەستناکەوێت، دەتوانن خۆیان ببنە خاوەنی ئامرازی ڕاگەیاندنی خۆیان، لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوە بە پلەی یەکەم بەرهەمەکانیان و ناو و ناوبانگیان ڕزگار دەکات لەوەی لەگەڵ لەدەستدانی کاردا لەبیر بچنەوە. خۆ ئەگەر ئیدارەیەکی باشی پەیج و ئەکاونتی خۆیان بکەن، دەتوانن ڕیکلام و توانای دارایشی بۆ پەیدا بکەن. بێگومان ئەمەشیان کەوتۆتە سەر ئەوەی ڕەوتی بەپەلەی ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە لە کوێ دەگیرسێتەوە، تا ڕێسا و یاسای مامەڵەی بۆ دابنرێت. ئەگەر ئەوە کرا، ئەوا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیاتی ئەوەی هەر باخچەی پشتەوەی دەزگا تەقلیدییەکانی ڕاگەیاندن بن، "تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و سایتەکان" دەکرێت ببنە بەشێکی سەنگین و گرانبەها لە تۆڕی پەخش و ئامرازە کاریگەرەکانی پەخشکردنەوەی بەرهەمی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

لایەنێکی تری پۆزەتیڤی سۆشیال میدیا، لەبەردەستدابوونێتی بۆ بزووتنەوە ڕزگاریخواز و ئازادیبخشەکان، وەکو بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کوردستان، کە لە بەشەکانی تری کوردستاندا نەیاران ڕێگە بە گەشەی کەناڵە تەقلیدییەکانی میدیای کوردی نادەن، بەڵام ناتوانن ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە تا سەر سانسۆر بکەن و گەمارۆی بدەن. قسەکردن لەسەر ئەو لایەنە بۆ نووسینی تایبەتی هەڵدەگرین. وەک چۆن بە تایبەتی تریش قسەکردن لەسەر ڕێسا و یاسای ڕێکخستنی پەیوەندی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

لەگەڵ تۆڕە تەقلیدییەکانی میدیا بۆ شرۆڤەیەکی شێنەیی تر هەڵدەگرین.

لێرە تەنها ئاماژە بە لایەنێکی هەرە پۆزەتیڤی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەین، ئەویش دەرکەوتنی توانای تازەی بواری نووسین و ئەدەب و ڕۆژنامەنوسییە لەو تۆڕانەدا. دەرکەوتنی دەستەیەک شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەتوانا، کە لە سەرەتادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەکۆی دەرکەوتنی بەهرەیان بووە، پاشان لە سەکۆی میدیا تەقلیدیەکانیشەوە دەرکەوتن، دیاردەیەکی هەرە گەشی ئەم تۆڕانەیە. بگرە ئێستا توانای وا لەو تۆڕانە دەرکەوتون، تەنانەت ئامادە نین سەنگەری خەباتیان بگوازنەوە بۆ تۆڕە تەقلیدییەکانی ئێمەومانان کاری تێدا دەکەین، ئەمەش ڕەنگە بە هۆی:

- خودکەفاییەوە بێت، کە پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تێری جەماوەرێتی و دەرکەوتنی ئەوان دەکات و پێویستیان بە سەکۆی تر نییە.

- هەوڵی خۆجیاکردنەوە بێت لە نەوە، یان نەوەکانی، میدیای تەقلیدی، نەوەی فەیسبووک، کە ئێمە بۆ گاڵتەجاڕی ئەم ناوەیان لێ دەنێین، قەناعەتیان بە خۆیان هەیە، کە نەوەی فەسیبووکن و ئەمە بە ناسنامەی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە ڕەوتی ڕۆشنبیریی ئێمە دەزانن و بە عەیبەی نازانن لەو نەوەیە بن. بە پێچەوانەوە، دەخوازن ماڵی خۆیان لە ئێمە جیابکەنەوە و لەگەڵ ئێمە ئالودەی کۆنینەیی نەبن.

- جۆرێک بێت لە تۆڵەکردنەوە لە نەوەی تەقلیدیی میدیای

تەقلیدی، کە داوەرێکی مۆن و گرژین و حوکمەکانمان لە بواری پێدانی ناسنامەی نووسەرێتی و ناسنامەی ڕۆژنامەنووسی، حوکمی قورس و ناڕەواو ژەنگهەڵگرتووە.
ئەم نەوەیە، کە دەرکەوتوون و توانایان هەیە، پێش ئەوەی دەربەستی ئەوەبن خۆیان لە زۆرایەتی بەکاربەری تۆڕە میدیاکان جیا بکەنەوە، گەرەکیانە خۆیان لە کارەکتەرە دلڕەقەکانی ناو میدیای تەقلیدی جیا بکەنەوە، کە بووینەتە کاهینەکانی بەر پەرستگەی میدیای تەقلیدی و نوشتەی دووعاکردن و سەکی لێخۆشبوون بەسەر ئەم و ئەودا دابەش دەکەین.
ئەم نەوەیە شاعیری فەیسبووک و شرۆڤەکاری فەیسبووک و رۆژنامەوانی حازربەدەستی فەیسبووکیان تێدا هەڵکەوتووە، کە دوو نیشانەی کەموکوڕی ئێمەش دەردەخەن لە میدیای تەقلیدیدا:
– ئێمە نەمان توانیوە ئەو توانایانە بدۆزینەوە و بیانخەینە ناو ڕاڕەوەکانی میدیاکانمان و سود لە تواناکانیان وەربگرین، ئێمە داخراو بووین و هەستی پەیوەندی و چاوی تیژی دۆزینەوەی بەهرەمان کز بووە، یان هەر نەمان بووە و لە دەیەکانی پێشتردا دەیان بەهرەمان بە نەزانی، خۆگێلکردن، بێباکی کوشتووە و هەر بە گەنجی ناشتومانن. ئەمجا ئێستا ئەوەمان لەگەڵ نەوەی فەیسبووکدا پێ ناکرێت، چونکە فەیسبووک پاوانی ئێمە نییە و لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نییە.
– ئەوان نەیان توانیوە دیوارە بەرز و سەختە دژوارەکانی ئێمە تێپەڕێنن و بە بەهرەکانیان درز بخەنە ناو قەڵا تەقلیدییەکانی میدیای تەقلیدییەوە، بۆیە لە دەرەوەی قەڵای

میدیای حەریف لەو دەشت و دەرە هەواریان هەڵداوە. ئەگەر قەڵا و هەوار هەردووکیان ئاشت نەبنەوە، هەواری ئەوان دەبێتە قەڵا و لە جیاتی لەباوەشگرتن و تەواوکاری، دوو قەڵای دوژمن بەیەک خۆیان بۆ نەبەردی ئامادە دەکەن. دیارە قەڵای تازە و کەرەستەی جەنگی تازە هەمیشە براوەیە. بچن لە قەڵاکانی عوسمانلی و قاجاری بپرسن، کە چۆن لەبەردەم کەرەستەی جەنگی تازەی ڕۆژئاوادا بەزین.

باسی چوارەم:

# ئیرهاب لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

**یوتوب و CNN**

گرتە ڤیدیۆییەکەی داعش لەسەر فڕۆکەوانە ئوردنییەکە جارێکی تر ئەو گفتوگۆیەی زیندوو کردەوە، کە داخۆ بڵاوکردنەوەی دیمەنەکانی توندوتیژی و گرتەکانی وەک ڕیکلامێکی بەلاش وان بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، چ کەڵکێکی گشتی دەبێت؟.

هەموو هەواڵ و وێنە و دیمەنەکان جەدوای بڵاوکردنەوەیان لەوەوە وەردەگرن کە شمەکی زانیارین بۆ خزمەتی خەڵک و لە قەومانەکان ئاگاداریان دەکاتەوە. ئەم ئاگاداری و زانیارییانە گرنگن بۆ بڕیاری ڕۆژ و ناسینەوەی ڕاست و چەپی خۆیان، وەک هاووڵاتییەکی جیهانی، یان هاووڵاتییەکی هەر وڵاتێک، بەڵام کە گرتەی ڤیدیۆیی وا کات و ساتی دێت ئارەزووی فرۆشتنی هەواڵ و زانیاری سەرنجڕاکێش بەسەر پێوەرە مۆراڵییەکاندا زاڵ دەبێت و کەس بانگەوازی کەس ناخوێنێتەوە. تەنانەت CNN، کە گرتەکەی داعشی فەرامۆشکرد، نەیتوانی ئەم فەرامۆشییەی خۆی فەرامۆش بکات و ڕوونکردنەوەی لەسەر نەدات. ڕوونکردنەوەکەشی

شەرحی حاڵی ئاکارە مۆراڵییەکانی نەکرد، CNN نەیوت بۆیە بڵاومان نەکردەوە، چونکە ترسی داعش و هەڕەشەکانی بڵاودەکاتەوە، بەڵکو وتی شمەکەکە وەک پڕوپاگەندەیەک وابوو بۆ ڕێکخراوی داعش، یانی ئەگەر ڕێکخراوێکی ئاسایی دوور لە توندوتیژیو تیرۆر شتی وا بنێرێت لە CNN بڵاونابێتەوە، ئەگەر داعش بەرهەمی وای هەبێت کە خەسڵەتی ڕیکلام نەبێت شیاوی بڵاوکردنەوەیە، هەتا ئەگەر توندوتیژی نیشان بدات و ترس و بیم بخاتەوە!.

گرتەکەی داعش، کە منیش ناچار بووم بۆ نووسینی ئەم بابەتە تەماشای بکەم، بازدانێکی چۆنایەتییە لە دڵڕەقی و بێبەزەیی داعش. ئەمە چ دەرهێنەرێکی دڕندەیە بە شێوەیەکی فەنتازی گەلەکۆمەکی چەکدارانی خۆی لە دەوری دیلێک وەک پاوەرێکی سەربازی نمایش دەکات؟ دیلێک لەو ساتەوەختەی دەستگیر کراوە ئیرادەی ئینسانیی زەوت کراوەو لەگەڵ ئەوەشیدا هەموو وزەی بەرانبەرەکی لەدەستداوە، تا ئەو وزەی بەرانبەرەکییە ئەنگێزەی زۆرانبازییەکی چێژدار بێت بۆ بەرامبەرەکەی، تەنانەت ئەگەر ژمارەشیان لە دیلەکە زیاتر بێت. داعش دەخوازێت چ پەیامێک لەسەر ئازایەتیی خۆی بگەیەنێت، ئەگەر پەیامەکە ئازایەتی بێت؟ بەڵام پەیامەکە پەیامی ئازایەتیی داعش نییە، بە ئەندازەی ئەوەی پەیامی بێدەرەتانی هەر کەسێکە، کە چارەنووسی ڕەشی دەیخاتە تۆڕی داعشەوە. پەیامەکە بۆ بێئومێدکردنە لە ڕەوایی بەرەنگاری داعش، هەر لەبەر ئەوەش گەرەکە میدیای دەربەست، کە لە سادەترین دەرکەوتەکانیدا بۆ ژیان و بەردەوامیی ژیانە، بایکۆتی ئەم گرتە هیچوپوچانە بکات.

لە ڕاستیدا CNN تاکە کەناڵ نییە کە ئەم زەقیەی گرتەکەی داعش ناچاری کرد دەرگا بە ڕووی شمەکەکانی داعشدا دابخات. داعش بەم وێستگەیە لە تەکنیکی میدیایی، تەنها نایەوێت ترس و بیمەکەی بڵاو بکاتەوە، بەڵکو دەخوازێت بێ خەرجی ئەوتۆ ڕیکلامی بازرگانیش بۆ خۆی بکات و جیاوازی نێوان ئیجتهادە میدیاییەکان لەسەر چییەتی شمەکی زانیاری بقۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی و میدیایی.

هەموو لەبیرمانە کەناڵە حەریفەکانی وەکو CNN لە سەردەمی (١١)ی سێپتەمبەردا تا لێدوانێکی بن لادن، یان گرتەیەکی قاعیدەی بڵاودەکردەوە، ئەم ئەگەرەی بە سەد شرۆڤە و بەرپەرچدانەوەی ئەمەریکی دەورە دەدات، بە جۆرێک یەک دەقیقەی بن لادن بەرامبەر سەدان سەعاتی ئەمەریکایی بێت، کە نەفرەت لە وتە و گرتە و دەرکەوتنی قاعیدە دەکەن، ئەمەش لە کۆتا شرۆڤەدا مانای بەتاڵکردنەوەی سیحری پەیامی تیرۆریستان بوو، بەڵام پێدەچێت (١٤) ساڵ دوای ٢٠٠١/٩/١١ ئاوێکی زۆر لە ژێر چەمکە دەربەستەکان ڕژا بێت و درزی لە بەها میدیاییەکانی کەناڵە حەریفەکانیش دروست کردبێت، بە تایبەتی کێبڕکێ لەسەر گرتەی ڤیدیۆیی شێوە داعشی، کە گەلێک کەناڵی عەرەبی ئاست جیهانی خستۆتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، فەزای میدیای بەم جۆرە دابونەریتە داعشییە ئالۆودەکردبێت. سۆشیال میدیاش، کە هیچ بەربەستێکی بەهایی نییە فلتەری بکات، یان بەرهەمەکانی لە مەنگەنەی کوالیتی جۆری بدات، لە جیاتی ئەوەی جۆگەلەیەک بێت بۆ بەتاڵکردنەوەی وزەی شمەکی

خاوی گرتەی داعش، بۆتە موگناتیسی تیژکردنی کێبڕکێی بێپەروا. ئەمڕۆ سۆشیال میدیا ئەم ویستە بێپەروایەی دیتنی هەموو شتێک پڕ دەکاتەوەو ئەو هەنجەتەی لە دەست کەناڵە حەریفەکان دەرهێناوە، کە هەندێکجار دەیان وت، بۆیە گرتەی توندوتیژ بڵاودەکەینەوە، چونکە دوای هەڵسەنگاندنی قازانج و زیان لە هاوکێشەی توندوتیژی لەلایەک و پێویستی ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە قەومانەکان لەلایەکی ترەوە، شانی بڵاونەکردنەوە لار دەبێتەوە. جا ئێستاش، کە سۆشیال میدیا لە یوتوبو فەیسبووک و ئەوانی تر، ئەم شتانە بڵاودەکاتەوە و ئەم ئارەزووە دەشتەکییە تێر دەکات، چ پێویست دەکات حەریفەکانیش هەڵپەی بڵاوکردنەوەیان بێت؟ بەپێچەوانەوە جۆگەلەی بەتاڵکردنەوەی ویستە دەشتەکییەکانی عەوام دەبوایە دەرفەت بێت بۆ کەناڵە حەریفەکان، کە بێ ئەوەی تۆمەتبار بکرێن، بە شاردنەوە و نەخستنەڕووی شمەکە (خراپ، توندوتیژەکان)ی خەسڵەتی بەرهەمی میدیاییان هەیەو سەرەڕای خراپیان هەر چۆنێک بێت زانیارین بۆ وەرگر (خەڵک)، بێ ئەوەی ئەو تۆمەتەیان بخرێتە پاڵ، دەرفەت بێت خۆیان لە کەناڵەکانی سۆشیال میدیا جیا بکەنەوە، کە بەرهەمی خاوی بێ کوالیتی و کەرەستەی خاو بڵاودەکەنەوە.

بەڕای من، دوای چەردەیەک لە ئەزموونی میدیایی حەریفانەی وەک ئەزموونی CNN، دەبوایە دەرکەوتی سۆشیال میدیا بۆنەی ماڵجیایی حەریفەکان بوایە لە هەوار و دەوارەکانی عەوامیین و کەرەستە و بەرهەمیان خاوە و بێ فلتەری تەکنیکی تێپەڕ دەبن.

ئەم ماڵجیاییە کردەیەکی ڕەمزی دەبوو، کە نەی دەتوانی و ناتوانێت شالاوی شمەکە خراپەکانی ناو سۆشیال میدیا ڕابگرێت، بەڵام دەیتوانی وانەیەک بێت بۆ تەماشاڤانان و وەرگران و ئینجا هەموو پەخشکەرانی ئەم جۆرە ڕەوتە میللیگەراییە، کە شمەکی زانیاری و هەواڵیش، وەک هەر شمەکێکی بازاڕ، مەرجی تەکنیکی و پێوەری کوالیتی بەرزی هەیە.

داعش، جیاواز لە هەموو ڕێکخراو و دامەزراوە سیاسی و فەرهەنگی و گشتییەکانی پێشتر، دەرکەوتوون و هیچ توخمێکی دانوستان و سەودای نییە و هەر وەرگری دەسکەوتە، بێ هیچ ئیلتزامێکی بەرامبەر.

ئەرکی هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە، بە هی میدیایشەوە، لەخوتوخۆڕایی ڕەواجیان پێ نەدەن، کە ئەوان هیچ نرخێک لە پای ڕیکلامەکانیان نادەن.

## پەیام بۆ ژاپۆنییەکان!

گرتەیەکی ڤیدیۆیی داعش لەسەر دوو بارمتە ژاپۆنییەکە (هارونا یوتاوا و کینجی جۆتۆ)، زنجیرەیەک بیرەوەری و شریتی فیلمی ڕابردووی وەبیرهێنایەوە. دەرکەوت داعش خۆی فەنتازیایەکە هیچ فەنتازیایەکی دی پێی ناگات، تەنانەت فەنتازیای حەریفەکانی سینەماش.

ساڵی ٢٠٠٥ زنجیرەیەک تەقینەوەی تیرۆریستی، ئوتێلەکانی عەمانی پایتەختی ئوردنی هەژاند، کە دیاریی سەرکردەی قاعیدە لە عیراق موسعەب زەرقاوی بوو بۆ وڵاتەکەی خۆی. یەکێک لەو تەقینەوانە بەر دەرهێنەری بە

ئەسڵ سوری مستەفا عەقاد و ڕیمای کچی کەوت. مستەفا عەقاد بۆ ئەوانەی حەزیان لە سینەمایە ناوێکی دیارە، عەقاد لە ساڵی ١٩٧٧ فیلمی ریسالە-پەیام ی دەرهێنا، کە کۆششێکی سینەمایی بوو بۆ بۆ ناساندنی ئایینی ئیسلام و پەیامی ئاشتیخوازی پێغەمبەر(د.خ) بە دنیای ئەورووپا و ڕۆژئاوا. بۆ ئەو مەبەستە چەند ئەکتەرێکی ناوداریشی لە فیلمەکەدا خستە گەڕ، یەکێکیان ئەنتۆنی کوێن بوو، کە لە چاپە ئینگلیزییەکەدا ڕۆڵی حەمزەی مامی پێغەمبەری وازی کرد.

فیلمە جیهانییەکەی عەقاد هاندەری ئەنتۆنی کوێن بوو، تا لە فیلمی شێری بیابان-ی عومەر موختاردا خۆی و چەند ئەکتەرێکی جیهانیی تریش، هەمان ئەزموون لەگەڵ عەقاد دووبارە بکەنەوە.

ئۆباڵ وەئەستۆی ڕەخنەگرانی سینەما، فیلمی سەرکەوتووی (رسالە) تەنها دوو تێبینی لەسەر هەبوو، یەکیان دیمەنی شەڕو شۆڕی زۆر تێدا بوو، لە کاتێکدا ویستی فیلمسازەکانی وابوو دیوی ئاشتیخوازانەی پەیامی ئیسلام نیشان بدەن. تێبینی دووەم بە قازانجی عەقاد بوو، کە بێ ئەوەی گرتەیەکی پاڵەوانی سەرەکی، پێغەمبەری موسڵمانان دەربخات، توانی پەیامی ئایینەکەی لە ڕێی سینەماشەوە بناسێنێت. بەمەش توانایەکی بەرزی دەرهێنانی نواند. پاداشتی عەقاد ئەوە بوو، پاش ٢٧ ساڵ خۆی و کچەکەی لەلایەن ئەوانەوە کوژران، کە ئیدیعای پەیامی پێغەمبەر دەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش تیرۆر ئامرازی سەرەکیانە لە گەیاندنی پەیامێکی شێواو. ئەوەی عەقاد ویستی وەک

مەسجێک لەسەر بەهاکانی ئیسلام بە ڕۆژئاوای بڵێت، قاعیدەی بن لادن لە (١١)ی سێپتەمبەر و قاعیدەی زەرقاوی لە زنجیرە تەقینەوەکانی عەممان و عیراقدا شێواندیان.

تاوانباری سەرەکیی تەقینەوەکانی عەممان کابرایەکی عیراقی بوو بە ناوی "عەلی شمەری"، کە لە تەقینەوەکەدا سەری تێداچوو، ژنەکەشی (ساجیدە ریشاوی) دەستگیرکرا، چونکە فریای خۆتەقاندنەوە نەکەوت. ئوردن ساجیدەی خستە بەر ئەمری سێدارە، بەڵام لە چانسی ئەو یاسا گۆڕاو وا نزیکەی دە ساڵە لە زیندانە، ئێستاکە جارێکی تر یاسای لەسێدارەدان کاری پێ دەکرێتەوە. بۆیە داعش داوا دەکات ساجیدە ئازاد بکرێت، تا ئەویش دووەم بارمتەی ژاپۆنی ئازاد بکات. لەوە دەچێت خەلیفەی داعش سوکە پەیوەندییەکی لەگەڵ ماڵی ساجیدەدا هەبێت و بەم شێوەیە بیەوێت دڵی قاعیدەکانی عیراق بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. میدیاکان دەڵێن، ڕەنگە ئوردنیش داوای فڕۆکەوانە دیلەکەی خۆی لای داعش، مەعاز ئەلکەساسبە، بکاتەوە.

ئینجا با حیکایەتەکە کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی وەک فیلمسازەکان ئێژن "تاڵە دەزووی دراماکەمان"، لەدەست دەرنەچێت.

سەرۆکی داعشی سوری و عیراقی (ئەبوبەکر بەغدادی) داوای ئازادکردنی ژنێکی عیراقی دەکات (ساجیدە ریشاوی)، کە لە ئوردن چاوەڕێی پەتی سێدارەیە. ئەم ژنە خۆی و مێردە عیراقییەکەی (عەلی شمەری) بە ڕاسپاردەی ئوردنییەک (زەرقاوی) خۆکوژی سەرەکی تەقینەوەکانی ئوردنن، کە دەرهێنەرێکی سوری و کچەکەی (مستەفا عەقاد

و ریمای کچی) و چەندین کەسی تریان کردە نێچیر. ئێستا بارمتەیەکی ژاپۆنی (کینجی جۆتۆ)، دەسکەلای داعشە بۆ ئازادکردنی ژنی بەجێماوی تەقینەوەکان.
باشە ژاپۆنییەکان، چەند ژیر و زرنگ بن، چی لەم پەیامە تێدەگەن، کە کورتە فیلمەکەی داعش پشتی فیلمی "پەیام"ی عەقادی شکاند؟

**سەیری مەکە، لایکی مەکە، شێری مەکە...**

خوێنەری بەڕێز و هاووڵاتیی کوردستان، دەتەوێت بەشدارییەکی ئاسان، بەڵام کاریگەر، بکەیت لە خەباتی نەتەوەکەمان لە دژی تیرۆری داعش؟، هەرچی وێنەیەکی داعش، هەرچی گرتەیەکی یوتوبی داعشیت بینی بۆ فزوڵیش سەیری مەکە، لایکی مەکە و شێری مەکە، تەنانەت ئەگەر مەبەستت لێی نیشاندانی دڕندەیی داعش و ئاگادارکردنەوەی خەڵک و هاوڕێکانیشت بوو. سەدان پێشمەرگە و فەرماندە، قارەمانی شاخ، زیندان و سەنگەری بەرەنگاری، بە خوێن و فرمێسک، خەباتیان کردووە، ئەمڕۆ بە بایکۆتکردنی شمەکی ڤیدیۆیی داعش و تیرۆریستەکانی، تۆش، ئێوەش و ئێمەش دەتوانین کاریگەرترین خەبات بکەین، کە بۆ کەسمان هیچی تێناچێت، تەنها ئەوە نەبێت ڕووی خۆمان لە تەبلیغاتی داعش و نۆکەرەکانی وەرگێڕین، سەیری تیرۆرەکەیان نەکەین، لایکی بێشەرەفیەکانیان نەکەین و شێری دڕندەیی و خوێنڕێژییان نەکەین.
تەنانەت بۆ زانیاری و ئاگاداری و ناسینی دوژمنیش ئێمە پێویستمان بەوان نییە، ئەوە کاری دەزگا تایبەتەکانی

کوردستانە، کە ئەرکیان چاودێریی وردەکاری کار و کردەوەی تیرۆریستانە، بۆ ئەوەی ستراتیژی بەرامبەری بۆ دابنێن، ئەوە کاری حەریفی دامەزراوە نیشتمانییەکانی ئاسایشە، کە پسپۆڕی دڵقایمی خۆیانیان هەیە، بۆ ئێمە هەر ئەوە بەسە کە بزانین، داعش مادام دژی کورد و کوردستانە، کەوابێت دوژمنە، مادام دژی ئاشتی و ئازادی وڵاتەکەمانە، کەواتە دڕندە و شەڕانگێز و تیرۆریستە.

تاقە ئەرکی ئێمە، وەکو هاووڵاتی، خەباتی بایکۆتکردنی تەبلیغاتی داعشە، کە ستراتیژەکەی بڵاوکردنەوەی دڕندەییو ترس و تۆقاندنە، بە سەیرکردن و لایک و شێرکردنی گرتەکانیان، بە خۆمان نەزانیوە بەشدار دەبین لە یارمەتیدانی ستراتیژەکەیان، بەشدار دەبین لە گواستنەوەی ترس و تۆقاندنەکەیان، بێ ئەوەی خۆیان هیچ زەحمەتییەک بکێشن. با لە جێی ئەوە بایکۆتیان بکەین، تا لەداخا بتەقن و شکست بەستراتیژەکەیان بهێنین.

لە ماڵی خۆتەوە، لەبەردەم لاپتۆپەکەی خۆت و بە مۆبایلەکەی دەستت سەنگەرێکی خەبات ئاوەدان بکەرەوە، لە جیاتی ئەوەی سەنگەرێکیان بۆ چۆڵ بکەیت. تۆ و ئێمە و هەموومان لەدەستمان دێت پێشمەرگەی تێکشکاندنی ستراتیژی تەبلیغاتی داعش بین، کە ناوی ئیدارەی تەوەحوشیان لێ ناوە. چۆن پێشمەرگە لەبەرەی شەڕدا دەستبەرداری خۆشیی ژیان بووەو بە سەبری شۆڕشگێڕییەوە سەنگەری قایم دەکات، با ئێمەش سەبری شۆڕشگێڕیمان هەبێت و خۆڕاگڕ بین لەبەردەم فزوڵی سەیرکردن و ئارەزووی گواستنەوەی زانیاری بێمانای

داعشەکان. ئەوان سوکن، ئێ بۆچی ئێمە گرانیان بکەین؟ ئەوان نامەردن، دوای ئەوەی لە کۆڕی نەبەردیدا شکستیان خواردووە، لەبەردەم دیل و دەستبەسەری جەنگدا باڵ فش دەکەنەوە و خۆیان دەنوێنن.

هەموو دونیا دەزانێت، دیل هەرکەسێک بێت، کە ئیرادەی دیلکرا، ئیتر قسە و گوتە و هەڵوێستیشی دیل دەکرێت. نیشاندانی دیل بە دیلی و هێنانە قسەی ئازایەتی نییە بۆ هەر هێزێک بخوازێت شەڕ بۆ ئامانجێک بکات، با تەنانەت ئەو ئامانجە ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی و دواکەوتوویی بێت.

لەمێژوودا هێز هەبوون ئەم ڕەفتارانەیان کردووە، کە داعش بەرامبەر بە دیلی دەکات، بەڵام ئەم ڕەفتارانە یەک تۆزقاڵ چارەنووسی جەنگەکانیان نەگۆڕیوە.

ڕژێمی سەدام، پێش کەوتنی بە هەفتەیەک، بە زۆر زانایان و مەرجەعەکانی شیعەی دەهێنایە قسە، کە هەموو دنیا دەیزانی دیلکراون، کە سەدام کەوت ئێستا هەموو وتەیەکی زانا و مەرجەعەکان فەتوایەکە و لە سەدا پەنجای عیراقییە شیعەکان لەسەر سەریان دای دەنێن.

چەتەکانی ڕەزا شا سەری سمکۆی شکاکیان بەدەستەوە گرت، کەچی کە خەڵک ڕاپەڕی، ڕەزا شا بەغدا نیوەی ڕێی بوو، کە خەڵکی ئێرانیش بۆ دووەم جار ڕاپەڕین، محەمەد ڕەزای کوڕیشی جێی بە خۆی نەگرت و تەختوتاراجی شاهەنشاهی تێکشکا.

داعشیش هەروای لێ دێت، خۆی و دەوڵەتۆکە داڕزیوەکەی لە تەختی شاهەنشاهی قایمتر نابێت، لە باسکی سەربازیی بەعسی سەدام پتەوتر نابێت و مەسەلەکە ڕۆژ و دوو

ڕۆژێکە. جا ئەوەی وا دەکات ئەو ڕۆژە زووتر بێت، دوو شتە:

١- خەباتی سەختی پێشمەرگە لە کۆڕی نەبەردیدا.

٢- خەباتی ئاسانی ئێمە لە بایکۆتکردنی پەیجەکانی داعش، لە تەوەلا بوونمان لە هەموو سایت و سەکۆ ڕەفتار داعشییەکان.

هەر قۆناغە و دروشمێکی گەرەکە بۆ خەباتی میللی، با دروشمی ئەم قۆناغەمان وابێت: (سەیری ناکەم، لایکی ناکەم، شێری ناکەم)، هەموو ئەوانە لە هاوڕێیەتی فەیسبوک و تویتەر دەر بکەین، کە بە هەر بیانوویەک بێت ڕەواج بۆ دڕندەیی داعش دەکەن.

باسی پێنجەم:

# مۆدێلی سۆڤیێتی و هیوا بۆ ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی

دیاردەیەکی نویێ لە میدیای کلاسیکی عیراقی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سۆشیال میدیا دەبینرێت. دیاردەی بڵاوکردنەوەی وێنە و گرتەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ژیانی زانکۆیی و خوێندنی کۆمەڵی عیراقییە لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا. وێنەکان ئەندازەی عەلمانیبوون، مۆدێرن بوون و کرانەوەی کۆمەڵی عیراقی دەردەخەن لەو زەمەنە بەسەرچووەی عیراقدا. وێنەکان ئاماژەیە بۆ ئەوەی، عیراقی ئێستا چەند دژوار و نالەبار و ناپەسەندە، کە کچان و ژنانی عیراقی سەرپۆش لەسەر و جبە لەبەرن. عیراقی ئەمڕۆ، کە ئیسلامییەکان، بە تایبەتی ئیسلامیی شیعیی زاڵ، کۆنترۆڵی ژیان و بزاوتی کۆمەڵایەتی کردووە. ئەم وێنانە نۆستالیجیایە بۆ جاران، کە گوایە قژی کچان سەربەست و قاچ و قۆڵیشیان لە ئازادیی باڵاپۆش و خوداپۆش بەرهەڵدا بوو، بەڵام ڕاستیێکەی نۆستالیژای دوێنێ و دیمەنە ناخۆش و دژوارەکانی عیراقی ئەمڕۆ لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئەندازەی دادپەروەری لەگەڵ ژنان و کچاندا نوێنەرایەتی

هەموو چیرۆکەکە ناکەن. بێگومان دیمەنی سەربەستی و ئازادیی جلپۆشین و ئەوی لە عیراقی نازم غەزالیدا پێیان دەگوت (عەلمۆدە) دیمەنە جوان و راست و دروستەکەیە و هی دووەمیان دیمەنی عەباو پەچەو مۆدێلی ئەمڕۆی سەرپۆشی خەلیجی و ئێرانی و تورکی دیمەنە ناجۆرەکەیە و پێش ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر دیاردەی کۆمەڵایەتی هەمیشە گۆڕاو و جوڵاو بەڵگەیە لەسەر هەژموون‌و خۆسەپاندنی سیاسی لە پەناکەشی ئایینی هەمیشە ئامادە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا.

دیمەنی یەکەم، کە هی سەربەستیی جلپۆشینە، بەڵگەیە لەسەر کرانەوەی ڕاستەقینەی کۆمەڵی عیراقی و هەر کۆمەڵێک کە لە سەدەی بیستەمدا ڕووی لە پێشکەوتن و کرانەوە بوو، بەڵام هەر ئەو زەمانەش سیاسەتی دیکتاتۆری شۆڤێنی تایفەگەر و حوکمی ئەفسەرانی کودەتاچی و ناسیونالیستی عەرەبی لە عیراق تەنوری دواکەوتن و داڕوخانی بۆ عیراقییەکان داخستبوو. دیمەنی کچان و ژنانی ئازاد دیمەنی کۆششی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆبەخۆی کۆمەڵی عیراقییە و هیچ فەزل و جوامێرییەکی دەسەڵاتی سیاسیی تێدا نییە، تەنانەت لە سەردەمی بانگەشەی درۆزنانەی بەعس بۆ خۆپیشاندان وەکو عەلمانی و سۆشیالیست دیمەنی عەلمۆدەیی هەموو شتێک نەبوو، کچان و ژنانی عیراقی ئازاد بوون لە جلپۆشین، بەڵام ئازادیی عەقڵ و ئازادیی هەڵبژاردنیان سەغڵەت و بەرتەسک کرابوو. سەددام لە مۆدێلی کاسترۆوە ڕووی لە عەبدوڵڵای باوەڕمەند (عبدالله المؤمن) کرد، برا و مێرد و باوکی کچانی عەلمۆدەی لە

شەڕەکانی شۆڤێنی و داگیرکاریدا بزر کرد. عیراقی لە پاشەکشێی سیاسییەوە بۆ پاشەکشێی کۆمەڵایەتیش برد و لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی ئۆپەزسیۆندا ئەرکی هاڕینی ژنانی عیراق و کۆمەڵی کراوەی عیراقیان جێبەجێ کرد.

دیمەنی وێنەی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان تەنها چیرۆکی جوانی کچانی ئازاد و ژنانی عەلمۆدە ناگێڕێتەوە، بەڵکو ڕەوتەکە دەری دەخات وێنەی شێوە مۆدێلی پروپاگەندەی سۆڤێتی لەبارەی (ژیانی نموونەییەوە)، کە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ ئەمما بێڕەنگ، پێکەنین و زەردەخەنە ئەمما زەردەخەنەی تاڵی بێ گیان، سەرەتایە بۆ وێنە ڕەنگاوڕەنگە بە عەبا و پەچەی ڕەش داپۆشراوەکە!

لەوانەیە وێنە ڕەش و داپۆشراوەکەی ئەمڕۆش هیوایەکی لە خۆیدا هەڵگرتبێت، کە ئیتر ژنان و کچانی عیراق درک بەوە بکەن، ئیسلامی سیاسی و بەعسی (عەلمانیەتی سەربازی) دوو دیوی یەک دراون و لەم گرتەیەوە هەڵوەستە بکەن، داخۆ چۆن دیمەنی ئازادیی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە دیمەنی ئازادیی سیاسیی بکەن و ئەم کێماسییە لە دیمەنی ژیانی عیراقییەکان چارەسەر بکەن.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ١٨-٢٠١٦/١١/١٩

## باسی شەشەم:

# میدیای عیراقی ئەم شەڕەی دۆڕاند

سوپای عیراق و حەشد و هێزە ئەمنییەکانی تر شەڕی فەللوجەیان بردەوە، بەڵام شەڕە هەستیار و گەورەکەی میدیایان دۆڕاند. دیسانەوە میدیای گرێدراوی فەزای وڵاتانی کەنداو و فەزای داعش، سوننەی عەرەب میدیای عیراقیان شکست پێ هێنا و بە ڕەسمی و ناڕەسمی تێکیان شکاند.

جەوهەری ئەم تێکشکانە، پەیوەندی بە گۆشەنیگای مامەڵەی میدیای عیراقیەوە هەیە لەگەڵ دۆسێکانی وڵاتدا. گۆشەنیگای مەزهەبی و مەیلی شۆڤێنی لە بەرخوردکردنی ڕۆژانەیان لەگەڵ هەواڵ و زانیارییەکان و ملکەچپێکردنی پێدراوە هەواڵییەکانە بۆ ویستی سیاسیی ئەم تایفە و ئەویتریان.

ڕاستە میدیای ڕەسمیی وڵات: تۆڕی میدیای عیراقی، شانەی میدیای دەنگی و ڕۆژنامە و کەناڵی حزبە دەسەڵاتدارەکان توانایەکی زەبەلاحی دارایی و تۆڕێکی فراوانی پەیامنێرانیان هەیە و لە چاو میدیا ڕەسمییەکانی بۆ نموونە کوردستاندا دەستکراوەترن، چونکە تەنها یەک حزب کۆنترۆڵیان ناکات، بەڵام لەوەش ڕاستتر ئەوەیە، کە

فەزای میدیایی لە بەغداو شوێنەکانی تری عیراق ئالودە بووە بە تاکڕوانینی و بە بوغراییەکی گەورە لە هەمبەر دۆسیێکانی کورد و سوننەدا. جاریٚ میدیای عیراقی، بە ڕەسمی و ناڕەسمییەوە لەگەڵ کوردو دۆسیێکانیدا وا تێکیان داوە، کە هیچ دیدیگایەکی کوردیان پیٚ ڕاست نییە و هیچ شرۆڤ و پێدراوێکی کوردستانیان پیٚ قووت نادریٚ و لە ڕێگەوە بەرپەرچی دەدەنەوە. لە دۆسیێی کوردستانیدا نە میدیای ڕەسمی بەغدا بەرپرسیارێتی نیشتمانیی خۆی لەگەڵ سیاسەتی کوردستانی جێبەجیٚ دەکات، بەوەی سیاسەتی کوردی، سەرەڕای ناکۆکیەکانی لەگەڵ بەغدا، هێشتاش بەشێکە لە بزاوتی سیاسی لەنێو هێزە سیاسییەکانی عیراقی دوای سەدام دا، هەروەها میدیای ناڕەسمیش وەک ڕۆژنامە و کەناڵە ناڕەسمییەکان و هی حزبە ناڕازییەکان، ئەوانیش نەیان توانیووە، یان نەیان خواستووە بەرخوردێکی جیاواز بکەن لەگەڵ دۆسێی کوردیدا. بە پێچەوانەوە، هەندێک جار دەستکراوەیی و ناپابەندێتی خۆیان وا بەکارهێناوە، ئەو قسانە بە کورد بڵێن کە میدیای ڕەسمی، لەبەر کاردانەوەی کورد، نەیتوانیووە بیان ڵێت. دیارە ئەم دیاردەی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیٚ سیاسییەکاندا لە حاڵەتی دۆسێی ناوچە سونییەکاندا خراپترە، لەبەرئەوەی فەزای سیاسیی عیراق و فەزای میدیاکەی جەمسەرگیری مەزهەبی بەرسدا زاڵە و جەمسەرگیری مەزهەبیش لەم کاتەدا ئەولەویەتە لە عیراق، بیٚ ئەوەی ئەمە مانای ئەوە بگەیەنێت کە جەمسەرگیرییە دێرینەکەی دیدگای شۆڤێنی بەرامبەر بە کورد پاشەکشێی کردووە، بەڵکو دەکریٚ بڵێین بە شێوەکی

کاتی مات و مت بووە، تا جارێکیتر سەرهەڵدەداتەوە، بە تایبەتی ئێستا کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا بە جارێک تەوەللا بووە و لە هیچ پنتێکدا گۆڕانکاری بەخۆیەوە نەبینیوە، بەرەو چارەسەرکردن.

لەم ژینگەیەدا میدیای عیراقی شەڕەکەی فەللوجەی دۆراند لە بەرامبەر هەڵمەتی میدیای عەرەبی و لە بەردەم دیدگای شک و گومانی پێکهاتەی سوننەدا. دیسانەوە کردار و گرتەو لێدوانی ناپرۆفیشناڵانە دڵی پێکهاتەی سوننەی کرمێ کردووەو میدیای خاوەن خەرجی زۆری عیراقیش ئەوەندەی مژوڵی فیستیڤاڵی سەرکەوتنە سەربازییەکەی فەللوجەیە، هیچ باکی بە وردەکاری جەنگە میدیاییەکە نییە. ئەم دۆخەش قەت یارمەتی هەڵوەستەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەدای میدیای عیراقی نادات، تا لە جەولەیەکی تری بەرەنگاری میدیایی و سیاسیی داعشدا کەڵکی لێ وەربگرن.

لە جەنگی میدیایی فەللوجەدا، میدیای عەرەبی زۆرینە سوننەدا توانی شەڕی فەللوجە وا وێنا بکات، کە دیسانەوە کوشتنێکی بێ رەحمانەی سوننەیە و توانی لەم ڕەمەزانەدا لەگەڵ جەمسەرگیرییە مەزهەبییەکەی هیلالی شیعی و مانگی یەک شەوەی سوننەدا تێکەڵی بکاتەوە. تا ئەو ڕادەیەی پەرێزی تیرۆری داعش پاک بکاتەوە و شانی لە هەموو تاوانکارییەکی وەک شەنگال و سپایکەر و زنجیرە کردەوە تیرۆریستییەکانی لە تورکیا و فەڕەنسا و ئەمەریکا قەومان خاڵی بکاتەوە. ئەم میدیایە حیکایەتی مەزلومیەتی سوننە و مەزلومیەتی شیعەی تێکەڵ بە دۆسێ تێکچرژاوەکەی داعش کردەوە. بە جۆرێک توانی لەناو ژینگەی سوننەدا سەرلەنوێ

ناسنامەی داعش وا بەرهەم بهێنێتەوە، کە پەرچەکرداری مامەڵەی حکومەتی شیعەی عیراقە تا ئەوەی ئەجیندایەکی تیرۆرکاری بێت لە ئاستی دونیای پۆست قاعیدەدا.

ئەم شکستە میدیاییە ڕەچەتەیە بۆ بەریەککەوتنێکی دیکە لە فەلووجە و شوێنە سوننییەکانی تر، بەمەش ناکۆکییە تیژەکەی سوننە و شیعە لە عیراقدا دەمەزەرد دەکاتەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ١٧ -٢٠١٦/٦/١٨

**باسی حەوتەم:**

# فلاش... دیاردە میدیاییە تازەکان

## قەیرانی میدیایی

دۆخی شلەژاوی میدیاکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە ئەهلی و حزبی و سێبەر و رەسمییەوە، دیوێکی تەنگژەی دارایی و ئیداریی هەرێم پێکدێنێت، ڕاستە میدیا بەشێک نیە لە حکومەت بەڵام تەنگژە وەکو کاری لە بازاڕ کرد کاریش لە میدیا دەکات کە وزە و توانا لە جموجوڵی بازاڕ و ریکلام و لە چالاکی ئابوورییەوە وەردەگرێت. زۆر لە کەناڵەکانی میدیا روویان لە داخران و داخستن و بچووکبونەوەیە، ئەمە بەشێکی میدیاکانی حزبەکانیشی گرتۆتەوە. لە هەمان کاتدا دیاردەی کەوتنەگەڕی کەناڵ و نێوەندی تازەی میدیا دەبینین. ئایا ئەمە بەڵگەی کەوتنی دارایی یان کەوتنی سیاسەتی میدیایی کەناڵە دواکەوتووەکانە؟ ئایا کردنەوەی کەناڵی تازە بەڵگەی تواناداری سیاسیی و میدیا تازەکانە؟ یان بەڵگەی ئیدارەی باش و توانای دارایی باشی سپۆنسەرەکانن کە لەم هەلومەرجەدا لە خۆیان ڕا دەبینن کەناڵ و نێوەندی سەربار بکەنەوە؟

ئایا هاتنە کایەی هەلومەرجی سیاسیی نوێ لەم دەورانی

تەنگژەی دارایی و سیاسییەدا نیشانەی سواوبوونی ئەو تەرزە میدیاییەیە، کە تا ئێستا باو بووە و دەرکەوتنی دۆخی سیاسیی نویٚ پێویستی بە تەرزێکی تازەی نێوەندی میدیایی هەیە؟

ئەم دۆخە شایانی لێوردبوونەوە و شایستەی ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان و نێوەندەکانی، کە ڕەوشی میدیا دیدەوانی دەکەن، گفتوگۆی لەسەر بکەن. بە تایبەتی ئێمە ڕوومان لە بیرەوەری سالأنەی یادی ڕۆژنامەگەرییە، کە یادی ئەمسالّمان دەکاتە یادی ڕێرەوێکی ١٧ سالّە و کەچی هێشتا ڕەوتێکی سەقامگیری میدیاییمان نییە.

## تورەکەی کورد چی تێدایە

مێژووی ڕۆژنامەوانیی عەرەبی پێمان ئێژیٚ، ڕۆژنامەیەکی سیخۆرمە ئاسا هەبووە، کە ناوی(جراب الكردی)، یانی تورەکەی کوردی، بووە. گوایە ئەم غەزەتەیە هەمەڕەنگ بووە و هەموو شتێکی تێدا بووە، وەک تورەکەی کابرای کورد لە چیرۆکی هەزار و یەک شەوەدا. جا لەو هەزار و یەک شەوەیەدا کورد یەک چیرۆکی چنگ کەوتووە، کە باس لە خاوەن تورەکەیەک دەکات هەموو شتێکی پیٚ بووە بۆ فرۆشتن. وەک ئەوەی ئەمرۆ پێی دەڵێن لە دەرزییەوە بۆ موشەک.

غەزەتەی دێرین نەما و داخرا، ئەمما لەوە دەچێت خەسڵەتەکەی گوازرابێتەوە بۆ شێوەی ئیشکردنی میدیای کوردی. میدیای ئەمرۆمان هەموو شتێکی تێدایە و لەسەر هەموو شتێک دەدویٚ. لە دەرزییەوە بۆ موشەک و لە

سمتی کیم کارداشیانەوە، تا موشەکی نەوەکانی کیم ئیل سۆنگ. خاوەنەکانی، نووسەرەکانی و تەنانەت کۆمێنت نووسەکانیشی شرۆڤەی هەموو قەومانێک دەکەن. تەنها قەومانی قوڕاوی کرمانج خۆی نەبێت.

هەفتەی ڕابردوو بەریتانییەکان لێیان تێکچوو ڕاپرسییەکیان کرد لەسەر پرسی مانەوە و نەمانەوە لە یەکێتیی ئەورووپا. ئیتر هەر ئەوانەی شرۆڤەی گۆڵەکانی میسی و سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێم دەکەن، هەر ئەوان کەوتنە شرۆڤەی بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا.

ئەوان لە شرۆڤەکارەکانی بەریتانیا سەغڵەتتر بوون، وەڵڵا ئەمە لە قتووی هیچ عەتارێکدا نییە، هەر لە تورەکەی کورد و هەگپەی میدیاکەیایەتی.

ئاخر ماقوڵە کورد، کە قوربانی دەستی سیاسەتی ئینگلیزە، ئەمرۆ سیاسەتی ئینگلیز لەناو خۆیاندا شرۆڤە دەکات و لە جێی ساحیب سیاسەت دەکات؟

## ئاغاییف پۆلیسمان پێ دەناسێنێ!

هونەرمەندی ئازەربایجانی "گوندوز ئاغاییف"، خاوەنی خەت و نیگاری تایبەتی خۆیەتی لە کاریکاتێردا. هێڵی بابەتەکانی ئینساندۆستی و پایەدارکردنی ئازادی و دیموکراسیە، ئەم هونەرمەندێکی ئازەرییە لە کێشەکانی وڵاتی خۆی و جیهانیشە لە پرسە جیهانییەکاندا. دەستوقەڵەمی ئاغاییف بە باوەڕەوە نیگاری پێکەنیناوی دەکێشێ و بابەتەکانیشی ئینتەرناسیونالیسیە. هەرچەندە ڕوسیا و سیاسەتەکانی وەک براگەورەی جارانی ئازەربایجان باندۆری خستۆتە

سەر کارەکانی، بەتایبەتی سەرۆک پۆتین لە چەند گرتەیەکی کاریکاتێریدا وەک باوکێکی سۆڤیێتی دەبێتە جێگەی توانجی ئاغاییف، بەڵام هونەرمەند ئەم کارەشی بە وەستاییەوە دەکات. ئاغاییف رۆژانە کاریکاتێرێکی هەیە لە ڕۆژنامە و سایتی "میدیا"، جگە لەوەش لە تاقیکردنەوەشدا زنجیرە بابەتی کاریکاتێری هەیە، کە یەکێکیان خەیاڵدانێتی لەسەر ڕەوشی پۆلیس لە چەند وڵاتێکدا. ئەمە دراماکەی ئەوە لەسەر پۆلیس.

ئاغاییف ناسراوە و بۆنەی ناساندنیشی لەم ڕۆژنامەیەدا بە خوێنەرانی کورد، وەک سڵاوێکە بۆ ئەو هونەرمەندە، کە بەرگی جلوبەرگی زارۆکی خنکاوی کورد، ئالانی کوردی کردۆتە تابلۆی ئاڵایەک و وەک ئاڵایەک بۆ منداڵانی جیهان پەسەندی دەکات.

**مەیمون خۆی....**

مەیموون لای مرڤ ئەفرۆزە کراوە، یەکەم لەبەر ئەوەی مەیموونە کەچی لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە و لە ناخەوە لە شکۆی بەتاڵ و بۆشی مرۆڤەکان دەدات. دووەم لەبەر هۆکارێکی مێژوویی، کە لێکۆڵینەوەکەی چارلز داریون ١٨٠٩–١٨٨٢ بنەچەی ئێمە دەگێڕێتەوە بۆ مەیموون. شتێک کە ئێمە خۆمانی لێ نەبان دەکەین، نەوەک ڕاست بێت.

ئەمە لە واقیعدا وایە. لە دونیای کاریکاتێردا واقیعێک دەبینین تووشی شۆکمان دەکات، وەک ئەوەی کاریکاتێرەکەی هونەرمەندی ئازەری "ئاغاییف" نمایشی کردووە، کە مەیموون بە زانای ناوبراو دەڵێت توخوا ئەم مرۆڤانەی

جەنگ و دڕندەییان لێ دەبارێت نەوەی منن؟!

پەندی کوردی دەڵێ مەیمون خۆی لە خۆیدا نەبوو ئاوڵەشی دەردا. مرۆڤ بە باپیرەیی مەیموون ڕازی نەبوو، دەرکەوت مەیمون بە ئێمە ڕازی نییە!

## حاڵەتەکانی سێلْڤی

سێلْڤی وێنەی شەخسی مرۆڤەکانە لەو کاتانەی دەخوازن ساتەوەختەکانی ژیانیان تۆمار بکەن و هەم خۆیان نێچیرو هەر خۆیشیان نێچیرڤانی ڕووداوەکە بن. تا ئەو کاتەی نێوەندەکانی میدیا و ئەکادیمییەکانی توێژینەوە لەسەر ئەم دیاردە، تازە کۆمەڵایەتییە - میدیاییە، ڕامان و ڤەکۆڵین دەکەن، خراپ نییە حاڵەتە جیاجیاکانی سێلْڤی نیشان بدەین. ئەوە چەند حاڵەتێکی سێلْڤییە لەنێوان واقیع و کاریکاتێر و خەیاڵدانێکی فلاشباک، کە ئەگەر جاران سێلْڤی هەبوایە.

***ئەم باسی حەوتەمە،... کۆمەڵە فلاشێکن لە ماوەی جیاجیا لە کوردستانی نوێ بڵاوبونەتەوە**

## باسی هەشتەم:


# پەخشی ڕاستەوخۆ ڕەنجی بەفیڕۆدان

وێنەیەکی دێرین برینی بیرەوەری و دیاردەی جارانی میدیایی دەبوژێنێتەوە. دیاردەی ئەوەی ڕادیۆکانی سەرەتاو دێرین دەیان بەرهەمیان لە پەخشی ڕاستەوخۆدا پێشکەشکردو کاتی خۆی دەرفەتی پاراستنی و ئەرشیفکردنی ئەو بەرهەمە ناوازانەیان نەبوو. هەتا ئامێری گەیاندن و تقەنیاتەکانی ڕاگەیاندنی ڕادیۆیی گەشەیان کرد، بە جۆرێک بتوانن بەرهەم و داهێنراوەکان تۆمار بکەن و سبەی و لە ئایندەدا بەکاری بێنن.


لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا و ڕادیۆی یەریڤان لە ئەرمینیای سەردەمی یەکێتیی سۆڤێتەوە خاوەنی سەدان بەرهەمی دانسقە دەبووین، ئەگەر پارێزرابان و نەهەنگی پەخشی ڕاستەوخۆ کۆششەکانیانی تەخشان و پەخشان نەکردبایە. دوو وێنەی سەرەوە گرتەیەکی جوان و زیندووی هونەرمەندانی میللی کوردی سۆڤێتن، کە میوانی بەرنامەکانی ڕادیۆی یەریڤان بوون. ئەوان گۆرانیان دەوت و ڕاستەوخۆ پەخشی دەکرد و بە شێوەیەکی خولەکی دەهاتن بەرهەمی گۆرانی و کەلامیان تۆمار دەکرد.

ئەم هونەرمەندە میللیانە سەروەت و سامانێکی نەتەوەیی گەورە بوون، لە کاتی پشووی کرێکاری و کاری دەرەوەی هونەریدا دەهاتن ڕادیۆ و زنجیرە گۆرانیەکیان دەوت، کە بە داخەوە کەمیان تۆمار کراون و بۆ مێژووی کاروانی هونەرو میدیای کوردی ماون. کێ قەرەبووی ئەو هونەمەندە گەورانە دەکاتەوە، کە تەمەنیان ڕۆیشت و سامانیان لەگەڵ خۆیان ڕۆیشت؟

*کوردستانی نوێ: ١٧-٢٠١٦/٦/١٨



نەوەی فەیسبووک گیرۆدەن، یان چانسێکی تریان هەیە؟
پەنجەرەیان لەسەر کراوەتەوە. یان زیندانییەکن کە یەک پەنجەرەیان بۆ کراوەتەوە؟







ئیرهاب لە تۆڕە
کۆمەڵایەتییەکان
باکارهێنانی تقنییاتەکان
لە بڵاوکردنەوەی
بیری دواکەتوو و
توندڕەویدا.






کێشەی سۆشیال میدیا فرەییەکەی نییە، بەڵکو کێشەکەی ئەوەیە راوەستانی بۆ نییە، تا بزانێت لە کوێ و تا کوێ بەرخوردی لەگەڵ بکرێت.














له پۆلیسەوە بۆ پۆلیسی ئایینی..
کاریکاتێری ئایدیا خەسڵەتی دیاری
کاریکاتێرەکانی ئاغاییفە.






**بەشێرکردن و لایەک و سەیرکردنی شمەکە میدیاییەکانی تیرۆر یارمەتیان دەدەین.**



ستایلی مۆدێلەکانی ڕابردوو و نۆستالیجیا خەریکە دەبێتە داوێک و میدیا چاوی پێ دەخەلەتێنێ.





## فەسڵی دووەم

# دیاردە و دەرد

# دیاردە و دەرد

پاییزی ساڵی پار، ساڵی **٢٠٠٢**، ئەم زنجیرە وتارەم نووسی، بۆ ئەوەی وەك نامیلكەیەك لە (١٠٥) ساڵەی یادی ڕۆژنامەوانیی كوردییدا بڵاوی بكەمەوە، بەڵام دەركەوت و ڕووداوەكانی عیراق پرۆژەی نامیلكەكەی دواخست. بۆیە پێم چاك بوو لە ڕۆژنامەدا بڵاویان بكەمەوە بە ڕەچاوكردنی ئەوەی هەلومەرجی تازەی عیراقی ئازاد دەرفەتێكی تر دەخاتە بەردەم ڕۆژنامەوانیی كوردی، كە ڕەنگە باعیسی چارەسەری هەندێك لە دەردەكانی بێت.

سەرەنجام ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، لە ژمارەكانی نیسانی **٢٠٠٣** بڵاوبۆوە.

**باسی یەکەم:**

# دەردی پێشنیاز و بەرنامەکان!

گەلێک جار ئارەزووی ئەوە دەکەم، ئەو تێبینیانەی لە سەر ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی کوردی لام دروست دەبێت، وەک نامەیەکی ئاوالا تۆماری بکەم و بیخەمە خزمەت ڕۆژنامە و بلاوکراوە کوردییەکانەوە. دەڵێم مرۆڤ بۆ هەروا بە سەرزارەکی قسان بکا و تێبینی بڵێت؟ بۆچی ئێمەی ڕۆژنامەوانان دەستبەرداری ئەو نەریتە ڕەسەنەی کوردەواری نابین، کە بەشی زۆری ئەدەبەکەی، سیاسەتەکەی، ڕوانین و خوێندنەوەکانی قاوغی ئەدەبی سەرزارەکی تێناپەڕێنن و ناچنە سەرپەڕی دەفتەر و کتێبان و نابنە ماڵ بەسەر خاوەنەکانیانەوە؟ دەڵێم تاکەی پێمان وایە یادەوەری و ئاوەزمان بۆ هەتاهەتایە گەش و بلێسەدار دەبێ و شتەکان لە بەشی دیکۆمنتی مێشکمان دەپارێزرێ و هەروەختێکی بخوازین تۆزی فەرامۆشی لێ دەسڕینەوەو بەکاری دێنین؟ سەرنجەکان و ڕوانینەکان کوڕی ڕۆژی خۆیانن و هەقە لە دەمی خۆیاندا تۆمار بکرێن.

دەڵێم؛ بۆچی هەروا ڕاگوزەر قسە بکەین و ئەوی وای

دەبینین کێماسی و چەوتییە دەستنیشانی ناکەین و نایخەینە بەردەست بەرپرسانی ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە؟ بە تایبەتی چاوەڕێ دەکرێ لە ڕۆژنامەوانانی، کە ئەمڕۆ لە دەرەوەی هەڵسوڕانی فیعلی کاری ڕۆژنامەوانین، وەک چاودێرێک وردتر شتەکان ببینن و دیقەتی بدەن.

بەڵام دواجار ئەم ئارەزوو و بەلێنانەم تووشی بەربەستێکی سروشتی دەبێت، کە پەیوەندی بە خەسڵەتی خودی کاری ڕۆژنامەوانییەوە هەیە. کاری ڕۆژنامەوانی یەکێکە لەو بوارانەی ڕیزکردنی پێشنیاز و ئامۆژگاری دادی نادات و کاریگەری لەسەر جێناهێڵێ. گەلێک جار خۆم بەوە پێکەنیوم کە ئەگەر لەڕیزکردنی پێشنیازەکاندا، بۆ نموونە بنووسم: هەق وایە ڕۆژنامەوانی کوردی و ماسمیدیای کوردی گەشە بکات، یان هەق وایە قەڵەمی چاک و چالاک، توانای بەهرەوەران و ئەزمووندارانی بواری میدیا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، باشە پێم ناڵێن کابرا ئەوانە لە کوێ دەست دەکەون و ئێمە بۆ پەیمان پێ نەبردوون؟

لە ڕاستیشدا هەر وایە، پێشتریش لە وتارێکدا، لە کوردستانی نوێ، بە نێوی (بۆچی گەرمایی ڕوانینت نەماوە؟) وتومە، کە ڕۆژنامەوانیی کوردی پێویستی بە بەرنامە و پیشنیاز و ئامۆژگاری نییە، بەڵکو پێویستی بە ئالیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانە، پێویستی بە دیتنەوەی ڕێوشوێنی بەعەمەلیکردنی پیشنیازەکانە، پێویستی بەوەیە لەنێو گەرمایی واقیعی کاری ڕۆژنامەوانیدا ئەزموونەکان بە سەلیقە ئامۆژگاری بکەن و ڕێی دروستی پێ نیشان بدەن. هیچ ڕێگایەکی ئاوریشمی، هیچ ڕێگایەکی پادشایانە نییە بۆ

فێربوونی ئەزموونی زیاتری ڕۆژنامەوانی، تەنها ڕێگای ئەزموون و چیرۆکەکانی کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی هەیە. هیچ ڕێگایەک لەپێشدا نییە بۆ پێشخستنی کەرتی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان، مەگەر ڕێگای پڕ زەحمەت و پڕ قوڕولیتەی کاری فیعلی نەبێت.

بەڵێ خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لەسەر پرینسیپەکانی ڕۆژنامەوانی و کاری میدیایی دەدوێن، شتی چاکمان فێر دەکەن، بەڵام تەنانەت ئەو کتێبانەش، ئەگەر هەر پەیامێکی ئەکادیمیی ڕەق و تەق بن، هەر ڕیزکردنی ئامۆژگاری بن، کەڵکو سوودێکیان نابێت، مەگەر بۆ ئەو ژمارە کەمەی خوێندکارە دەرخچییەکانی زانکۆ نەبێت، کە تەنها چاویان لە نمرەی باش و دەرچوونە و بۆ وان ڕشتەی میدیا و ڕشتەیەکی تری خوێندن چ فەرقێکی ئەوتۆیان نییە. هەر لە بەر ئەوەش لای توێژی ڕۆژنامەنووسان بەڕەواجترین جۆرەکانی کتێبی ڕۆژنامەوانی ئەوانەن، کە ئەزموون و دیرۆکی ڕۆژنامەکان دەگێڕنەوە، یان بۆ شرۆڤەکردنی باسەکانیان نموونەی زیندووی ژیانی ڕۆژنامەوانیی وڵاتانی دوور و نزیک دێننەوە. ئەزموونەکان و هەقایەتە تۆزلێنیشتوەکانی ئەزموونی هەر ڕۆژنامەنووسێک، با سادە و ساکاریش بن، زۆر کاریگەرترە لەو پڕۆگرامە کۆنکریتیانەی دەیان جار هەڵسوڕاوانی ڕۆژنامەکان وەک پەیامی ڕێنسانسێک خستویانەتە ڕوو، کەچی یەک حەرفیان لێ جێبەجێ نەکردووە، چونکە ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنیان لێ وێڵبووە . ژبەر هەندێ، لەم زنجیرە نووسینەی کە هەندێک دیاردەی دەردئامێزی واری ڕۆژنامەوانیم تێدا خستۆتە ڕوو، وام بڕیاردا لە جیاتی

ئامۆژگاری، کە کاری بەندە نییە، نموونەو دیاردەی واقیعی بەچاو دیتراو بهێنمەوە، تا خوێنەران تەجاوب لەگەڵ ڕاز و نیازەکانمدا بکەن و دەگەڵمدا هاودەردی دەستنیشانکردنی ئەم دیاردەیە بن.

واهەر ئەم پێشەکییە خۆی لە خۆیدا بووە پێشەکی و هەروا بووە مایەی تاوتوێکردنی یەک لەو دیاردانەی دەردی ناجۆریان لەناو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا خولّقاندووە. دیاردەی بەرنامە و پێشنیازی قەبە، لێ بێ ئالیەتی جێبەجێکردن، کە کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی پێشکەوتنی ماسمیدیایە لە وڵاتەکەماندا.

**باسی دووەم:**

# دەردی چاوەڕوانیی کۆمەك؟

"جا کەی ئێمە دەستی هاوکاریمان ڕەتکردۆتەوە؟"، ساڵی ١٩٩٣ ئەم وتەیەم لە هەڵسوڕاوێکی واری ماس میدیای کوردی گوێ لێ بوو. ئەو کاتە تازە هاتبوومە نێوەندی ڕۆژنامەوانیی کوردییەوە، بۆیە قەبارەی زیانی فەوتێنەری ئەم دەربڕینەم مەزەندە نەکرد. لێ لە باری پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە گەلێکم پێ سەیربوو کە مرۆڤ، لە جیاتی هیمەتی خۆی، چاوەڕێی کەرەمی خەڵک بێت. دواتر لە ڕێی ئەزموونی کورتی خۆم لە دونیای ڕۆژنامەوانیدا تێگەیشتم خەوش و عەیبەکە لەوەدا نییە کە چاو لە ڕێی هاوکاری و کۆمەکی خەڵک بێت، بەڵکو لەوەدایە کە دەبێ لە بری چاوەڕوانی خۆت بچیت داوای هاوکاری و کۆمەک بکەیت. خۆت دەبێت دەستپێشخەری بکەیت و داوا لە خەڵکی بکەیت هاوبەشی و هاوکاری ڕۆژنامەکەت یان کەناڵی ڕاگەیاندنەکەت بن. ئەوە هونەر نییە دەستی هاوکاری ڕەتنەکەیتەوە، چونکە (لایرد الکریم الا اللئیم)، بەڵکو هونەر لەوەدایە لە ڕێی تۆڕی فراوانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕووناکبیریی خۆتەوە دۆست و (مەعمیل) بۆ بوارەکەت پەیدا بکەیت.

یانی چی ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەکەی چاوەڕێی ئەوە بن کێ خزمەت و تواناکانی خۆی، بیروڕا و سەرنجەکانی خۆی هەراج دەکات و بێ دڵنیابوون لەوەی چاکەکەی سەری (ساحێبی) ناخوات، بێ دڵنیابوون لەوەی قسەکانی گوێی لێ دەگیرێ، بە ڕاست و بە چەپدا عەرزی بە خزمەتی پێ بکات؟ ئەمە درێژبۆوەی دەردی دانیشتنی پشت مێزە لە چاوەڕوانیی هەواڵ و نووسین و بابەتدا، لە جیاتی ئەوەی بەدوایدا بگەڕێیت.

ئێستاش ڕەنگ و ڕووی ئەو برادەرەم لەبیرە، کە دڵسۆزانە عەرزی خزمەتەکانی خۆی کرد، کەچی بەقسەی (جا کەی ئێمە دەستی هاوکاریمان ڕەتکردۆتەوە؟) کێرفی پەرۆشییەکەی گەڕێندرایەوە خوار پلەی سفر. لە هەموو ڕۆژنامە و کەناڵە میدیاییە پێشکەوتووەکانی دونیادا ستافێکی چالاکی ڕۆژنامەوان ئەرکی پەیوەندییەکانی کەناڵەکەیان دەگرنە ئەستۆ و ئێران و توران دەگەڕێن تا هاوکار و پشتیوانێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن. وای دەبینم کە بەشی پەیوەندییەکان دەبێ وەک بەشێکی زیندووی هەر ڕۆژنامەیەکی هاوچەرخ تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی و گرێدانی هاوڕێیەتی پێکەوە بنێت، بۆ ئەوەی هەمیشە هاوبەشو بەشداری خەڵک بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بەو هاوبەشی و بەشدارییە مێرگ و چیمەنی لاپەڕەکانی ئاو بدات.

ڕۆژنامەوانیی کوردی، ڕۆژنامە کوردییەکان و کەناڵە کوردییەکان، ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستیان بەوەیە لە دارشتنەوەی هەیکەلی ناوخۆییدا بەشی پەیوەندییەکان دابمەزرێنن. دەستەیەک کچ و کوڕی گەنجی لەبز شیرین و ڕەفتار جوان هەمیشە ئەرکیان ئەوە بێ دۆست و هاوکار پەیدابکەن و... ڕۆژنامە و کەناڵەکەیان بۆ خوێنەران و ڕووناکبیران تەسویق بکەن.

باسی سێیەم:

# ئەستێرە درەوشاوەکانی میدیا!

کاری میدیا و ڕۆژنامەکان، جگە لە گواستنەوەی هەواڵو زانیاری، دروستکردنی ئەستێرەیە، ئەستێرەی ناوداری درەوشاوەی ئاسمانی وارەکانی ژیان، ئەستێرەکانی سیاسەت، هونە، فەرهەنگ، وەرزش، رۆژنامەوانیو کایەکانی تر. هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکان، زانیاری و شیکردنەوە لەسەر ڕووداوەکان دواجار هەم بەشداری دەکەن لە دروستکردنی ئەستێرەی ناوداری هەر بوارێک، هەمیش پێویستیان بەو ئەستێرانە هەیە تا چاکتر ڕەواج بە باسوخواسەکانی ڕۆژنامە و میدیاکان بدەن. ئەگەر قەراربێت تێکرای چالاکییە میدیایی و ڕۆژنامەوانییەکان دواجار چەند هەقایەت و چیرۆکێکی درامی لە چاو و گوێ و لە مێشک و دڵ و دەروونی وەرگر "گوێگر و خوێنەر و بینەر"دا پێک بێنن، ئەوا هیچ هەقایەتێک بێ پاڵەوان، یان چەند پاڵەوانێک، چێژدار و سەرنجڕاکێش نابێت. پاڵەوانەکان هەر خۆیان ئەستێرەکانی ئاسمانی ئەو هەزاران چیرۆک و هەقایەتانەن، کە شەو و ڕۆژ میدیاکان لە شێوەی هەواڵ و زانیاری، میتنگ و ئینتەرڤیو و مێزگرد و لێدواندا پەخشی دەکەن.

گەلێک جار میدیاکانی جیهان، بە تایبەتی کەناڵە گەورەو سەنگینەکانیان، کە دەبینن بوارێکی دیاریکراوی ژیان لەبرەودایە؛ کەچی بێ ئەستێرە و پاڵەوانیی پێوە دیارە، بە پەلە هەڵمەتێکی فراوان و بەرنامەیەکی چڕوپڕ بۆ دروستکردنی پاڵەوانێک، یان پتر لە پاڵەوانێک دەست پێ دەکەن، تا هەموو ڕووداو و دەرکەوتێک بە پاڵەوان و کەسایەتیەکانەوە بناسرێتەوە. هەندێکجار دامەزراوە سیاسییەکان، هونەرییەکان، وەرزشییەکانو تەنانەت دامەزراوە ڕووناکبیرییەکانیش هەڵمەتێکی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان ڕێک دەخەن بە مەبەستی رەواجپێدانی سیاسی یان هونەرمەند، یان وەرزشکارێک. لەم پێناوەشدا خەرجییەکی زۆر تەرخان دەکەن. زۆربەی کاتیش ڕۆژنامە و کەناڵەکان دەبنە مایەی دەرکەوتنی پاڵەوان و درەوشانەوەی ئەستێرەکان لە کایە جیاجیاکاندا . کەم جار هەڵکەوتووە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو، کە پاڵەوانێک یان کەسایەتیەک خۆی بۆ خۆی هاتبێتە کایەوە و هەواڵ و ڕووداوەکانی خۆی بەسەر میدیاکاندا سەپاندبێت، بەڵکو هەمیشە میدیاکان یارمەتیدەر بوون، هەمیشە هەڵمەتێکی پەیوەندییە گشتییەکان، گرووپ و دەستە میدیاییەکان وێنەی کەسایەتییەک جوان دەکەن و بە کۆمەڵگە و بە دونیای دەفرۆشن. جا ئەگەر ئەوانە خۆیان خاوەنی بەهرەش بن، چاکتر دەدرەوشێنەوە، ئەگەریش وانەبن، ئەوا ماوەیەک دەمێننەوە و دواجار لەنێو تەپوتۆزی ڕووداوەکاندا لەبەرچاوان ون دەبن.

بەڵام عیبرەت و پەندەکە لێرەدا ئەوە نییە، کە کەسانێکی بێ بەهرە دەردەکەون، بەڵکو عیبرەتەکە ئەوەیە، هیچ ئەستێرەیەک ناتوانێ جوان جوان بدرەوشێتەوە، مەگەر

میدیاکان یارمەتی بدەن.

بە داخەوە میدیای کوردی لە تەمەنی دووورودرێژی خۆیدا وا ئازاد و پێشکەوتوو نەبووە، کە ئەم تەکنیکە پێشکەوتووەی کاری دروستکردنی ئەستێرە پەیرەو بکات. تەنانەت دوای ڕاپەڕینش، سەرەڕای ڕەهابوونی ڕەوتی ڕۆژنامەوانی و کاری میدیامان لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری، بەڵام بە داخەوە نەتوانراوە ئەم شێوازە بەرزەی ژیانی دیموکراسی، کە پێشکەوتن و گەشەکردنی دامەزراوەکانی میدیا و سەنگینبوونی ڕۆلیان لە ڕەنگرێژکردنی سیمای کۆمەڵگە و ئاڕاستەکردنی دەردەخات، لەناو ڕۆژنامەوانی و کەناڵەکانی میدیای کوردیدا پەیڕەوی بکرێت. لە بنچینەدا ئەو ئەستێرانەی لە هەموو بوارەکانی گۆڕیندا هەبوون، خۆیان درەوشاوە بوون و ڕۆژنامەوانیی کوردی دواتر لای لێ کردوونەتەوە. بە ڕای بەندەش هۆی سەرەکیی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی کوردستان، کە دیدێکی کلاسیکی لە سەر رۆژنامە و میدیا و لەناو نوخبەی سیاسی و ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانیی ئێمە دروست کردووە، ئەویش دیدی بەکۆمەڵی توانەوەی تاکە لەنێو کۆمەڵو بەش لەناو گشتدا. لە کاتێکدا درەوشانەوەی ئەستێرەکان درەوشانەوەی تاکەکەسەکانە لەنێو تێکرای کۆمەڵگە و لەنێو گشتدا. مەیلی جەماعەتیی هەمیشە ڕێگرە لە گەشانەوەی تواناکانی تاک. بۆیە ڕۆژنامەوانیی کوردی نەیتوانیوە لە پیشەی دروستکردنی ئەستێرەدا، کە بەشێکی جەوهەریی پیشەی میدیاکان پێک دێنێت، ڕۆلێکی شایستە بگێرێت.

## باسی چوارەم:

# کوشتنی گیانی فەردانیەت لە میدیادا

جاری پێشوو لە سەر گرفتی ئەستێرەکانی ڕۆژنامە و میدیاکان دوام. گوتم کە میدیای کوردی خۆی هیچ ئەستێرەیەکی پێ نەدرەوشاوەتەوە. ئەوی لە ئاسمانی ویدا ڕەونەقی بە کایە جیاجیاکانی ژیان بەخشیووە خۆی خۆڕسکانە پێکهاتووە و میدیای ئێمە لەم بوارەدا هاتۆتە سەر سفرەی حازری. ئەم جارە دەمەوێ لە سەر دیاردەیەکی دژوارتری ڕۆژنامەوانی و میدیای کوردی بدوێم، کە بە ڕای من ئەم دیاردەیە زیاتر لە هەر هۆکارێکی تر دەردی پەیدانەبوونی ڕۆژانامەوان، دەردی نەدرەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی ڕۆژنامەوان و میدیاکانی کردۆتە پەتایەکی موزمین. ئەم دەردە سەرەنجام پێمان دەڵێ، ڕۆژنامەوانی و میدیای کوردی نە تەنها ئەستێرەی کایەکانی تر، بەڵکو ئەستێرەی کایەکانی خۆشی پێ دروست ناکرێ، یان ئەگەر دروستیشی کرد پتر لە پەیڕەو و نەریتێکی کار بەرەو کزی و کوژانەوەی دەبەن. کاتی خۆی ژمارەی گۆڤارێکم دیت، کە هیچ کام لە وتارەکانی ناوی نووسەرەکانی بە

سەرەوە نەبوو، کە پرسیارم کرد، گوتیان هەڵسوراوانی گۆڤار دەڵین؛ کاری گۆڤاری گشتی، کارێکی هەرەوەزییە و ناوی کەسەکانی بۆ چییە؟ وەک بڵێی، کۆششی گشتیی مانای کوشتنی گیانی فەردانیەت و مردارکردنەوەی ڕۆحی درەوشانەوەی تواناکان بێت. هەموو کارێکی داهێنەرانە گیانێکی داهێنەرانەی تایبەتمەند دەخوازێت. جا ئەگەر ئەوەمان سەلماند ڕۆژنامەوانی و میدیا کردەیەکی داهێنەرانەیە، هەقی خۆمانە بپرسین، چۆن ئەم داهێنانە بێ درەوشانەوەی ئەستێرەی پاڵەوانانی میدیا و ڕۆژنامەکان بەڕێوە دێتە بوون‌و گەشە دەکات؟ لە کۆڕێکدا ناوی برادەرێکی شارەزای واری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانی هات، گوتیان چۆن کەڵک لە تواناکانی وەربگرین؟ گوتم بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بدەنێ، گۆشەیەکی هەفتانەی ڕۆژنامەیەکی بخەنە بەردەست؟ پیان گوتم ڕۆحی زلە بەرنامەی تەلەفزیۆنی وەرناگرێ و خۆی لە گۆشە و پەنا و پەسێوانی ڕۆژنامەکان بە پایەدارتر دەزانێت. گوتم جا قەیدی چییە، ئەگەر شمەکەکەی بە گران لێ بکڕین؟ لەوەتەی ئێمەی مەعشەری ڕۆژنامەوانان هەین، هەر شانوشەوکەتی خەڵکی کایەکانی تر هەڵدەسەنگێنینو ڕەفیقەکانی خۆمان بە شایستە نازانین، کە شانوشەوکەتیان هەبێت. با بەرنامەکەی فلانی بە ناوی (فلان Show)ەوە بێت، (وەک بەرنامەکەی ئیبراهیم تاتلیساز Ibo-Show)، یان وەکو بەرنامەکانی هالە سەرحان (هالە شۆ)، یان بەرنامەکەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە تەلەفزیۆنی (مستەقبل)، کە بە ناوی (ساعه سياسة مع عبدالرحمان راشد) ـە، با گۆشەکەی لە شوێنێکی دیار و وێنەیەکی ڕێکوپێکیشی

لەگەڵ بڵاوبکەینەوە، با لە جیاتی کوشتنی کاتی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکانمان بە هەواڵەکانی مۆزەمبیق و مەدغەشقەر و جیبۆتی و نازانم کوێ و کوێوە، ئەو زاتە بێنینە سەر هەواڵو هیچ نەبێ وەک عەبدولباری عەتوان و سەعد بەزاز، ناشڵێم وەک هەیکەل و جیهاد خازن، لە سەر پرسە خۆماڵییەکانی کوردستان پرسیار و ڕاوێژی پێ بکەین؟ باشە چۆن دەبێ ئێمە بە شوێن دروستبوونی ڕۆژنامەوانی بەتوانا و کادری لێوەشاوەی میدیاوە بین، کەچی ڕێ لە دەرکەوتنیان بگرین و گاڵتەمان بە مشکی هەورامی و کەواوسەڵتەی میدیای خۆمان بێت؟ ئەم ڕوانینانەم بە کۆمەڵێک دۆست گوت، کە خەریکی ڕاییکردنی کەناڵێکی ئازادی میدیا بوون. داوام لێ کردن ئەوان ڕۆڵێکی جوامێرانە بگێڕن لە دروستکردنی ڕۆژنامەوان و میدیاوانی کوردیدا. وێنەکانیان لەگەڵ وتارەکانیان بڵاوبکەنەوە، دیدار لەگەڵ ئەو خانم و سەیدا بێژەرانە بکەن، کە ناویان لە سەر تایتڵی هەواڵەکان نانووسرێت و لەناو ئاوێنەی ڕوونی میدیادا ناسنامەیان لێڵ و تەڵخ و نادیارە. هەڵبەت ئەو خۆشەویستانە بە قسەیان نەکردم، گوایە چۆن دەشێت ڕۆژنامەوانێکی دەسەڵات "ئامۆژگاری"ی ڕۆژنامەوانی ئازاد بکات؟ لە کاتێکدا مەسەلە "ئامۆژگاری" نەبوو، بەڵکو دەستنیشانکردنی دەردێکی بێ دەرمان بوو، کە ڕۆژنامەوانی ئێمە، بە دەوڵەتی و سەربەخۆ، بە گشتی و تاکەکەسیانەوە، هێشتا ملکەچی فەرهەنگی ئۆپەرێتی دەستەجەمعین، نەک کۆنسێرتی تاکەکەسی. هێشتا داهێنانی ڕۆژنامەوانی "داهێنانێکی" جەماعی و بکوژی درەوشانەوەی توانا کەسییەکانە!

باسی پێنجەم:

# کەس خاوەنی داهێنانی خۆی نییە؟

دیاردەیەکی تری ناو ڕۆژنامەوانی و میدیای کوردی، کە ئەویش هەر پەیوەندی بە کوشتنی گیانی فەردانیەتەوە هەیە، دەردی نەبوونی موڵکداریێتیە.. کەس خاوەنی ئەو هەواڵ، یان ڕاپۆرتە هەواڵ، یان ڕیپۆرتاژە نییە، کە بەرهەمی هێناوە، با تەنانەت بە ناوی خۆشییەوە بڵاوی کردبێتەوە. ئەوی پێی دەڵێن (مافی خاوەنداریێتیی فیکری)، (مافی لەچاپدانەوە) و مافی پاراستنی دەستپێشخەری لەناو تێکڕای دامەزراوەکانی ڕۆژنامەوانی کوردییدا، نییە.

دەیان جار ڕێککەوتووە، کە ئاساییترین هەواڵ، یان ڕاپۆرتە هەواڵ، تەنانەت ئەگەر دەستکەوتنی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتەش ئاسان بێت، لە ڕۆژنامەیەکی خۆمان بڵاوبۆتەوەو ڕۆژنامەیەکی تر بێ دەسکارییەک و وەکو خۆی، تەنها بێ ناوی نووسەرەکەی، بڵاوی کردۆتەوە.

بەندە ئەگەرچی ئێستا لە ڕاگەیاندنی دەوڵەت کاردەکەم و هیچ کاتێک ناو لەسەر ڕاپۆرتە هەواڵەکانم دانانێم، چونکە سروشتی کارەکەی ئێمە وایە، کە ئەولەویەت بۆ فراوانترین

بڵاوکردنەوە بێت، بەڵام ئەو ڕووداوە بچووکەی ڕاپۆرتە هەواڵێکم لە شوێنێکدا، بەناوی کەسێکەوە بڵاوکرایەوە، گەلێک لە ناخەوە هەژاندمی. ڕاستە ئێمەی ڕۆژنامەوان بە حوکمی سروشتی کارەکەمان گیانی لێبوردن و سنگفراوانیمان دەبێ بڵند بێت، بەڵام نەک تا ئەو ڕادەی خۆمان بەرەو هەڵدێر برۆین و کۆشش و ماندووبوونمان بە ناوی پەیامنێرێکی تەمبەڵەوە پەخش بکرێت!

بەندە گەلێک ناو دەناسێ، کە دەستی سوورە بە خوێنی دەیان ڕاپۆرتە هەواڵ و ڕیپۆرتاژی دەیان ڕۆژنامەنووسی کلۆڵ و بێ پشتوپەنا. ناولێنانیان بۆ زەمەنی نووسینەوەی بیرەوەرییەکان هەڵدەگرم، چونکە ئەم زنجیرە وتارە زیاتر مەبەستی دەستنیشانکردنی دیاردەکانە. هێندە هەیە دەتوانم بڵێم، کاری لەم بابەتە تاوانە بەرامبەر بە پیرۆزیی خاوەندارێتی فیکری و سۆز و پەیمانێک، کە دەبێ ڕۆژنامەنووس بە پیشەکەی بدات.

گەلێک جار ئەم نموونەیەشم دیتووە، کە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی بە کۆششی ڕۆژنامەوانێک دەدۆزرێتەوە و لە کەناڵەکانی ناوخۆدا بڵاودەکرێنەوە، کەچی لە کەناڵ و ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکان جارێکی تر بە کلک و گوێ کراوی و بە ترش و خوێوە بڵاودەکرێتەوە، بێ ئاماژەدان نەک بە ناوی نووسەر، بەڵکو تەنانەت بێ ئاماژەدان بە ناوی ئەو کەناڵەی بۆتە سەرچاوەش.

لەمەشدا هەندێک جار تۆڕی ئینتەرنێت، کە ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی تێدا پەخش دەبێت و هەندێک جاریش پەیامنێری ئەو ڕۆژنامە نێودەوڵەتیانە بەرپرسیاری ئەو

دیاردەیەن. بە داخەوە ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکان گەلێکجار ماف بە خۆیان دەدەن هەواڵی ڕۆژنامە لۆکالییەکان ببەن، بەڵام بێزیان نایە ناوی پەیامنێر، یان ڕۆژنامە خۆماڵییەکەی ببەن. لەمەشدا ڕەنگە مەبەستیان تۆڵەسەندنەوە بێت لەو ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامە لۆکالییانەی بێپەروا ڕاپۆرتەکانی ئەوان تەرجەمە دەکەن و بە ناوی سەرچاوەی تایبەت و شیکردنەوەی خۆماڵییەوە جارێکی تر لای خۆیان و بۆ خۆیان بڵاوی دەکەنەوە!

لە هەموو حاڵێکدا ئەم پاشاگەردانییەی لەم بوارەدا تێبینی دەکرێ، هەمیشە ڕۆژنامەوانی بەهرەمەند تووشی نائومێدیو دڵساردبوونەوە دەکات، چونکە لەبەردەم دەستڕێژ و دەستدرێژی مافیاکانی بواری ڕۆژنامەوانیدا بێ قەڵغانی پارێزگاری ڕایدەگرێ و هەمیشەش دەرفەت بۆ ڕۆژنامەنووسە بێ بەهرەکان دەرەخسێنێ، کە لەناو ئاوی لێڵ و مەنگدا گەرا دابنێن و کۆششی خەڵکی تر بخۆن، چونکە هەمیشە دزی ماڵی شێواوی دەوێت.

## باسی شەشەم:

# نووسەرانی پڕۆلیتاریا!

تەجرەبەی شەخسیی خۆم لە واری ڕۆژنامەوانی و لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە تەجرەبەی هاوەڵانی ترم، ئەو سەرنجەی لا دروست کردووم، کە پێدەچێ لەناو ناوەندی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا نووسەران و ڕۆژنامەوانانی کە دەنووسن بێوەیترین، بێ دەسەڵاتترین و بێبەشترین ئەندامانی خێزانی ڕۆژنامەکان بن. ئەوان هەر بە فیعلی پڕۆلیتاریای بواری ڕۆژنامەوانیی کوردین، بۆ ئەمەش بەڵگەم هەیە، بە تایبەتیش لە واری ڕۆژنامەدا، چونکە ئەگەر قەرار بێت بەشێکی سەنگینی کاری تەلەفزیۆن پشت بە وێنە و دەنگ و بەشێکی دیاری کاری ڕادیۆش پشت بە دەنگ ببەستێت، ئەوا ڕۆژنامە (٩٩٪) پشت بە نووسین دەبەستێت، لەگەڵ پەراوێزێکی کەم بۆ وێنە و کاریکاتێر.

قورسایی کاری نووسینی ڕۆژنامە دەکەوێتە سەر شانی ڕۆژنامەنووس و نووسەران، بە تایبەتی ئەگەر ڕۆژنامەنووس خۆی لەناو کارەکەدا بێت. ئەو دەنووسێ، ڕاپۆرت ئامادە دەکاو چاودێری ڕاپۆرت و نووسینەکانی تریش دەکات. ڕۆژنامەکە

بە هۆی نووسین و ڕاپۆرتەکانی ئەوەوە ناوەڕۆکی خۆی پێک دێنێ. ئەو کە جوان دەنووسێ ڕۆژنامەکە ڕەواج پەیدا دەکا و دەخوێنرێتەوە. ڕاستە ئەگەر ڕۆژنامە چاپی جوان و نەخشەسازی ڕێکوپێک بێت، خوێنەرانی چاکتری دەکڕن و باشتری دەخوێننەوە، بەڵام کاری بنچینەیی و ئەوی وادەکات ڕۆژنامەکە ڕەواجی زیاتری هەبێت، نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکانێتی، ئەگینا خۆ تابلۆیەک، یان نەخشی سەر فەرشێک لە ڕۆژنامەکان بەڕەواجتر دەبوون.

بەڵام داخۆ هەقی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەوانە لە ئاکامی دەسکەوتەکانی ڕۆژنامەدا بە ئەندازەی سەنگی خۆیەتی؟ بە داخەوە دەڵێم ئەمە وانییە. تایپیست، نەخشەساز، چاپخانە، ئیدارە، ژمێریار و سوپایەک لە خەڵکی بیروکراسی لەسەر حیسابی ڕۆژنامەوان و نووسەران دەخۆن و دەژین، کەچی شوێن و پایەی ڕۆژنامەوان و نووسەران، ماف و دەسکەوتەکانیان لە هەموولایەک کەمترە. ڕۆژنامەنووسێکی لاو دەناسم کە هەمیشە دەیگوت، بە من چی ناو دەربکەم لە کاتێکدا مووچەکەی من، دوای دەستکاری، ئینجا شانی دا لە شانی مووچەی چایچییەکەمان؟

ئەو ڕۆژنامەوانە ڕاستی دەکرد. بەڵێ چایچیش بازووی بەکار دەخا و بە کاسبییەکی شەریف و سەربەرزانەش نانی خۆی پەیدا دەکات، بەڵام ئەدی سەبارەت بە ڕۆژنامەوانێک کە کارەکان لەسەر شانی ئەون و ئەو هەموو هەیکەلە ئیداری و فەنییە لە سایەی سەری کارەکەی ئەو دامەزراون، ئەدی ئەویش (کرێکاری مێشک) نییە و مافی ئەوەی نییە (وەک ڕەنجدەری بیر) بە پایەی خۆی و دەسکەوتی ڕەنجی بیر و

مێشکی خۆی شاد بێت؟

بەڵێ وایە، کاری رۆژنامەوانی ، وەک هەر کارێکی تری گشتی ، ئەرکێکی هەرەوەزییە، بەڵام باوەڕ بکەن ڕۆژنامەوانی کورد بە ئەندازەی پڕۆلیتاریاکەی مارکس هەست بە نامۆیی دەکات و هەستی وایە کالاکەی بەرهەمی دێنێت، نووسین و ڕاپۆرتە هەواڵەکانی، بەفیڕۆ دەڕون و کەسانی تر دەیان خۆن‌و کەڵکیان لێ وەردەگرن.

یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە، کە ڕۆژنامەوان چونکە بەرهەمەکەی شمەکێکی مەعنەوییە نەک مادی، ناتوانێت وا بەئاسانی بە چەند ڕۆژنامەیەکی بفرۆشێت، یان لەبەر ئیلتیزامی ڕۆژنامەوانی ناتوانێت بۆ هەموو ڕۆژنامەیەک بنووسێت، بگرە ڕۆژنامەکەشی قبوڵ ناکات لە پتر ڕۆژنامەیەک، یان کەناڵێکی میدیا کاربکات. لە کاتێکدا کارگێڕانی تری ڕۆژنامە هەمیشە پتر لە دەرفەتێکیان لەبەردەستە، کە لە دەرەوەی کاری ڕەسمیی خۆیان لە ڕۆژنامەکانیان کاسبی تر بکەن، ڕۆژنامەی تر نەخشەبکێشن، کتێبی تر تایپ بکەن و لە شوێنێکی تریش عەقدی کارکردن ئیمزا بکەن. ئەگەریش لە کاری ڕۆژنامەش نەمان، لە هەر جێگەیەکی تر بێت کاسبیەکی تر بۆ خۆیان بدۆزنەوە، یان وەکو هێمن موکریانی دەڵێ "شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەو جەفەنگ".

ئەمە لە کاتێکدا نموونەی ڕەوشی ڕۆژنامەوان و نووسەرانی دەرەوەی ڕۆژنامەکان و ئەو پاداشتە کەمەی لە سەروتار و نووسینەکانیان وەری دەگرن، هەرگیز هاندەری ئەوە نییە ڕۆژنامەوانی ناو ڕۆژنامەکان هەست بکەن، بێ ڕۆژنامەکەشیان، ئایندەیان مسۆگەرە.

بە داخەوە، ئەم ڕەوشە دژوارەی ڕۆژنامەوانان و نووسەران، کە لە ڕەوشی پڕۆلیتاریا دەچێت، هەرگیز هاندەری پێشکەوتنی واری ڕۆژنامەوانی کوردستانی نییە.

چیرۆکێکی مەکسیم گۆرکیم خوێندۆتەوە، کە ئەگەر لەبیرم بێت ناوەڕۆکەکەی خەیاڵی ئەوە دەکات، ئەگەر کرێکار مان بگرێ و لەسەر کار ڕاوەستێ ژیان چۆن هەڵدەسوڕێ، کارگەکان، هۆیەکانی هاتوچۆ و دامەزراوە گشتییەکان چۆن هەڵدەسوڕێن؟

بەندە دەپرسم، ئەگەر لەناکاو ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی پڕۆلیتاریا مان بگرن و چیتر نەنووسن، ڕۆژنامەکان چۆن دەردەچن؟ لاپەڕەکانیان چۆن پڕدەبنەوە و ئەم تۆڕە فراوانەی لەسەر نووسین و چاپی نووسین دەژین، چۆن ژیانیان هەڵدەسوڕێنن؟

ئەی پڕۆلیتاریاکانی سەردەم، نووسەران و ڕۆژنامەوانانی کوردستان، یەکگرن!

ئەی ئەندامانی ئەو تۆڕە فراوانەی لەسەر حیسابی دەرکردنی ڕۆژنامەکان دەژین، ڕەحمێ بە حاڵی ڕۆژنامەوانانی هاوڕێتان!

**باسی حەوتەم:**

# پەرەپێدانی زمان

پرسی زمان لە ڕۆژنامەوانیدا بابەتێکی گەلێک گرنگ و هەستیارە. ئەگەر قەرار بێت زمان ئامرازی پەیوەندی نێوان ئینسانەکان بێت، بە تایبەتی ئینسانەکانی یەک نەتەوە، یان ئەوانەی زمانێک حاڵی دەبن و پێی دەئاخڤن، ئەوا دەکارین بێ دوودڵی بێژین، هەر زمانە کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ لە گەیاندنی پەیامی ڕۆژنامەوانی و میدیایدا. زمان لە ڕۆژنامەو ڕادیۆ و تەلەفزیونەکاندا ڕاز و ڕوانینەکان دێنێتە قسە و فاکتەری هەرە زیندووی پێکەوە گرێدانەوەی پرۆسەی "ناردنو وەرگرتنە" لە کردەوەی میدیاییدا. "نێردەر"، پەیامی خۆی بە زمان، چ زمانی ڕەسمکردنی پیت و وشەکان و چ زمانی گوزارشتی دەنگی لە ڕادیۆ و هی دەنگی و جوڵانی زار لە تەلەفزیۆن بێت، دەگەیەنێیتە وەرگر، کە بە گوێ و چاو پێشوازیان لێ دەکات، بەڵام لە کردەی میدیاییدا زیاتر لە هەر کایەیەکی تری وەبەرهێنی زمان، ئەم ئامرازە هەرە کاریگەرە ملکەچی وەرگۆران و دەستکاریکردن و گەشەکردنە. دروستە زمان وەک هەر دیاردەیەکی تری ئینسانی لە ژینگەیەکی

کۆمەڵایەتی هەمیشە لە گۆراندا دەگۆڕێ و گەشەدەکا و لە پرۆسەیەکی بەردەوامی ئاڵوویردایە لەگەڵ دەوروبەر و لەگەڵ زمان و زاراوەکانی تردا، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کایەی میدیا خەریکە بڵێین زمان لە کایەکانی تردا بە ڕەوتی کیسەڵ داژویو پتر لە ویستگەیەکی ڕاوەستان و بەکاوەخۆ چوونە پێشی لەبەردەمدایە. لێ هەرچی میدیایە، بە تایبەتی ڕۆژنامە، یەک لە وەبەرهێنە هەرە گەورەکانی سەرمایەی زمان و یەک لە کایە هەرە هەڵسوراوەکانە، کە ئاڵوویری پەیوەندی لەگەڵ زماندا دەکات، خزمەتی دەکا و کەڵک لە خزمەتەکانی وەردەگرێ، تۆوی گەشەکردنی ئاودەدا و لە بەری گەشەکردنەکەشی دەخوات. بەم پێیە، زمان لە ڕەوتی بەکارهێنانیدا لە کایەی میدیاو ڕۆژنامەوانیدا دەچێتە میانی پرۆسەیەکی زیندووی کارپێکردن و کارلێککردنەوە. شارەزایانی واری ڕۆژنامەوانی هەمیشە ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە، کە لەم پرۆسەدا ڕۆژنامەوانی و میدیا قەرزی وەبەرهێنانی خۆیان داوەتەوە. ڕەنگە بە زیادەوەش. زمانی ڕۆژنامەوانی لەنێوان لوتبەرزیو ڕووگرژیی زمانی ستاندار لەلایەک و سەرپێی و بازاری زمانی جادەدا لەلایەکی ترەوە، ڕێی سێیەمی ناوەندێتی گرتەبەر و زمانێکی نوێی داهێنا، کە پاسەوانانی دێرینی زمانی ستاندار لێی ڕازی بن و وەرگرانی پەیامی ڕۆژنامەوانی و میدیاییش لە سەری ڕابێن و بە خۆشحاڵیەوە دەکاری بەرن. سەلامە موسا، یەک لە ڕووناکبیر و ڕۆژنامەوانە گەورەکانی میسر، دەربارەی ئەم ڕێی سێیەمە دەبێژێ: "ئەمە دابەزاندن نییە بۆ ئاستی عەوام، بەڵکو بەرزکردنەوەی عەوامە بۆ ئاستی میللەت

... پێویستە ئێمەی ڕۆژنامەوانان ئەرکی بەرپرسیاریێتی هوشیارکردنەوەی میللەت بگرینە ئەستۆ. یەکەمین ئامرازی ئەو هوشیارکردنەوەش ئەوەیە، بە زمانێک بنووسین کە هەموو میللەت لێی حاڵی بن، زمانێکی هاسان کە مانای قوڵی تێدا بێت، بێ ئەوەی قەرەباڵغی و ڕیزکردنی ئەو وشەگەلانە بێت، کە خوێنەران دووردەخاتەوە"(١) دەربارەی ئەو خزمەتانەی زمانی ڕۆژنامەوانی پیشکەشی گەشەکردنی زمانی کردووە، پسپۆڕێکی ئەکادیمی بە ناوی د. عەبدولسەتار جەواد دەڵێ: "خودی زمانی عەرەبی کەڵکێکی زۆری لە ڕۆژنامەوانی وەرگرت لە بواری وەرگێڕان و بەعەرەبیکردن و داهێنانی دەستەواژە و گەلاڵەکردنی تەرزە پەخشانێکی نوێ"(٢) د.محەمەد سەید محەمەد ئەم تەرزە پەخشانەی ڕۆژنامەوانی دەیخولقێنێ ناودەنێ جۆری چوارەم لە جۆرەکانی پەخشان، کە لە دووڕیانی نێوان پەخشانی هونەری، واتا زمانی ئەدەبیو پەخشانی ئاسایی، زمانی داخۆیانی ڕۆژانە ڕادەوستێ(٣). هەڵبەتە ئەم خزمەتەی ڕۆژنامەوانی پێشکەشی گەشەکردنی زمانی نەتەوەکانی کردووە، لە هەموو زمانەکاندا، بە تایبەت ئەوی بۆی لوابێ ڕۆژنامەی پێ دەربکرێ، ڕێڕەوی تایبەتی خۆی بڕیووە. بگرە لە وڵاتی ئینگلیز، سەرەڕای ئەدەبە بەرزرەکەی شکسپیر و پێشڕەوانی ئەدەبی ئینگلیزی و کاری کەڵەکەبووی ئەوان لە پاراستنی هەیبەت و هەژموونی زمانی ئینگلیزیدا، لێ بە گوێرەی تۆژینەوەکانی واری ڕۆژنامەوانی، زمانی ئینگلیزی بێ دوودڵی قەرزاری ڕەوتی ڕەسەنی ڕۆژنامەوانی ئەو ئیمپراتۆرییە، کە سەرەنجام خۆری لێ ئاوابوو. دەگوترێ کاتی خۆی لەو وڵاتەدا فەرهەنگێکی هەزار

وشەیی بڵاوبۆوە، کە بریتی بوو لەو وشانەی ڕۆژنامەی بەنێوبانگی(The cuartian) لە ڕێی کاروانی ڕۆژنامەوانیی خۆیەوە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی پێ دەوڵەمەندتر کرد. ناوی فەرهەنگەکە "The cuartian Language" بوو، لە هەمووش دیارتر ئێستا تۆژەرەکانی بواری زمانەوانی لەو خزمەتانە دەکۆڵنەوە، کە ڕۆژنامەوانی بەنێوبانگی ئەمریکایی، ولیام ساڤایر، پێشکەشی گەشەکردنی زمانی ڕۆژنامەوانی لە ئەمریکاو وڵاتانی ئینگلیزیخوێندا کردووە. ساڤایر، یەک لەو کەسانەی لە نووسینەکانیدا دۆستایەتی کوردی کردووە، چەند دەیەیەکە بە شێوازی تایبەتمەندی خۆی مانای تر بە وشەکان دەبەخشێ و بازنەی ئاماژە و دارِشتنەکانی وشە ئینگلیزییەکان فراوانتر دەکا، بەو جۆرەی کە هەر ئێستا تۆژەرەوە و بایەخپێدەرانی پەرەپێدانی زمان لێکۆڵینەوە لەلایەنی زمانەوانی ستوونە هەفتانەییەکەی وی دەکەن لە ڕۆژنامەی (هیرالدتر بیۆن The Herald Tribune)دا.

## باسی هەشتەم:

# سەرەتاکانی ڕۆژنامەوانیی کوردی و ڕزگارکردنی زمانی کوردی..

لە نموونە کوردییەکەشدا، ڕۆژنامەوانیی کوردی نە تەنها زمانی کوردی پێشخستووە و پشکداری لە پەرەپێدانیدا کردووە، بەڵکو بە گوێرەی توێژینەوە سەنگینەکانی دەربارەی مێژوو و ڕەوتی رۆژنامەوانیی کوردی کراون، ڕۆژنامەوانی قەڵغانی پاراستنی زمانی کوردی بووە لە فەوتان و لەناوچوون. جا چ لە ڕێی دەستپێشخەری هێنانە سەرکاغەزی وشە و دەستەواژە کوردییەکان و چ لە ڕێی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی نکوڵیکردن لە زمانی کوردی و تایبەتمەندییەکانی. هەمیشە ڕۆژنامەوانیی کوردی دەرفەتێکی لەباری بۆ سەردەرکردنەوەی زمانی کوردی، لە پاش هەموو هەوڵێکی لەباربردن، ڕەخساندووە. دەربارەی ڕۆڵی پێشڕەوی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە هێنانە سەرکاغەزی زمانی ئاخاوتنی کوردی نەوشیروان مستەفا لە لێکۆڵینەوە تێروتەسەلەکەی خۆیدا (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٨٩٨-١٩١٨ بەرگی یەکەم) ئاوەها ڕۆڵی

لایەنی زمانەوانی ڕۆژنامەی کوردستان: یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، هەڵدەسەنگێنێ. "تا بڵاوکردنەوەی کوردستان زمانی کوردی تەنیا بۆ ئاخاوتن و هۆنینەوەی شیعر بەکارئەهێنرا. جگە لە عەقیدە نامەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩-١٨٣٧) و مەولودنامەکەی شێخ حسەینی قازی (١٧٩١-١٨٧٠) بە کرمانجی خواروو، چەند نووسینێکی مێژوویی و فۆلکلۆری مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٩-١٨٦٧) بە کرمانجی سەروو، بەرهەمێکی تر نییە بەم زمانە نوسرابێ و ئێستا لەبەردەستدابێ. کوردی هێشتا نەبوبو بە زمانی نووسینی نامە و پەخشان. خوێندەوارانی کورد لەناو خۆیاندا بۆ نامەنووسین زمانی فارسی، یان تورکی یان بەکارئەهێنا. جەریدەی کوردستان، سەرەتای دەسپێکردنی نووسینی بابەتی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی، بە زمانی کوردی"(٤)

لە ڕاستیدا تێکەڵی نێوان زمانی کوردی و ڕۆژنامەوانیی کوردی تێکەڵی نێوان گۆشت و خوێنە. ئەگەر لە وڵاتە خواپێداوەکاندا سامانی زمان بەروبوومێکی پێگەییوو و کامڵ بووبێ، نووسراو و سیپارەی لەپاش بەجێمابێ و ڕۆژنامەوانیی ئەوێندەرێ هاتبێتە سەر سفرەی حازری، ئەوا ڕۆژنامەوانیی کوردی ئەو شانازییەی پێ دەبڕێ، کە زمانی کوردی لە فەوتان پاراست و سامانێکی سەرزارەکی گواستەوە بۆ ئاستێکی باڵاتری شارستانی، ئەویش ئاستی نووسراوە. هەروا بەو سەروەرییە مێژووییەشەوە نەوەستا، بەڵکو بە گوێرەی توانا و دەسەڵاتی ڕەوتی ١٠٤ ساڵەی خۆی لە واری دەوڵەمەندکردن و دۆزینەوەی ڕێوشوێنی تری گوزارشتکردندا هیمەت و کۆششێکی زۆری کردووە.

وەک دەزانرێ لەم سەردەمە پێشکەوتووەی دونیادا، بە هۆی نەبوونی سیستمی پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی لە سێ بەشی کوردستان و ناکاریی ئەو سیستەمە لە بەشی کوردستانی عێراق، تا پێش ڕاپەڕین، ڕۆژنامەوانیی بووە تەنها کایە بۆ زیندوو ڕاگرتنی زمانی کوردی لەلایەک و گەشەپێدان و پێشخستنیشی لەلایەکی ترەوە. توێژینەوەیەکی تێروتەسەل، کە د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لەسەر ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی کردوویەتی، دێتە سەرپرسی پەرەسەندنی زمانی کوردی و هەوڵەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو لە دەوڵەمەندکردنیدا:

"سەرپەرشتیکەرانی تێگەیشتنی ڕاستی هەوڵێکی باشیان داوە بۆ هەڵبژاردن و داڕشتنی وشەی کوردیی پەتی بۆ مانای نوێ... لەم بارەیەوە گرنگ ئەوەیە نووسەرانی تێگەیشتنی ڕاستی لەگەڵ کاری ڕۆژانەیان هەستیان بە پێویستی دەسکاریکردنی ڕێنووسی کوردی کردووە و لەم مەیدانەدا بە پێی دەسەڵاتی خۆیان و هەنگاوی باشیان ناوە"(٥) لە شوێنێکی تریشدا، لە بارەی پێگەی ئەم ڕۆژنامەیە لە خزمەتکردنی زمانی کوردیدا دەڵێ: "ڕاستە ڕۆژنامە و گۆڤارە زووەکانی کورد بەپێی تواناو تێگەیشتنی سەردەمی خۆیان بایەخیان بە زمان و ڕێنووسی کوردی داوە. ژین-ی ئەستەمبول و تایبەت هاوار-ی شام شوێنی دیاریان لەسەر لاپەڕەکانیان بۆ ئەم باسە تەرخان کردبوو. یەکەمیان لە دوا ژمارەکانیدا پێشنیاری چەند پیتێکی نیشانەداری بۆ نووسینی کوردی کرد و چەند جارێ بڵاوی کردنەوە.. بەڵام دەستپێشکەری ئەم مەیدانە گرنگە هی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی یە"(٦).

واتا لەبارەی زمانەوانییەوە، ئەوی لێرەدا د.کەمال تەئکیدی لێ

دەکاتەوە، هەمان ئەو پرسانەن کە ڕۆژنامە هاوچەرخەکانیش خۆیانی پێوە مژوڵ دەکەن:

١- داهێنان و داڕشتنی وشە و مانای نوێ.

٢- مژوڵبوون بەرێنووسی وشەکان و ڕەسمکردنیانەوە.(٧)

٣- چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی زمان، کە لە گەرمەی کاری ڕۆژنامەوانیدا تووشی ستافی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکان دێن.

٤- دواجاریش دیاریکردنی پشکداریی هەر ڕۆژنامەیەک لە پێشخستنی زمان و فەرهەنگی زاراوەکانی هەر زمانێک لە ڕەوتی کاروانی ڕۆژنامەوانیی نەتەوەدا، هەر نەتەوەیەکدا.

هەڵبەتە ئەم پرسانەش بە گوێرەی زەمان و زەمینی ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی کوردی گۆڕاون و دەگۆڕێن. مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە، هەلومەرجی وا هەبووە، کە ڕۆژنامەکانمان لەبەر تەسکیی دەرفەتی کارکردن لەبەردەمیاندا بە ناچاری هەروا لە بازنەی داخراوی بابەتێکی بەرتەسکدا خولاونەتەوە. لە حاڵی واشدا زمانی ڕۆژنامەوانیش لە هەمان بازنەی بەرتەسکدا لە جێی خۆی تلاوەتەوە. لە سایەی ڕژێمە تۆتالتیارەکانی دژ بە کورددا هەروەختێکی دەرفەتی دەرکردنی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەش هەبووبێ، ئەوا لێنەگەڕاون ڕۆژنامە سنووری باسوخواسەکانی ئەدەب و هونەر، یان سنووری باسوخواسە لۆکالییەکانی تایبەت بە شارەوانییەکان، یان هەڵسوڕانی توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە تێپەڕێنێ. ڕاستە رۆژنامەی واری هونەر و ئەدەبیش کار لە مەسەلەکانی زمان و جوانکاری زمان دەکەن جێدەستی تێدا جێدێڵین، بەڵام دیاریشە کایەی ئەدەب دواجار یەک لەو دەیان کایە کاریگەرانەیە کە چاوەڕێ دەکرێ ڕۆژنامەو

بەوپێیەش زمانی ڕۆژنامەش کاریان تێدا بکەن.
کایەکانی وەکو فیکر، سیاسەت، ئابووری، زانست زانیاری، سۆسیۆلۆژیا و... هتد لەو کایە گرنگانەی ژیانن، کە ڕۆژنامەوانیی خزمەتیان دەکا و هەندێک جار بڵاوکراوەی تایبەتیان بۆ پەخش دەکات. هەر لەمیانی ئەم خزمەتەشدا، زمان دەرفەتی فراوانبوون و گەشەکردنی بۆ دەڕەخسێ، چونکە زمانیش وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تر لە سایەی فەزای کراوەو ئازاددا نەشونما دەکا و دەگەشێتەوە، لە کەشی سەرکوت و داخراندا زمان لەناو مانا دێرین و سەرەتاییەکانی خۆیدا قەتیس دەبێ و لە داخ و قەهردا دەژاکێ و سیس دەبێت. لەبەرامبەریشدا هەلومەرجی واش هاتۆتە پێش کە بە هۆی وەرگۆڕانی ڕەوشی سیاسیی وڵات یان ناوچەکەوە، جۆرێک لە هێوری و کرانەوەی سیاسیی ڕەخساوە، ئەمەش بەشی خۆی دەرفەتی بۆ فراوانبوونی بازنەی کایەکانی ئیشکردنی ڕۆژنامەوانیی کوردی هێناوەتە بوون. ئیتر لەو دەرفەتدا، باکەمیش بێ، گەشەکردنی زمان و گەشەکردنی ڕۆژنامەوانی جارێکی تر ئاوێتەبوونەتەوە، بەڵام دیارە دەرفەت ناوەکەی بەخۆوەیەتی و هی کاتێکی دیاریکراوە. بۆیە سەرەنجام بە نەمانی کرانەوەو هێوری، ڕەوڕەوەی گەشەکردنە دووسەرییەکەی زمانی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانی پەکیان کەوتووە. مەگەر بە ڕۆنگۆڕی ڕۆژنامەوانیی نهێنی، یان ڕۆژنامەوانی شاخ، یان ڕۆژنامەوانی تاراوگە، کە زۆربەیان لەلایەن هێزە سیاسییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییەوە بڵاودەبوونەوە، جاربەجار دانەکانی ڕەوەڕەوەکە چەور ببوبێتەوە و لە ژەنگ و هەڵێنان قوتاری بووبێت.

باسی نۆیەم:

# فەزای ئازادی و هەناسەدانی زمان

لە سێ قۆناغی لێک نزیکی تر و لە فەزای جۆرێک لە ئازادیدا، دەرفەتێکی تر هاتە پێش بۆ گەشەکردنی زمانی نووسین لە ڕۆژنامەوانیی کوردییدا.

قۆناغی یەکەم: قۆناغی درەوشانەوەی ئەدەبیاتی سیاسیی کورد و گوزارشتەکانی ڕۆژنامەوانی و میدیای بەرخۆدان بوو لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا.

قۆناغی دووەم: قۆناغی دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانیی کوردی بوو لە ئەورووپا.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی دوای ڕاپەڕین و سەردەمی ئازادی ژێرسایەی دەسەڵاتی کوردی بوو.

لە قۆناغی یەکەمدا درەوشانەوەی جۆرێک لە جۆرەکانی کاری میدیایی، ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان، کە زمانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان گۆڕی، دەرفەتێکی چاکی هێنایە پێش کە فەزای زمانی کوردی پێشکەوێ و وەرگۆڕانی تیا بقەومێ. ناکرێ ئەم پێشکەوتنە لە دوو پێشینەی کاریگەری ئەزموونی سیاسیی کوردستان داببرێت، ئەگەرچی ڕێچکە

شکاندنێکی بەرچاویشی خوڵقاند:

پێشینەی یەکەم: ڕەوتی پەرەسەندنی خودی ڕۆژنامەوانیی کوردی بە مانا فراوانەکەی و دەرکەوتنی مەیلی ئیشکردن لەسەر سامانی زمان و کەموزۆر پەرەپێدانی.

پێشینەی دووەم: تەجرەبەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەناو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، بەهەردوو باری ڕۆژنامەوانیی نهێنی و ڕۆژنامەوانیی پێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە.

هەردوو تەجرەبە سەرمایەیەکی کەڵەکەبوو بوون بۆ زمانی ڕۆژنامەوانیی شۆڕشی نوێ، کە توانی زمانێکی نوێ بهێنێتە ناو ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنی کوردییەوە. زمانێکی ئەوتۆ، کە کاریگەری لەسەر ڕەوشی میدیای دوای راپەڕینیش دابنێ‌و کۆمەڵێک دەستەواژە و زاراوە و داڕشتنی تازە بهێنێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە.

ئەمەش سەبارەت بەوە بوو، کە شۆڕش لە حاڵەتی بەرخۆداندا، ئەگەرچی هێشتا وڵاتی ئازاد نەکردبوو، لێ چونکە بەرخۆدانی دەکرد، بێمنەتانە خیتابی میدیایی خۆی پەخش دەکرد و لەو میانەشدا ڕاستەوخۆ پشکداری پەرەپێدانی زمانی دەکرد، بە تایبەتی لە واری داڕشتنی ڕستە و گوتاری سیاسیدا.

قۆناغی دووەم: دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانی کوردی بوو لە ئەورووپا و لە ڕۆژئاوا، ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان نیوەی دووەمی هەشتاکان، هاوشانی گەشەکردنی قۆناغی یەکەم، نیوەی یەکەمی نەوەدەکان، هاوشانی گەشەکردنی قۆناغی سێیەم.

لەم قۆناغەدا چەند گۆڤارێکی کوردی سەربەخۆ لە تاراوگە

دەرچوون، کە ناوەڕۆکەکانیان تێکەڵییەک بوون لە پرسی سیاسی و ڕووناکبیری، جا ئەگەر هەڵسەنگاندنی لایەنی سیاسی و خیتابی سیاسیی ئەمانە ئیجتهادی جیاجیا هەڵبگرن، ئەوا لەباری دەوڵەمەندکردنی زمانەوە، ئەم گۆڤارانە بەشی خۆیان سەرمایەیان خستە سەر سامانی زمانی نەتەوەییمان. گۆڤاری (یەکگرتن)، هەر بۆ نموونە، یەک لەو گۆڤارانە بوو کە توانی چ لە باری دارِشتنی وشەی نوێ و چ لە باری ڕەچاوکردنی جۆرێک لە ڕێنووسی جێگیر، مەبەستمان لەو ڕێنووسەیە کە یەک وشە بە پتر لە ڕێنووسێک بنووسرێ، خزمەتی خۆی نمایش بکات. ئەم کۆششە بە تایبەتی لە سەروبەندی راپەڕین و دوای ڕاپەڕینەکەی کوردستان تێکەڵی ڕەوەندێکی بەرچاوی بلاڤۆک و ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی کوردانی هەندەران بوو. لە گۆڤاری (ڕابوون)، ڕۆژنامەکانی (هەنگاو)، (هەتاو) و (ژینی نوێ)ەوە بۆ ڕۆژنامەی تێروتەسەلی (پەیام)ی لەندەنی، ئەم ڕەوەندە شوێن پەنجەی خۆی لەسەر زمانی ڕۆژنامەوانیی تاراوگە دانا و لە چوارچێوەی ئاڵوێری پەیوەندی ڕووناکبیری نێوان کوردستان و ڕەوەندی ڕووناکبیر لە دەرەوەی وڵاتیش، بەشی خۆی کاریگەری لەسەر ڕەوتەکەی ناوەوەش دانا.

گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەم قۆناغە بریتی بوون لە:

- دارِشتن و بەخشینی مانای نوێ بە وشە و دەستەواژەکان، وەک جۆرێک لە خۆجیاکردنەوەی ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی تاراوگە لە ڕەوتەکەی ناوەوە، کە زۆربەیان بە دەست بزووتنەوەی سیاسیی و هێزەکانییەوە بوون.

- تێکەڵی کوردانی پارچە جیاجیاکان و ناوچە جیاجیاکانی

هەر پارچەیەک لەگەڵ یەکتری و تێکەڵیان لەگەڵ زمان و فەرهەنگی بێگانە زمان و دەربڕینی ڕۆژنامەوانی لە تاراوگەی لە دووسەرەوە، پێشخست:

١. لە ڕووی دەکاربردنی وشەی ناوچە جیاجیاکان و هەوڵدان بۆ بەکاربردنیان لە زمانی نووسین و دەربڕیندا.

٢. لە ڕووی بەکاربردنی وشەی زمانە زیندووەکانی دونیاو دەرەوە و تێکەڵکردنیان لەگەڵ فەرهەنگی کوردیدا لە جیاتی ئەو وشە عەرەبی و تورکی و فارسیانەی پێشتر ئەڵتەرناتیڤی کوردییان بۆ دیاری نەکرابوو.

٣. هەلومەرجی دەرکردنی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە، کە هی وایان تێدا بوو وەرزی، هی وایان هەبوو مانگانە بوو. گۆڤار و ڕۆژنامەی لەم بابەتە و لە تاراوگەش، کە خاوەنانی دوور لە نیشتمان کات و سەرقاڵی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن، دەرفەتێکی چاکی ڕەخساند تا دوور لە ڕۆتینی کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان، یان دوور لە گێژاو و گێچەڵی ڕۆژنامەوانیی کوردی ژێر سایەی ڕژێمەکان و هەلومەرجی سەختی ڕۆژنامەوانیی شاخ، بتوانن بە وردی و بە شەوقو پشوویەکی درێژترەوە لەسەر ڕێنووس و لەسەر زمانی دەربڕینی وتار و نووسینەکانیان هەڵوەستە بکەن و بە شێنەیی خزمەتی بکەن. بۆیە کارەکان ڕێکوپێکتر ئەنجام دەدران. هەر ئەم هەلومەرجەش بوو دەرفەتی بۆ هەڵسوڕاوانی ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە ڕەخساند، تا وردە وردە هەندێک لە ڕێباز و ڕێسا و بنەماکانی زمانی کوردی و ڕاسپاردەکانی پسپۆرانی کوردی، کە لە کتێب و لێکۆڵینەوەکانیدا هاتووە، جێبەجێ بکەن.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی دوای ڕاپەڕین و سەردەمی ئازادی ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆماڵی بوو. هەڵبەت ئەم قۆناغە سەنگینترین و پڕبەرهەمترین قۆناغی ڕۆژنامەوانیی کوردییە لە هەموو کایەکاندا، بە کایەی زمانیشەوە. قسەکردن لەسەر ئەم قۆناغە باسوخواستی تایبەتی گەرەکە، بۆیە لەگەڵ باسوخواسی پرسی زمان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا (چ ئەوانەی نێوخۆیین و چ ئەوانەی نێودەوڵەتین) بۆ دەمێکی تری هەڵدەگرین، کە بەشێنەیی لەبارەیانەوە بدوێین. لێ ئەوەندەی پەیوەندی بەم ئاماژانەوە هەیە دەکارین بێژین:

لەم قۆناغەدا زمانی دەربڕین و دەستەواژەکانی بەکاردەهاتن تێکەڵ بە یەک بوون لە کەلتووری زمانی میدیایی شاخ و ئەو ئاستەی زمانی ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە بەغدای پایتەختو شارە کوردستانییەکاندا پێی گەیشتبوو. لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا، چونکە ئەزموونی ڕۆژنامەوانی بۆ خۆی پشتی بە توانای ڕۆژنامەوانان و میدیاوانانی شۆڕش و هەندێک لە ڕۆژنامەنووس و ئەدیبەکانی شارەکان دەبەست، زمانەکە تێکەڵییەک بوو لە سەلیقەی زمانەوانی ئەو شەبەنگانەی لەگەڵ ئارەزوویەکی بێپایان بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی ڕۆژنامەوانی بە توخمی نوێ و هەرچی زووتر و زیاتر دەربازبوونی لەوەی پێی دەگوترا زمانی ڕۆژنامەکانی (هاوکاری، ئاسۆ و بزاڤ). لەپاڵ ئەوانەدا گەنجەکان هاتنە سەر هێڵی تێکشکاندنی شێوازی باوی گوزارشتکردن و ڕستە هۆنینەوە، شێوازی باوی ڕێنووس و مانا بەرتەسکەکانی وشە و دەستەواژە. ئەوان بە کەڵکوەرگرتن لەو زمانە نوێیەی

ڕاپەڕینی نوێ بۆ زەمەنی نوێ هێنابووی، بە کەڵکوەرگرتن لە تەجرەبەی ڕۆژنامەوانیی شاخ و ڕۆژنامەوانیی تاراوگە، بە ئارەزوویەکی گەرموگوڕ بۆ دیتنەوەی مانا و گوزارشت بۆ ئەو باسوخواسانەی پێش ڕاپەڕین بڤە بوون و ڕاپەڕین گەردەنی ئازادکردن، گۆڕانکاری بەرچاویان لە زمانی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا کرد، بەڵام هەڵبەت ئەم هەوڵ و کۆششەی گەنجەکان و هاوپەیمانەکانیان بێ کێماسی و هەروا بێ گرفت و بێ سەرئێشە نەبوو. مەسەلەگەلێک، کە لە دەرفەتی تردا دەچینەوە سەریان.

**باسی دەیەم:**

# ڕۆژنامەی ڕۆژانە

خەریکە بڵێم، کورد هێشتا ماوێتی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەبێ. پێم باش بوو ئەم ڕستەیە بکەمە سەردێڕی دیاردەی ئەم جارە، کە بەتایبەتی لە ژیانی کورتی ڕۆژنامەوانیمدا دەردی زۆری داومەتێ. کورد ماوێتی بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە، نەک لەبەر ئەوەی خوێنەری کەمن، نەک لەبەر ئەوەی خوا نەخواستە میللەتەکەمان زۆری ماوە ژیری و هوشیاری و هەروا ئاتاجە ڕۆشنبیرییەکانی بگەنە ئاستێک، کە ڕۆژنامە ژەمی سپێدەی هەموو ڕۆژێکی بێت، بەڵکو بە ڕوون و ئاشکرا بیڵێم، لە باری تەکنیکییەوە، بە تایبەتی بۆ مەسەلەکانی زمانو ڕێنووس، هێشتا تواناکانمان لەو ئاستەدا نییە، کە کۆنترۆڵی زمان و ڕێنووسی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیان پێ بکرێت.

لە شوێنێکی تری ئەم زنجیرە وتارەدا، لەبارەی زمانەوە دوام، بەڵام ئەم جارە دەخوازم دەربارەی ئەو گرفتانە بدوێم، کە زمانی ڕۆژنامەی ڕۆژانە تووشی دێت. هەیکەلی ڕاییکردنی ڕۆژنامەوانی، یان ئەوەی پێی دەڵێن (التحریر الصحفی)، لە ڕۆژنامەی کوردییدا گرفتی زۆری

هەس، گرنگترین گرفت، کەمی شارەزایی و کەمی توانای ڕۆژنامەوانان خۆیان و نەبوونی ژمارە و جۆری پێوست لە کادیر و هەڵسوڕێنەرو تەکنیکارانی کاری ڕۆژانەیە. ئەمانە ڕێگری سەرەکین لە کۆنترۆڵکردنی زمان و هەروا ڕێنووسی نووسینەکانی نێو هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ڕۆژانە، چونکە ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە کوردستان، بگرە تەنانەت هەندێک لەو هەفتەنامانەی قورسایی دەخەنە سەر دوا شەوی وادەی دەرکردنی هەفتەنامەکەیان، بە زۆری لە ئێوارە و لە دوا ساتەکانی دەرکردندا لاپەڕە سەرەتاییەکانی خۆیان، ئەو لاپەڕانە دەنووسن و ڕایی دەکەن، کە تایبەتن بە هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ و دوا وتارەکانی شەو، لەو پەلەپەلییەو تەنگاوییەی ململانێکردن لەگەڵ کات دەینێتەوە دەیان و دەیان هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی چاپ و هەڵەی کۆمپیوتەر دەقەومێن، دەیان ڕستەی ناشیرین و نەگونجاو ڕیز دەکرێن، کە خاوەنەکانیان لە ساتەوەختی ڕیزکردنیاندا لەبیریان دەچێتەوە ئەو غەدرەی بەم نیوەشەوە لە زمان و ڕێنووسی کوردی دەکرێت، سبەی لەگەڵ هەڵاتنی خۆری ڕۆژێکی تر و ژمارەیەکی تری ڕۆژنامەکەدا، هەموو عالەم پێی دەزانن.

لە باری نەخشەسازی و جوانکاریی ڕۆژنامەشەوە، دیسانەوە ئاستی تەکنیکی ڕۆژنامەی کوردی بۆ خۆی لاوازە، چ سەبارەت بە تواناکانی تەکنیکار و چ سەبارەت بە کەمیی کەرەستە و ئامڕازەکانی لەبەردەستن.

شەوانی دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژانە، کە هەلومەرجی هەڵوەشاندنەوەی لاپەڕە و گواستنەوەی لاپەڕە و لابردنی

بابەت و نووسینی تێ دەکەوێت، هیچ دەرفەت و پەراوێزێک ناهێڵێتەوە تا نەخشەسازی کەم ئەزموون و بێ کەرەستەی کورد بە شێنەیی بتوانێت جوانکاری و سەلیقەی هونەری تێدا بخاتە کار. شەوانی ڕۆژنامەی ڕۆژانە ململانێیە لەگەڵ کاتو هەواڵ و گلەییەکانی چاپخانەدا بەو کەرەستە کەمە و بەو ژمارە کەمەی تەکنیکار، یان بە جۆرێکی تر بەو ژمارە کەمەی تەکنیکاری چۆنایەتی دواجار بەرهەمی سبەینێ وێنەی تەڵخ و نەخشەی ناشیرین و کەموکوڕییەکانی ڕێنووس دەبێت.

ڕۆژنامەی ڕۆژانە بوار بە دەستەی نووسەران و سکرتاریەتی نووسین نادات بە وردی بەدوای هەڵەکانی زمان و پاشاگەردانی ڕێنووسدا بگەڕێن. ئەمەش لەم وەختەدا، کە هێشتا زمانی یەکگرتوو، یان تەنانەت ڕێنووسێکی کە لەسەری کۆکبین نەهاتۆتە کایەوە، گرفتێکی گەلێک گەورەیە. بۆیە دیسانەوە خەریکە بڵێم، مەگەر چەند ڕۆژنامەیەکی کوردستان بە هەموو توانای خۆیانەوە، تواناکانی نووسین و تواناکانی بواری تەکنیکی، یەک بگرن، ئینجا دەتوانن ئەرکی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لە باری زمانەوە ڕایی بکەن، یانیش تاخوا دەروویەکی خێر دەکاتەوە لەگەڵ ڕۆژنامەی هەفتانەدا هەڵبکەین، کە زیاتر کۆنترۆڵ دەکرێت، هەڵبەت ئەم داخوازییە داخوازییەکی مەجازییە بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژانە، چونکە دەزانم لە باری سەروەریی نەتەوەییەوە چەند پێویستە ڕۆژنامەی ڕۆژانەمان هەبێت، بەڵام هەر لەبەر ئەو سەروەریەشە دەڵێم دەبێ چارەسەرییەک هەبێ و هەروا لێی بێدەنگ نەبین.

**پەراوێزەکان..**

١. سلامه موسى، الصحافة حرفة ورسالة. سلامه موسى للنشر والتوزيع، مێژوو بێ. لاپەڕە (٤٦).

٢. الدكتور عبدالستار جواد، اللغة الاعلامية، دراسة في صناعة النصوص الاعلامية وتحليلها. دار هلال للترجمة ١٩٩٨. لاپەڕە(١١).


٣. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٠).

٤. نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی (١٨٩٨-١٩١٨)، بەرگی یەکەم لاپەڕە ٦٥.

٥. د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ١٩٧٨ لاپەڕە ١٤٩-١٥١.

٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەربارەی ئەزموونی کارکردن لەسەر پەرەپێدانی ڕێنووسی کوردی لە ڕێی ڕۆژنامەوە د.ئەورەحمانی حاجی مارف لە چاپکراوەی (ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستیدا) توێژینەوەیەکی سەنگینی ئامادە کردووە. ئەگەرچی د.حاجی مارف بە لەخۆبردووییەوە باسی لێکۆڵینەوەکەی دەکات، بە بەراورد لەگەڵ کتێبەکەی د.کەمالدا، بەڵام دواجار ئەوی ئەمیش تەواوکارێکی سەرکەوتووانەی پرۆژەکەی د.کەمال مەزهەرە. بڕوانە ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی-دا د.ئەورەحمانی حاجی مارف، بەغدا-١٩٨٣.







**ئەلفابێتا و شێوازی نووسین لە کێشە موزمینەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردییە کە هیچ ڕۆژنامەوانییەک کێشەی وەک ئەمەی ئێمەی نییە.**



Sal 1 — Hejmar 11

# ROJA NÛ

Duşemb 12 Tîrmeh 1943

Kiriyariya Roja Nû; ji bona erdên Sûriye û Libnanê; 10 Jîreyên Sûrî; ji bona welatên din 2 lîreyên ingilîzî. Bihayê Hejmarekê: 10 Qemerî.

Dîwan û gerînendekariya Rojnamê: Bêrût-Birc; Weqif Tabet, Telefona Dîwanê: 74-04; Telefona Mala Xwediyê Roja Nû: 84-41. Edresa telg: Bêrût-Rojanû.

XWEDÎ Û GERÎNENDE: MÎR Dr. KAMIRAN ALÎ BEDIR-XAN

CENG & SIYASET

## DEWRAN

XURTBÛN

Ji bona xurtbûna peya an miletekî çar tişt divêtin: Mêranî, Bext, Zanîn û Dewlemendî.

### Mêranî, Bext, Zanîn

Mêranî dana Xwedê ye. Peya û miletin hene, Xuda mêranî daye wan û mirov û nijadin hene ko nava wan tu ne. Her çend jî rast e ko gelek carî, peyayên tirsonek bi eqil û zanînê dibin mêr.

Gelek caran bext ji mêraniyê ye; lê dîsa bi zanînê peyayên kêmbext, çavê xwe vedikin, pîsîtiya bêbextiyê nas dikin, xwe diedilînin, diçeyînin û jê diqerin û xwe didin qenciyê. Ji xwe heçî mêrxas in, her tim xwediyê bextê xwe ne, bêbeytiyê na kin û heke yekî bêbextiyê li wan kir, dîsa xwediyê bextê xwe ne.

Mirov dikare bibêje ko zanîn,

## BER BI ENIYA DIWEMIN VE

### Leşkerén Hevalbenda Pé Li Erdé Talyana Kirine

Vegirtina erdê Ewripayê destpê kiriye. Di eniya diwemîn de leşkerên hevalbend şerî qiwetên Mihwerê dikin. Eskerên emerîkanî û kenadî derketine erdê Sicilyayê, xeta parastina Mihwerê a yekemîn. Di nav bira leşkerên hevalbend û yên talyan û elemanî de şerine xurt çêdibin.

## Di Nav Çar Rojan De

Hezar û Heştsed û Sih û Sê Tang û Heştsed û Şêst Balafir

MOSKÛ—A.F.I. Ev çar roj in êrîşên elemana dom dikin. Di nav wan her çar rojan de 1833 tang û 860 balafirên elemanî hatine xira kirin. 30.000 kuştiyên dijmin li erdê mane. Xesarên elemana: Roja Duşembê: 586 tang û 203 balafir; Sêşembê: 423 tang û 267 balafir; Çarşembê: 520 tang û 229 balafir û Pêncşembê: 304 tang û 161 balafir in. Eleman eniya Orel—Kursk—Bielgorodê de bi 500.000 şerevanî şerî me dikin. Qesda wan ev e ko dixwazin dora qerargeha Kurskê bigirin û qiwetên me yên vê qerargehê 00.000 esker ji qiwetên mayîn veqetînin.

## GOTINÊN STALÎN

Miletê me gotinên Mareşal Stalîn yên ko di bangîna yekê gulanê de hatine çapkirin ji bîra ne kiriye. Stalîn digot: Dijmina derbên eskerên me ên birûskîn nas û tam kirine. Wextekî nîzing de, Ordiya Sor û Ordiyên Hevalbendên me, stoyê dijmina bişkînînin.

MOSKÛ— A.F.I. Rojnameyên rûsî dinivîsînin: Dewra etlahiyê qediyaye. Di eniya me de şerine zor û xwîndar çêdibin. Miletên Sovyetistanê her wekî dizanin dehwa wan heq û rast e, û Ordiya Sor xurt e, bi dilekî rahet li bûyera dinêrin.

CIHANEK


KITÊBA Mr. WENDEL WILKÎ

*«Bi milyonan însan li welatên Rohelatê dûr û nîzing û der erdên din mînêkarî azahî û serbestiyê ne û ew miletên he naxwazin dewletên biyanî têkilî işê welatê wan bibin.»*

Mr. Wendel Wilkî, yê ko nimînendeyê Serekcimhûrê Emerîkayê Mister Rûzwelt ê xas e, û par li




**وێستگەی گەلاوێژ ئەزموونێکی ناوازەیە لە مێژووی ڕۆژنامەوانی و فەرهەنگی کوردیدا.**







سەلامە موسا
ڕۆشنگەرێک
ڕۆژنامەی
کردە دەسکەلا.



پیرەمێرد ستایلی
خوێندگەیەکی
تایبەتی
ڕۆژنامەوانیی
کوردییە.



ولیام سافاریر
خوێندنگەیەک
لە نەریت و
ئەزموونی
ڕۆژنامەوانی.




**د.کەمال مەزهەر لە کتێبەکانی مێژوودا بەشێکی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی نووسیوەتەوە لە (تێگەیشتنی ڕاستی)دا و د.ئەورەحمان حاجی مارفیش بە لێکۆڵینەوەکەی لە بواری زمانی ڕۆژنامەوانیی (تێگەیشتنی راستی) تەواوی کردووە.**











دیزاین هونەرێکە
دەتوانرێت هەموو
هونەرەکانی تری
بۆ بخرێتە کار.






٥ مليمات

الأهرام

مات الملك

ليحيى الملك

فؤاد الاول

فاروق الاول

**فەسڵی سێیەم**

## ڕۆژنامەگەریی سیاسی لە کوردستان

**باسی یەکەم:**

# کاریگەری سیاسەت لەسەر ڕۆژنامەگەری و..
# ڕۆژنامەگەریی سیاسی

ئەم نووسینە بەشێکە لە بابەتێکی تایبەت بە رۆژنامەگەری سیاسی لە کوردستان و شیکردنەوەی سیاسی لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا..

مەبەستی هەر چالاکییەکی ڕۆژنامەگەری، گەیشتنە بە ئامانجێکی سیاسی، لێ دەکرێ ئەو ئامانجە خوردبکرێتە سەر چەندین ئامانجی وردتر، یان دەشێ جۆری ئەو ئامانجە بە گوێرەی جیاوازیی ڕۆژنامەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت. ئەو ڕۆژنامانەی ڕەواج بە سیستمێکی سیاسی، بیروبۆچوون و بەرنامەیەکی دیاریکراو، شێوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری تایبەت، یاخود ڕەوتێکی ڕۆشنبیری لە بواری داهێنانی هونەریو ڕۆحی دا دەدەن، ئەوانە بە دوای ئامانجەگەلێکی سیاسیدا کەوتوون، کە دەشێ هەریەک لەو سیستم و بۆچوونو شێوە و ڕەوتانە دەگەڵ یەکتریدا ناکۆک بن، بەڵام لەوەدا یەک دەگرنەوە، کە لە بواری خستنەڕووی (شمەک)ەکەی خۆیاندا تەرجەمەیەکی ڕۆژنامەگەرییانەی

سەرکەوتوو نیشان بدەن، ئەو تەرجەمەیەش بە مانای گرتنەبەری نوێترین تەکنیکی ڕۆژنامەگەری و داهێنەرترین شێوەی ڕاگەیاندن بێت، بەو جۆرەی کە ئامانجە سیاسییەکە وا لە پشت (کڕیاری شمەکەکە) ئەسڵەن هەستی پێ نەکات.

کەوابێ ئەوە ئیعتباری تەکنیکی ڕۆژنامەگەرییانەیە، کە حیساب بۆ ڕۆژنامەبوونی ڕۆژنامەیەک دەکەن و پێوەری ڕۆژنامەگەری پێ دەبەخشن، نەک شێوە و ڕەوایی ئەو بۆچوون و سیاسەت و ڕەوتەی ڕۆژنامەکە گوزارشت یان بانگەشەی بۆ دەکا.

لە سەرینی ئەمەوە ئامانجی سیاسی، لایەنی هەرەجەوهەری کاری ڕۆژنامەگەرییانەیە، تەنانەت کە بایەخ بە بواری دیکەی ناسیاسیی دەدەن، یان تەنانەت لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتردا بایەخ بە وەرزش، ئەدەب و هونەرەجوانەکان دەدەن، چونکە ئەدەب و هونەرە جوانەکان و وەرزش دەخوازن گەشە بە ڕۆح و روانین و چێژی ئینسانەکان بدەن، ئەوەش خواستی سیاسەتە، ئەگەر مانا ئیجابییەکانی سیاسەت ڕەچاو بکەینو دوورابیە ئەخلاقییەکانی لێ نەکەینەوە. لە شێوەی ئیداریو پرۆژەی ڕۆشنبیریشدا، بۆ خۆی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبی، هونەری و وەرزشی لە کۆمەڵگەیەکی جێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دێتە بوون، کە یان:

* دەوڵەت بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن، یاخود پشتگیریکردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری دەرفەتی گەشەپێدانی پێ دەدا لە چوارچێوەی گەشەپێدانی شارستانی لە کۆمەڵگەکەدا.

* یاخود تاک و گرووپە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان،

وەک ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیانەی گەشەی دیموکراسی، فرەمینبەریو جێگیربوونی کۆمەڵگەی مەدەنی دەخوازن سیاسەتێکی ڕۆشنبیریی گەشەکردووی پڕ داهێنان و ئەفراندن پەیڕەو بکەن، لەپێناو بەرزبوونەوە و تەرەقی کۆمەڵدا.

دەمێنێەوە ئەوەی لە کۆمەڵگە داخراو و دیکتاتۆرییەکاندا ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبی لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبنە جەفەنگ و بەدیلێکی ڕۆژنامەگەریی سیاسی ئازاد، کە لە کۆمەڵگەدا قاچاغ بووە و لە ڕێگای ڕۆژنامەگەریی ئەدەبیو برەودان بەو ڕێگایەوە گوزارشت لە یاخیبوونی ئەدەبی و ناڕازیبوونی سیاسیی دەکرێ.

بە هەمان پێوانە، ئەو ڕۆژنامانەی لەنێو نەتەوە ژێردەستەکانیش بڵاو دەبنەوە و بایەخ بە زیندوو ڕاگرتنی زمان و کەلتووری نەتەوەیی دەدەن، ئەوانەش لە ڕێگای پاراستنی ڕۆشنبیریی نەتەوەییەوە ئیش بۆ ئامانجێکی سیاسی دەکەن، ئەویش ئامانجی پاراستنی بوونی نەتەوەیی و گەشەپێدانی زمان و کەلتووری نەتەوەییە، وەک گوزارشتێک لە مانەوەی نەتەوە لەو هەلومەرجە سەختانەی هێشتا دەرفەتی قەوارەو سەربەخۆیی سیاسی نەڕەخساوە.

لەوەش بترازێ، بۆ خۆی بایەخدان بە زمان و پاراستنی ناوەڕۆکێکی سیاسیی هەیە، چونکە زمان ئامڕازی پەیوەندیکردنو لێک گەیشتنە لەگەڵ کەسانی تر و ئەوانی ترداو ئامڕازی دیبلۆماسی و پەیوەندیی گرووپ و دەوڵەتەکانە.

هەروا ڕۆژنامەگەری ئامڕازی هەرە کاریگەری گرووپ

و لایەنە سیاسییەکان و هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی و بازرگانی کۆمەڵگەیە، پێشڤەچوونی ڕۆژنامەگەریش لەوەها کۆمەڵگەیەکدا دیارترین گەواهین بۆ بوونی دیموکراسی و فەزای ئازادیی سیاسی. ئەمەش ڕوویەکی دیکەی ڕۆژنامەگەرییە سەبارەت بەوەی ئامانجی چالاکیی ڕۆژنامەگەری بۆ پەرەپێدانی خەیارێکی سیاسییە، هاوشانی ئەوەش بۆ خۆی گەواهییەکی ئاشکرایە لەسەر ئەو شێوازە سیاسییە- کۆمەڵایەتییەی لەو کۆمەڵگەدا پیادەی دەکرێت. ئەگەر فرە ڕۆژنامەیی و فرەکەناڵیی ڕاگەیاندن هەبێت، ئەوا نیشانەی وایە کۆمەڵگە خەیاری دیموکراسی و فرەمینبەری ڕەچاو کردووە.

**ڕۆژنامەگەریی سیاسی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکدا..**

لە دوو شێوەی ڕۆژنامەگەریی ناوخۆ و ڕۆژنامەگەریی دەرەکی، یان هیچ نەبێت ڕۆژنامەگەریی تایبەت بە کێشە نێودەوڵەتییەکاندا، ئاڕاستەیەکی سیاسیی کاری ڕۆژنامەگەری بە پێشهات و کارگەرییەکانی خۆی دەنەخشێنێ، سەبارەت بەوەی: یەکەم: ڕۆژنامەگەریی ناوخۆیی (لە هەرێمێکدا، یان لە وڵاتێکدا) کاتێک بایەخ بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، گوزەرانی خەڵکی، دامەزراوەکانی ئیداری و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانیان، گرفتی دیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان، یاسا و نەریتەکان، موعاناتی ڕۆژانەی خەڵک و .. دەدات، ئەوا بۆ خۆی لە سەرێکی دیکەوە دەم لە مەسەلە سیاسییەکان وەر دەدات و ئامانجێکی سیاسی لەپشت ئەو خەمە ڕۆژنامەگەرییانە دەشارێتەوە و ئەگەر

ڕۆژنامەیەک هی گرووپێکی سیاسی، یان ڕەوتێکی فیکری بێت، ئەوا ڕەنگە چارەسەر و پێشنیازی وەرگۆڕانیش بێنە واری قسەکردنەوە، وەک پێشنیازی شێوازیکی نوێ لە دیموکراسی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و مۆدێلێکی تازەی گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و گرتنەبەری ڕەوتێکی نوێ لە کایەی ڕووناکبیریدا. دیارە هەموو ئەمانەش لە تەرجەمەیەکی ڕۆژنامەگەری و لە دووتوێی هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، ڕاپۆرتە هەواڵ، چاوپێکەوتن و وتارو گۆشەو ستوونو چیرۆکی ڕۆژنامەگەریدا، نەک شێوازێکی زەق و ڕاستەوخۆ، کە کارەکە لە کەناڵی ڕۆژنامەگەرییەوە بگوازێتەوە دیعایەیەکی ئاشکرا و بێ سەر و سیمای وەعز و ئیرشاد لەخۆ بگرێ.

دووەم: ڕۆژنامەگەریی دەرەکی و تایبەت بە کێشە نێودەوڵەتییەکان، کە لە وڵاتێکدا دەردەچێ بۆ خەڵکی وڵاتەکە، یان لە پایتەختێکی ناوچەیی یان لە ئەورووپا و ڕۆژئاواوە بۆ دونیا دەردەچێ. ئەم شێوە ڕۆژنامەگەرییە لەوانەیە تێکەڵییەک لە ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانی جیاجیای تێدا بێت و دەخوازن لە ڕێگای خزمەتێکی ئیعلامی و ڕۆژنامەگەرییەوە تەغتیەی ڕووداو، گۆڕانکاری و ئەگەرەکانی وەزعی سیاسی لە وڵاتانو سەرجەم دونیادا بکەن.. لە ئاوەها ڕۆژنامەگەرییەکەدا خەمو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، کێشە ڕۆژانەیی و بچووکەکانو گوزەرانی خەڵک جێیان نابێتەوە و ڕۆژنامەگەریی وا خوێنەرانی خۆی لەنێو کەرت و توێژێکی دیاریکراوی ئەوانەدا دەبینێتەوە کە لە کایەی سیاسی، یان خەم و هاجسی چاودێریکردنی هەلومەرجی

سیاسیی دونیایان هەیە. هەروا لە هەندێک وڵاتانی داخراو و نادیموکرتیدا، ئەو ڕۆژنامە نێودەوڵەتیانەی پەخش و بڵاوبوونەوەشیان نێودەوڵەتییە جێیان نابێتەوە، یان لێیان دەقرتێنرێ، ئەگەر لەنێو لاپەڕەکانیاندا کێشەیەکی سیاسیی وڵاتانی داخراویان تێدا بێت.

جاری وا هەیە لە وڵاتێکی دیاریکراودا، بە تایبەتی وڵاتێک قورسایی خۆی هەبێت لەو ناوچەیەی تێیهەڵکەوتووە، هەردوو شێوەی ڕۆژنامەگەری دەردەکەون و جاری واش هەیە پێکادان لەنێوانیاندا دەقەومێ و سیاسەتی پەیرەوکراوی دەوڵەتیش کاریگەری خۆی بەسەر زاڵبوونی یەک لەو دوو شێوازە دەبێت. بە تایبەتی ئەگەر دەوڵەت کۆنترۆڵێکی ئاشکرا، یان هەژموونێکی ناڕاستەوخۆی بەسەر ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی وڵاتەوە هەبێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی دەوڵەتە لە ئاست کێشە و دۆخە سیاسییەکاندا. ئەگەر ئەو دەوڵەتە، کە قورسایی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا، خووبداتە سیاسەتی دەرەکی، کە پەیوەندییان بە ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەوە هەیە، لەسەر حیسابی سیاسەتی نێوخۆیی وڵات، کە پەیوەندییان بە ڕەوتی دیموکراسی، گەشەپێدان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، ئەوا ڕۆژنامەگەریش، کە لەلایەن دەوڵەتەوە ئاڕاستە دەکرێت، بە هەمان شێوە خوودەداتە لایەنی دەرەکی و گرفتو خەمە ڕۆژنامەگەرییەکانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دەبن، نەک کۆمەڵایەتی و نیشتمانی. لە ڕاستیدا کێشەی نێوان هەردوو ڕۆژنامەنووسی ناودار و گەورەی میسر، کۆچکردوو مستەفا ئەمین و محەمەد حەسەنین هەیکەل، هەروەک من لێی

تێبگەم، لە شێوەیەکی سەرەکیدا تەرجەمەیەکی واقیعییە بۆ گرفتو کێشمەکێشی نێوان ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی نێوخۆییو دەرەکی لە وڵاتێکی خاوەن قورسایی وەکو میسردا. میسر پێشەنگی وڵاتانی عەرەبییە لە مەسەلە سیاسییەکاندا و هەروا خۆشی وەکو دەوڵەتێکی گەورە و گەشەکردووی عەرەب توخمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی تێدایە، بە گرفتەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی، دیموکراسی و خەیاری شێوازی ژیان و گوزەرانیشەوە. لەبەرئەوە بەپێی لایەنی کۆمەڵگەی پێشکەوتووەوە بێت ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی نێوخۆیی، کە قسە لەسەر (میسر) دەکا و تەرجەمەیەکی ڕۆژنامەگەرییانەی ململانێ و ژیانی ناوخۆیی دەبێت، لەبرەودا دەبێت، هەروا ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی دەرەکیش، کە تەرجەمەیەکی خواستە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی میسر دەبێت، دیسانەوە ئەویش لەبرەودا دەبێت. تا ئەو دەمەی عەبدولناسر لەسەر کارنەبوو، سیاسەتی میسر لە هەلومەرجی ململانێ لەپێناوی سەربەخۆیی نیشتمان و پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ڕۆژنامەگەرییەکی نێوخۆیی بەرهەم دەهێنا و کەڵەپیاوانی وەک مستەفا ئەمین و عەلی ئەمین-ی برای دەردەکەوتن و لەو ڕۆژەوەی سەربەخۆیی سیاسی وەدەستهات و (ناسر) یش کەوتە پەیڕەکردنی سیاسەتێکی دەرەکیی ئەوتۆ، کە بە خیتابی نەتەوەیی و حەزکردن بە دەرکەوتن لەئاستی نێودەوڵەتیدا ناسرابوو، ئیدی (هەیکەل) دەرکەوت و ناوبانگی وەکو ڕۆژنامەنووسێک، کە خەمی دەرکەوتنی میسرێتی لە ئاست دەرەوەدا، زیاتر لەوەی خەمی گرفت و

هاجسە نێوخۆییەکانی وڵات بخوا، بڵاوبۆوە. وای دەبینم، ئەمە سەبەبکاری کێشەی نێوان هەیکەل و مستەفا ئەمین بێت، نەک ئەوەی کە هەیکەل لە کتێبەکەی خۆیدا (بیت الصحافة والسیاسة) باسی لێوە دەکا. ئەوەی بۆی لوابێ نووسینەکانی هەیکەل بخوێنێتەوە، هەست بەو ئاڕاستەیە لە کاری ڕۆژنامەگەریی هەیکەل-دا دەکا، کە زیاتر سەرقاڵی نووسینە لەسەر ئاڕاستە و کێشە نەتەوەیی و دەرەکییەکانی میسر و عەرەب. ئەمە لە کاتێکدا کەسێکی وەکو مستەفا ئەمین، چونکە خەم و هاجسی ڕۆژنامەگەریی خۆی بە پلەی یەکەم لە مەسەلە نێوخۆییەکانی میسردا گردکردبۆوەو کەمتر خۆی لە دوورایی دەرەکی میسر دەدا، ئەوا کەمتریش نووسینەکانی چانسی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەیان بۆ دەلوا. بۆیە بە گشتی لە وڵاتە عەرەبییەکان و لای کوردیش، کە کەلتوور و ڕۆژنامەگەریی عەرەبی برەوی هەیە، هەیکەل ناسراوترە وەک لە مستەفا ئەمین. قسەش لێرەدا ئەوە نییە، کێ لە کێ و کامیان لە کامیان چاکترن؟ بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە بۆ وڵاتێکی جێگیر و خاوەن قەوارەی نیشتمانی هەردوو ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی ناوخۆیی و دەرەکی دیاردەیەکی دیارنو ململانێی نێوان ڕەوتە سیاسییەکانی وڵات و ئاڕاستەی سیاسیی دەوڵەتەوە هەیە.

**ڕۆژنامەگەریی کوردی، ئامانج و لادانەکان..**

دیاردەیەک هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە تەواوی بەسەر حاڵی ڕۆژنامەگەریی کوردییدا جێبەجێ دەبێ. دیاردەکە وایە، کە هەر پیرەوێک، یان چارەسەرێک، بۆ ئەوە دێتە

واری ژیانەوە، تاوەکو ئاتاج و پێویستییەکی مرۆڤ لە زەمەنێکی دیاریکراودا پڕ بکاتەوە، بەڵام دواتر هەر ئەو پێڕەو و چارەسەرە بۆ خۆی دەبێتە نەریتێک، کە سەرەڕای تێپەڕبوونی زەمەن و گۆڕانی پێویستییەکان، هەروا درێژەی دەبێ. کۆمەڵگە لە قۆناغی ژیانی دەرەبەگایەتیدا، کە کشتوکاڵ سەرەکیترین چالاکیی ئابوورییە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆرتری بازووی کارکردن هەیە، بۆ ئەوەی کاری هەرەوەزی کشتوکاڵی پێ ڕایی بکات. هەروا خاسیەتەکانی ململانێی قۆناغی دەرەبەگایەتی و بەشەڕهاتنی گرووپە هۆز و عەشیرەتگەرییەکان وا دەخوازن خێزان ژمارەی ئەندامانی بایی هێندە بێت، کە بۆ کاری کشتوکاڵو هەروا ڕووبەڕووبوونەوەی خێڵ و هۆزەکانی تر دەست بدات، ئەو کاتەی پێویست بە شەڕکردن هەبوو، کەچی هەر ئەو پێویستییە لە زەمەنێکی تر دەبێتە نەرتێکی کۆمەڵایەتی و چەند نەوەیەک لە ژیانی شار و ژیانی شارنشینی دەشەمزێنێ، لە کاتێکدا لەوانەیە شێوازی ژیان لە شاردا زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان بخوازێ. لەسەر ئەم پێوانەیە، بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش دەشێ بڵێین، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە سەرەتای دەرکەوتنیدا، لەپێناوی پاراستنی بوونی کوردو دواتریش ڕابوونی نەتەوەییدا هاتە هابوون. لەم پێناوەدا ئەرکی یەکەمی ڕۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨ قاهیرە)، پاراستنی بوونی کورد و ئەرکی دووەم، هاندانی ڕابوونی نەتەوەیی بووە. ئەرکی پاراستنی کورد خۆی لە مانەوە و پاراستنی زمانو کەلتووری کوردییدا دەبینییەوە، وەک ئەوەی گوتراوە زمان و کەلتوور بەشێکن لە دینگەکانی سەلماندنی

خەملێنی نەتەوەیی. ئەرکی دووەمیش، هاندان بۆ ڕابوونی نەتەوەیی، تاوەکو کورد بکەوێتە کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگایی سیاسی و هوشیاری نیشتمانی لەپێناو سەرخستنی پرۆژەی نەتەوەییدا. پاراستنی زمان و کەلتووری کوردی و پەرەپێدانی لەپێناو ئامانجی سیاسیی مانەوەی نەتەوەیی کورددا بوو، هەر لەبەر ئەوەش ڕۆژنامەگەریی کوردی لە (کوردستان)ەوە بۆ ڕێڕەوێکی سەد ساڵە، سیمایەکی ئەدەبی لەخۆ گرت و بوو بە نەریتێکی هەرە درێژدادڕ. ئەمە لەکاتێکدا دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە خۆی پێویستی و ئاتاجی زەمەنێکی دیاریکراو، زەمەنی مانەوەی نەتەوە و بوژاندنەوەی بوو، کەچی دواتر دیاردەکە بووە نەریت و سەرەڕای پێشکەوتنی کوردەواری، وەک کۆمەڵگەو کورایەتی وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی هەروا مایەوە، تا سەرەنجام ئەوەی خوڵقاند، کە من پێشتر ناوی (ئیمپریالیزمی ئەدەبی)م لێنا.

بەم شێوەیە ئامانج و پێشینەی دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەریی کوردی پتر لە خاسیەتێکی جیاکەرەوەی لەگەڵ ئامانج و پێشینەی دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژئاوا و بگرە لە دونیای سێ، لەنێو ئەو وڵاتانەی لەمێژە قەوارەی نەتەوەییان هەیە، لێ شین بووە. لەکاتێکدا ڕۆژنامەگەری لە ئەورووپا وەک دەرکەوتنی شارستانی بۆ گەشەسەندنی سیستمی سەرمایەداری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، برەوپێدانی ڕەوتی دیموکراتی و فرەناوەندی هاتە خەملاندنو لەپێناوی گوزارشتکردن لە تێڕوانینی سیاسی توخمە جیاجیاو پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا بەرفرەبووە، کەچی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە تاراوگە، لە دەرەوەی ڕەوتی

گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردستان هاتۆتە کۆڕی کارکردنەوە. بە مەش (کوردستان) و لەدایکبوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەرهاوێشتەی پێویستی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیریی کوردەواری نەبووە، بە ئەندازەی ئەوەی هاجسی ڕووناکبیرێکی خەمخۆری بنەماڵەی تێکۆشەری بەدرخانییەکان و (سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردستان)و خەمی ڕووناکبیرانی سەردەستە و نوخبەی کوردی بووە. ڕەنگە هەر لەبەرئەوەش بێت خاسیەتێک لەنێو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ڕەگی داکوتاوە، ئەویش خاسیەتی لووتبەرزیی ڕۆژنامەگەریی کوردییە لەئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان، گرفت و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵکی، گوایە ئەوانە کێشەگەلێکی (بچووکن !) و شایستەی لالێکردنەوە نین. هەڵبەتە ئەو خاسیەتە لە دوای راپەڕینەوە ئیش بۆ ڕەگهەڵکێشانی کراوە، بەڵام زۆری ماوەو زۆری دەوێت، تا ڕۆژنامەی کوردی دەبێتە ئاوێنەنمای ژیانی کۆمەڵگە لە بچووکترین گرفتییەوە، تا هەرە گەورەکەیان.

لە هەلومەرجی خاسیەتە جیاکەرەوەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە لە تاراوگە، نەک لەنێو وڵات، لەدایک بوو، ئاوەها ئامانجی سیاسیی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە پەیوەندی بە مانەوە و پاراستنی نەتەوەوە هەیە، بووە ڕۆژنامەگەرییەکی (بەرگری)، کە لە ڕێگای پاراستنی زمان و کەلتوورەوە کوردی دەپاراست. لێرەوە لادان لە ئامانجە سیاسییەکە ڕووی دا و پاراستنی ئەدەب و زمانی کوردی بووە (نەریت، بت، تەوتم و تەلیسم) و لە سنووری پێداویستیی سەردەمی خۆی ترازا، تا لە هەندێک دەرکەوتی سیاسی بووە ڕێگر،

تەنانەت لەبەردەم ئامانجە سیاسییەکەشدا.

لەو ماوە کەمانەشی، کە بۆ کورد لواوە ڕاستەوخۆ هزری سیاسی و ئامانجی سیاسی لە ڕۆژنامەکانییەوە پەخش بکا، ڕۆژنامەگەریی کوردی تا ڕاپەڕین هەر لە جوغزی خیتابی بەرگری و حەماسیدا مایەوە، خیتابێک کە هی سەردەمی بانگێشتکردنە بۆ ڕابوونی نەتەوەیی، نەک هی سەردەمێک، کە نەتەوە دەست بەکاربووە و کار و شۆڕشی سیاسی و ئیش بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەکات بە هەموو ئەو دەرکەوتانەی لە چالاکی و کاری سیاسیی دەکەونەوە، لە پێویستی ئەوەی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری دەبێ ئەو چالاکیانە و ئەو کار و کۆششە سیاسیانە شی بکاتەوە و لە شوێنی شیاوی خۆی لە هاوکێشە سیاسییەکاندا دایبنێ.

سەیرە نەتەوەیەک هەموو ڕەوتی تێکۆشانی لەم سەدەیەدا لەپێناو سەرەکیترین ئامانجی سیاسیدا بێت، کەچی (ئەدەب) دیارترین سیمای ڕەوتی ڕۆژنامەگەری بێت، زمانیش مانای سیحر و جاویدانێکی ئەزەلی بگەیەنێت، نەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی ڕوانین و لێکدانەوەکان.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٨/١/٢٥**

**باسی دووەم:**

# ئاماژەیەك بە باری شرۆڤەکاریی سیاسی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا

بە پێچەوانەی بیروڕای باوی نێوەندی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانیی کوردی، توخمی زۆرلێکراوی نێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردستان، لەم کاروانە دوورودرێژ و پچڕپچڕەیدا، توخمی ڕۆژنامەوانیی سیاسی و بە تایبەتیتریش لایەنی شرۆڤەکردنی سیاسییە. کاروانی (١٠٧) ساڵەی ئێمە، چیرۆکی ئەم زوڵم و زۆرە دەگێڕێتەوە، کە ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەروا درێژەی هەیە.

کاتی خۆی بەشێکی هۆکاری ئەم زوڵمەم گێڕایەوە بۆ دوو فاکتەر:

– ئیمپریالیزمی ئەدەبی. زاڵبوونی زمانی ئەدەب و ئەندێشە و دەستەواژە ئەدەبییەکان بەسەر ڕەوتی رۆژنامەوانیماندا.

– خیتابی حەماسیی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردو کۆنترۆڵکردنی لایەنی سیاسیی ڕۆژنامەکان لەلایەن ئەم خیتابەوە. زاڵکردنی ئەدەبی هاندانی سیاسی و دەرکەوتنی نووسەری سیاسیی بانگەشەکار (داعیة)، کە جەماوەر

هاندەدا بۆ گردبوونەوە لە دەوری مەسەلە ڕەواکان و دەیان هێنێتە جۆشوخرۆش.

هەڵبەت دەزانم هەردوو فاکتەر، هۆکاری دەرکەوتنی سروشتی خۆیان هەیە. یەکەمین ژمارەی "کوردستان"ی دایک لە ڕۆژی ١٨٩٨/٤/٢٢ دا سەرەتای چاندنی تۆی هەردوو فاکتەری تێدایە، میقداد میدحەت بەدرخان لەو ژمارەیەدا، جگە لە چەند هەواڵێکی ئەو سەردەمە، سەروتارێکی سیاسیی پڕ جۆشوخرۆشی نووسیووە، کە بۆ زەمانی خۆی و بۆ ئێستاش مانفێستێکی ڕەوای ویستەکانی کوردایەتی و هەروا بەرزترین ئاستی لێکدانەوە و تێگەیشتنی سیاسی لەخۆ گرتووە. دڵنیام ئەوی ڕۆژنامەکانی هاوزەمانی کوردستان لە ڕۆژنامەی نەتەوەو وڵاتەکانی تر نووسراوە، هیچی زیاتر نییە لەوەی بەدرخان نووسیویەتی. لە تەنیشت ئەو نووسراوە و نووسینە سیاسییەکانی ژمارەکانی تردا، هەمیشە پارچە شیعرێکی کوردی، هی نالی و هی حاجی قادری کۆیی، بڵاو کراونەتەوە.

مەعلومیشە کە:

١- زمانی ئەدەبی خەیاڵگەی لێکدانەوەی جیاجیایە، گوزارشتی ئەدەبیش تا لێی قووڵ ببیتەوە چەشە و چێژی جیاواز و نوێباوت پێ دەبەخشێت. زمانی حەماسەتی سیاسیش، هاندەری کردەی سیاسی و دەرمانی وزەبەخشی باوەڕمەندانە بەلایەنی مۆراڵیی بزووتنەوە نیشتمانییەکان، واتا لەو حاڵەدا وتاری حەماسیی سیاسی لە ڕۆژنامەدا وەزیفەیەکی سیاسیی جیاواز لە ئەرکی ڕۆژنامە لە تێگەیاندنی خوێندەوارانی دەبینێت، لەکاتێکدا زمانی ڕۆژنامەوانی بە

گشتی و زمانی ڕۆژنامەوانیی سیاسیش بە تایبەتی، زمانێکی ڕاستەوخۆ و بێ پێچە بەدەورەیە.

٢- ئەم دوانەیە (حەماسەتی سیاسی و زمانی ئەدەبی)، وەک هەر دیاردەگەلێکی سیاسی لە سەردەمی خۆیدا، پاکانەی خۆی هەبوو و ڕۆڵی خۆی لە کەمەندکێشکردنی خوێندەوارانی کورد بۆ لای دیاردەی ڕۆژنامە وازی کرد، ڕاستە ئەم جوشۆخرۆشەی سەروتارە حەماسییەکان ناوەرۆکێکی ڕەوایان لەخۆگرتبوو، کە ڕەوایی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، ڕاستە بۆ نەتەوەیەک کە ڕێی لێ گیراوە دامودەستگای فەرهەنگی و کولتووری خۆی هەبێت شیعر سەبەتەی پاراستنی زمانی نەتەوەیی و هەڵگرتنی دەستەواژە و ئیدیۆم و حەرف و وشەکانی بوو، تا هەلومەرجێک پێکهات ئێمە بچینە نێو مێژووی نووسینەوە، بەڵام ئەم لەخۆگرتنە فەرهەنگییە، کە وەزیفەیەک بوو بە شیعر سپێردرابوو، دواجار لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانمان بوونە کەند و کۆسپ لە ڕێی دەرکەوتنی زمانێکی ڕۆژنامەوانیی ڕەوان، کە وتەکانی مانای موجەرەدیان هەبێت و ڕێکوڕاست، بە تایبەتیش لە پرسی چالاکی و دەربڕینە سیاسییەکاندا، گوزارشت بن لەوەی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسی دەیانەوێت بیڵێن و هیچ تەفسیرێکی پەنهان لەخۆ نەگرن.

٣- ئەمانە لە سەردەمێکی درەنگتردا بوونە کۆسپی بەردەم پێشکەوتنی ژانری ڕۆژنامەوانیی سیاسی لە کوردستاندا. ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد ئەوە بوو، کە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە تایبەتی رژێمی داگیرکەری عیراق، ناڕاستەوخۆ بوونە باعیسی درەنگ دەربازبوونی

ڕۆژنامەوانیی کوردستانی لەم حاڵەتە دواکەوتوویە. لە کەم دەرفەتی سیاسیدا، مەگەر ئەو کاتانەی کورد لە موفاوەزەو ئاشتیدا بووبێت لەگەڵ حکومەتەکانی عیراق، ڕۆژنامەوانیی کوردی توانیویەتی ژانری ڕۆژنامەوانیی سیاسی لەنێو خۆیدا پێش بخات، چونکە پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانیی سیاسی دواجار لە باری کەڵەکەبوونی هۆشیاریی سیاسییەوە تێگەیشتنی هاووڵاتیانی کوردستان بەرزتر دەکاتەوە، شتێک کە ئەوان، بە تایبەتی ڕژێمی بەعس، حەزیان نەدەکرد لەلای کورد پەیدا ببێت. پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانیی سیاسی لە کوردستان، تەنانەت لەو بوارانەی پەیوەندییان بە ڕووداو و دەرکەوتە جیهانییەکانەوە هەیە، ئارەزوویەکی قەدەغەکراو بوو، چونکە دواجار تێگەیشتن لە سیاسەتی مەمالیک و وڵاتە دووردەستەکانیش دەبوونە مۆدێلی شایستەی چاولێکردن بۆ خوێندەوارانی نەتەوەی کلۆڵی کورد. ئیسماعیل بێشکچی سۆسیۆلۆجیستی ناسراوی تورک، لە «کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە)»و لە گفتوگۆی گەشەکردنی سیاسیی کوردەواریی باکووردا بە وردی دەستنیشانی ئەوە دەکات، چۆن باسکردنی تراژیدیای داگیرکردن و سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی بندەست، وەکو فەلەستین و ڤێتنام، لە ڕۆژنامە و میدیاکانی تورکیادا دەبنە مایەی ورووژاندنی پرسیاری بەراوردکاری لەلای ڕووناکبیرانی کورد: ئەگەر ئەو میللەتانە بۆیان هەبێت خەباتی ڕزگاری بکەن و ڕۆژنامەکانی تورکیا و ڕۆژنامەی داگیرکەرەکانیش ستایشیان بکەن، ئەی بۆچی کوردی بندەستی وانیش بۆی نەبێت خەباتی لەو شێوەیە

بەرێ بکات؟
هۆیەکی دیکەش هەر لە زاتی دەربڕینی سیاسیدایە، مادامەکی هیچ بوارێکی ڕۆژنامەوانی بە ئەندازەی ڕۆژنامەوانیی سیاسی دەربڕینەکانی سادە و ئاشکرا نین، کەوابێت ئەو ژانرە لە سیستەمە تۆتالیتارەکاندا، لە سیستەمە داگیرکەرەکاندا، زوو دەستەکەی کەشف دەبێت، ئەوجاش کەلەبچە دەکرێت. لەکاتێکدا ئەدەب و هونەری نەتەوەیی کورد، بە تایبەتی شیعرەکەی، دەیان چەفەنگ و ئاماژەی ئەدەبی لەبەردەستدا بوو، تا مەبەستەکانی خۆی لە سانسۆر بشارێتەوە، هەرگیز دەرفەت نەبوو تا ڕۆژنامەوانیی سیاسیی کوردستانی بەو دەربڕینە ڕاستەوخۆیانە دەربکەوێت و دروست ببێت.

٤- ئێمە بەو حاڵەوە ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی خۆمان بە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ سپارد. لە ڕاستیدا (١٤) ساڵی دوای راپەڕین، قۆناغی تێپەڕینە لەنێوان ئەو ڕەوتە مێژووکردە، بە هەموو کەموکورتییەکانەوە لەلایەک و ژانی لەدایکبوونی جۆرێک لە جۆرەکانی ڕۆژنامەوانیی سیاسی، کە شرۆڤەکردنی سیاسی پانتایی فراوانی لێ داگیر دەکات لەلایەکی تر و ئەو تێکەڵیەی ڕۆژنامە سیاسییە گشتییەکانی دوای ڕاپەرینی کردبووە چێشتی مجێور، ماوەیەکی کورتی خایاند. ئەوەی باش بوو، لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگی و فراوانبوونی توانای چاپەمەنی لە نیوەی دووەمی نەوەدەکاندا ئەدیبەکان ماڵی خۆیان جیاکردەوە و ڕۆژنامە سیاسییەکانیان بۆ خەمە سیاسییەکان بەجێ هێشت.
ڕۆژنامەوانیی حزبی ڕۆڵێکی دیاری گێڕا لە ڕەنگرێژکردنی

ئەم قۆناغی پەڕینەوەیەدا، هەڵبەت ڕۆڵێک بە هەردوو باری ئیجابی و سەلبیدا. مرۆڤ دەبێت ویژدانی بکاتە دادوەر، تا ئەم دوولایەنە دەستنیشان بکات. بێ ڕۆژنامە ڕۆژانەییە حزبییەکان مومکین نەبوو قسە لەسەر ڕۆژنامەوانیی سیاسی لە دوای ڕاپەڕین بکرێت، هەروەها ئەم دەستپێکە حزبییە ڕۆڵی سەلبیشی وایکرد لەمەدا، کە وەک هەر لێکدانەوەیەکی حزبی نەی دەتوانی شرۆڤەکاریی سیاسیانەی خۆی بگەیەنێتە فەزایەکی فراوانتری شرۆڤەکردنی سیاسی، کە هەموو ڕەهەندەکانی باسوخواسە سیاسییەکان لێک بداتەوە. بەتایبەتی کاتێک ڕووداو و باسوخواسی شرۆڤەکراو پەیوەندی بە باری سیاسیی کوردستانەوە هەبووبێت. لەو کاتانەدا لێکدانەوە بە قازانجی سیاسەتێکی دیاریکراو دەشکایەوە، یان زیاتر لە پەسەندکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو دەنووسرایەوە، وەک ئەوەی شرۆڤەکارییەکی وابێت، کە یارمەتیی خوێنەر بدات لە دەنگوباس و ڕووداوەکان تێ بگات.

دەستنیشانکردنی کەموکوری وا لەم نووسینەدا بە مانای ئەوە نییە، کە:

یەکەم: ڕۆژنامەوانیی کوردستان چۆڵەوانییەکە لە بواری دەقی سیاسیی نایاب، یان شرۆڤەکردنی سیاسیی ڕاست و دروست و بەجێدا.

دووەم: لەکاتێکدا ئاماژە بە دەستنیشانکردنی ئەم ڕەوشە سەلبییە دەکەم، مانای ئەوە نییە ڕێڕەوی کارکردنی خۆشم لە بزاوتی ڕۆژنامەوانیی سیاسیی کوردستان و مەیدانی شرۆڤەکردنی سیاسیی دوای ڕاپەڕیندا بێ کەموکوڕی بوو،

بەپێچەوانەوە ئەم دەستنیشانکردنەم بەر لە هەموو شتێک لە ئەزموونی خۆم و هاوڕێکانمەوە هەڵهێنجاوە، دەیان وتاری سیاسی و شرۆڤەکردنم هەن، کە لە فەزایەکی پێشوەخت بڕیارلێدراودا نووسیومن و ڕەوتی ڕووداوەکان و زەمەن سەلماندیان، کە شرۆڤەکردنەکە لە بنچینەوە هەڵە بوو.

٥- ئەمڕۆ لەگەڵ وردە وردە دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانیی ئازاد، یان ناحزبی، خەریکە شرۆڤەکردنی سیاسی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا گەشە دەکات، بەڵام ڕێبازەکە بێ لەمپەر نییە، ڕۆژنامە ناحیزبەکان لەم قۆناغەدا قورسایی کاری خۆیان کردۆتە سەر کاروباری ناوخۆیی و گیروگرفتە ڕۆژانەییەکانی هاووڵاتیان، کە ئەمەش بۆ خۆی گرنگە، بەڵام بایەخدان بە شرۆڤەکردنی سیاسی لە ڕۆژنامە ئازادەکاندا تاقە دەرفەتە بۆ گەشەپێدان و دەرکەوتنێکی چالاکانەی ئەم ژانرە گرنگە لە ڕۆژنامەوانیی کوردستاندا. دەشێ لێرەدا چەند کەموکورییەکی ڕەوتی شرۆڤەکاریی سیاسی لە ڕۆژنامەکانی وڵاتدا دیاری بکەین:

یەکەم: تێکەڵبوونی جۆرەکانی شرۆڤەکردنی سیاسی، یانی تێکەڵبوونی قاڵبەکانی نووسینی سیاسی لەنێوان: ڕاپۆرتێک کە وردە توانجێکی سیاسی تێدایە، ستونێک کە بیروڕایەکی تایبەتی نووسەرێکی سیاسی لەخۆ دەگرێت، وتارێکی شرۆڤەکاری لەسەر ڕووداوێک، ستۆرییەک (گێڕانەوەیەک) کە نووسەر نووسینەکەی خۆی بە وەرگرتنی ڕای چەند پەیوەندارێکی سیاسی پتەوتر دەکات، لێکۆڵینەوەی سیاسی و بیرەوەریی سیاسی. گەلێک جار ئەم قاڵبانە تێکەڵ دەبن و سەر لەخوێنەر دەشێوێنن.

دووەم: جیاوازی نەکردن لەنێوان شرۆڤەکردنی سیاسیو هەڵوێستی سیاسیی نووسەردا. بە ڕای بەندە ئەمە گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر دەرکەوتنی شرۆڤەکارییەکی بابەتییانەو بەوپێیەش دەرکەوتنی نووسەری شرۆڤەکاری بەتوانا لەناو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا. نووسەری سیاسیی کورد جیاوازی ناکات لەنێوان هەڵوێستی خۆی وەک کارەکتەرێکی سیاسی لەگەڵ لێکدانەوەی بابەتیانە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو میکانیزمانەی بزووتنەوەی سیاسی هەڵدەسورێنن. ڕاستە نووسەری سیاسیی کورد و نووسەری سیاسیی هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان مەحکومە بە پشتیوانیکردنی کێشەو گیروگرفتەکانی وڵاتەکەی، بەڵام دەبێت بزانێت باشترین خزمەت، کە دەشێ ڕۆژنامەوانێک یان شرۆڤەکارێکی سیاسی پێشکەشی وڵاتەکەی بکات، ئەوەیە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی بێ هەڵچوون، شیکردنەوەیەکی بابەتیانەی ڕووداوەکان، بخاتەوە بەردەم نوخبەی سیاسی و ڕای گشتی، جا با ئەو شیکردنەوەیە بەدڵ و خواستی بیرکردنەوەی باویش نەبێت. پێویستە بۆ نموونە: لە شیکردنەوەی ڕووداوەکانی وڵاتدا، لە لێکدانەوەی خەباتی کورد لەبەرامبەر نەیارەکانیدا، ئاستی ململانێکە و توانەکانی بزووتنەوەی سیاسی، یان تەنانەت چەکداری و دیپلۆماسیی کوردایەتی، وەک فاکتێکی موجەرەد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەک لەبەر هەست و سۆزی کوردایەتی خۆمان پڤ بدەین، دەردێک کە ڕۆژنامەوانیی عەرەبی و شرۆڤەکارەکانی لە مەسەلەی فەلەستین و شیکردنەوەی ڕووداوەکانیدا بەدەستییەوە گیریان خواردووە.

سێیەم: کورت ئەندیشەیی بەشێک لە شرۆڤەکارانمان، پشت نەبەستنیان بە فاکت و داتای زانیاری، نەبوونی پشتخانێکی ڕۆشنبیری لەو بوارانەی لەسەری دەنووسن، دیسان شیکردنەوە بێکەڵک دەکەن.

چوارەم: کورتهێنانی زمانی کوردی لە ئاست زاراوەو دەستەواژە سیاسییەکاندا، کە وا لە شرۆڤەکاری کورد دەکات بە عەرەبی، یان فارسی، یان تورکی بیر بکاتەوە و بە کوردی بنووسێت.

هەڵبەت قسەوباسی دیکەش هەن، بەڵام جارێ با ئەوەندە بەس بێت.

***گۆڤاری مەڵبەند-لەندەن نیسانی ساڵی ٢٠٠٥**

**باسی سێیەم:**

# ئاوێتەکردنی
# لایەنی ئەکادیمی و بواری پراکتیکی

ئەگەرچی کوردستانی نوێ هەروا لە هەواوە دروست نەبووە و لەپڕێ نەبووە بە کوڕێ، بەو ئیعتبارەی لەپێش ئەو تەمەنێکی پتر لە نەوەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەبووەو بەر لە ڕاپەڕینیش ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێ وەک باوکێکی شەرعی "کوردستانی نوێ" ڕۆژنامە و بڵاوکراوەو گۆڤاری دیکەی دەرچواندووە و درێژەی پێ داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "کوردستانی نوێ" بەو هەلومەرجەی تێیدا لەدایک بوو، وەکو یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستانی ڕزگار کراو، وەکو یەکەم ڕۆژنامەی سیاسی کە لە کوردستانو بۆ کورد دەربچێ، بۆ خۆی بە تێپەڕبوونی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان توانی ئەزموونێکی خۆماڵی ئەوتۆ کەڵەکە بکات، کە دەشێ لای گەشبینەکانی بواری ڕۆژنامەگەری بوێرین بڵێین ئەزموونێکی دەوڵەمەندە و لای ڕەشبینەکانیش بڵێین (لەو قوڕەی ئەو تۆزە هەڵدەستێ) و هەرچۆنێک بێت پێشەنگانی دێرینی ڕۆژنامەکەو ئەوانی

حاڵی حازر درێژە بە کاروانەکەی دەدەن شتێکیان بە شتێک کردووە. ئەزموونی متوازعی کوردستانی نوێ بۆ ڕەوشی تازە سەرهەڵداوی دابونەریتی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا، ئەزموونێکی وابوو دەیهێنا و دەیهێنێ کەڵکی لێ وەربگیرێ و کەڵکی هەبێ بۆ هەموو خەمخۆرانی بواری ڕۆژنامەنووسیو هەموو ئەوانەی دەخوازن لە میحرابی خاوەنشکۆدا پاسەوان و حاجیب بن. لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقیعی ئەزموونەی لە کوردستانی نوێ کەوتۆتەوە و وا حەوت ساڵە لێی زیاد دەکرێت، گەلێک جار هەڵسوڕاوانی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەنووسانی بوونەتە مامۆستای وانەگوتنەوە و دەورکردنەوە لەو خول و سیمنارە تاک و تەرایانەی لێرە و لەوێ کراونەتەوە چ بەدەستپێشخەری کوردستانی نوێ خۆیو چ بە هاوکاری ڕۆژنامەکە لەگەڵ ئەو ناوەند و لایەنانەی لەپاڵ خولی تردا خولیان بۆ پێگەیاندنی کادیری ڕاگەیاندن، یان ژۆرنالیستە پێگەیشتووەکانی خۆیان کردۆتەوە: بەم جۆرە لە تەمەنی دووەم ساڵەی "کوردستانی نوێ"دا، وردتر لە ساڵی ١٩٩٣دا، چ لە بارەگای ناوەند و چ لە نووسینگەی سلێمانی خول بۆ کادیرانی ڕاگەیاندنی ژنانو خوێندکاران کرایەوە و هەڵسوڕاو و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکە وانەی پێویستیان بە کادیرانی ئەو دوو توێژە گرنگەی کوردەواری گوتۆتەوەو لە ساڵی ١٩٩٥یشدا ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی نوێ وانەیان بە خولێکی تایبەتی ڕۆژنامەنووسی سەر بە خوێندکاران گوتۆتەوە و هەمان ئەزمونیشیان لە هاوینی ١٩٩٦ لەگەڵدا دووبارە بۆتەوە. لە ڕاستیدا ئەو ئەزموون و لێزانینە متوازعەی

هەڵسوڕاو و ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی نوێ بەشی ئەوەی تێدا بووە، کە خزمەتێک بە فێرخوازانی کەرتی ڕۆژنامەنووسی بکرێت. هەر ئەو نیازەش بووە پاڵی پێوە ناون، بێ گوێدانە ئەوەی داخۆ چەند لە دەرچوانی ئەو خولە گشتی و تایبەتیانەی دەکرێنەوە خولیای ڕۆژنامەنووسی پاڵیان پێوە دەنێ بێنە خزمەتی پراکتیکەوە و بە فیعلی وەک ژۆرنالیستێک زەکاتی ئەوەی فێری بوون بە ڕۆژنامەکە، یان هەر ڕۆژنامەیەکی تری سەر گۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بدەنەوە، لە سەرینی ئەوەی کوردستانی نوێ خەمی گۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەتی و خزمەتکردن بە خۆی یان بە سەرجەم بوارەکە چوون یەک تەماشا دەکات. ڕۆژنامە هەشت ساڵییەکەی لەمەڕ ئێمە هێندە لەخۆبردووانە لەگەڵ ڕەوشی پێگەیاندنی ستاف و کادیری ڕۆژنامەوانیدا مامەڵەی کردووە، کە وەک دایکێکی میهرەبانی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانە ئەو کەس و لایەنەی ویستویەتی و کەمێک حەزی لەو کارە کردووە توانیویەتی کادیرانی خول و کارمەندانی دامەزراوەکانی بنێرێت، بۆ ئەوەی شتێک ئەزموون و بڕێک شارەزایی لێ هەڵپچڕێ. هەڵبەتە ئەوانەی نمەکێکی سفرەی "کوردستانی نوێ"یان کردبێت لە واری دەرس وەرگرتندا، بایی ئەوەندە نمەک حەڵاڵ بوون، کە لە شوێنی زیکر و ناوهێناندا سوپاسگوزاری ڕۆژنامەکە بن.

بێگومان لە وڵاتانی خواپێداو و ئەو مەڵبەندانەی ڕۆژنامەنووسیو ڕاگەیاندن دابونەریتێکیان لە دەسەڵاتی چوارەمی خاوەنشکۆدا هەیە، مەڵبەندی مەشق و پێگەیاندنو کۆلیژ و بەشی تایبەت بەو بوارە هەیە، لێ لەبەر ئەوەی

له كوردستانی ئێمەدا ئەو ناوەند و دەرفەتە زانستییە بۆ پێگەیاندنی كادیرانی ڕاگەیاندن و خوێندنی ئەكادیمی و زانستیانەی ڕۆژنامەنووسی نییە و هەڵنەكەوتووە، جا لەبەر ئەوەی ناشكرێ هەتاسەر هەڕەمەكیانە لەو بوارەدا لێی بخوڕین، بۆیە سەرەنجام هەرچۆنێك بێت دەستپێشخەری و هەوڵە تایبەتی و شەخسییەكان دەمێننەوە، كە كوردستانی نوێ-یش لەو دەستپێشخەرییانەی باسمان كردن و ئاماژەمان پێ دان درێغی نەكردووە. ئەم خەمی ڕەخساندنی دەرفەتی فێربوونە بۆ ئارەزوومەندانی ڕۆژنامەگەری و تازەپێگەیشتووەكانی لە هەموو هەلومەرجێكدا لای كوردستانی نوێ سەری هەڵداوەتەوەو بەپێی ئیمكانیات و بە ئەندازەی هەمووارکردنی تەگەرەكانی سەر ڕێگا ئیشی بۆ كراوە، تاكو سەرەنجام ئەزموونی پراكتیكی لەگەڵ توانستی ئەكادیمی و تیۆری ئاوێتە بن و لە ئاكامدا لە هەردوو هێڵەكە خزمەتێكی مایەی ئاسوودەیی دڵ پێشكەش بكرێت.. هەڵبەتە دواین هەوڵیش، كە ڕۆژنامەكە لەم بوارەدا دابێتی، ئەو محازەرە و وانە هەفتەییانەیە، كە بڕیار دراوە بۆ ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەكە بەگشتی و كادیرانی تازەپێگەیشتوو و پەیامنێرانی نێو شار و دەرەوە ساز بكرێتو ئەو هاوكارانەش بەشداری تێدا بكەن، كە لەبەر هاوكارییە بێ ئەندازەكانیان نازیان بەسەرمانەوە هەیە.

بیرۆكەی ئەو محازەرانە لەوەدا كورتكراوەتەوە، كە ڕۆژنامەنووسێكی ڕۆژنامەكە خۆی محازەرەیەك لەسەر بوارەكەی خۆی ئامادە بكات و بە تێكەڵكردنی لایەنی تیۆری لەگەڵ ئەزموونە تایبەتیەكەی بەشەكەی، یان

خۆی، گفتوگۆیەکی دیموکراتیانەی بەردارمان پێشکەش بکات، لە ماوەی ڕابردوودا و لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩٨/١٢/٣٠یەکەمین محازەرە لەلایەن بەڕێز شێرکۆ مەنگوڕی: ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەمان و تاقە دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلیژی ئادابی بەغدا پێشکەش کرا، کە لە باری (هونەری ڕیپۆرتاژ نووسین) ەوە بوو. مەنگوڕی، بەوەی تەرکیزی لەسەر لایەنی تیۆری بابەتەکە کرد و لەگەڵ ئەزموونی کوردستانی نوێدا ئاوێتە و هەندێک جاریش بەراوردی کرد، سەرەتایەکی چاکی بۆ ئەو جۆرە محازەرانە دانا، لەپێناوی ئەوەی بایی ئەوەندە ئەکادیمی بن، بۆ خاوەن ئەزموونەکانمان دەمەزەردکردنەوەی زانیاری و تێگەیشتنەکان بێت و بۆ تازەپێگەیشتووانیش بەراییەکی دروستی دوور لە لادان و سەرلێشێوان بێت. واش چاوەڕوان دەکرێت سبەی چوارشەممە (١٩٩٨/١/٦) لە دووەم ئەزموونی محازەرە گوتنەکاندا بەڕێز کاوە محەمەد ئەندامی دەستەی نووسەران و نووسەری سیاسیی ڕۆژنامە شتێکی نوێمان لەسەر (وتاری سیاسی) و مەرجەکانی نووسەری سیاسی بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی (کوردستانی نوێ) پێشکەش بکات، بەو جۆرەی ئیتر لەئاکامدا ئەزموونی واری سیاسی لەم ڕۆژنامەیەدا بچێتە قاڵبێکی ئەوتۆوە، کە لە محازەرە و سیمناری تردا بخوێنرێتەوە لێی ورد ببینەوە.

ڕاستەوخۆ لە دوای یادی داگیرساندنی مۆمی هەشت ساڵەو لە چوار شەممەی هەمان هەفتەدا بەڕێزێکی تر محازەرەیەکی تر بڵێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو نەریتە جوانەش لەپاڵ نەریتە خۆماڵییەکانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا

بچەسپێ و باڵا بکات. کوردستانی نوێ سەرەتا بە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسە تێکۆشەرەکانی شاخ و قەڵەم خاوێنانی شار دەستی پێ کردو مامۆستای پێگەیاند. مامۆستاکانیش لێرە و لەوێ وەک ئەزموونێکی نوێ دەرس و وانەیان گوتەوە و بەخشندەبوون لە بەخشینی ئەوەی فێری بوون. ئێستاش لە ئەزموونێکی نوێدا وا لەنێو خۆدا ئەزموون و زانیارییەکان دەگۆڕنەوە. بە ئومێدی ئەوەی محازەرەکان هەموو بوارەکانی وەک (هەواڵ، کاری پەیامنێر، تصمیم و جوانکاری، چاپ و چاپخانە، نەریتی ڕۆژنامەنووسی، ڕاپۆرتە هەواڵ، ....هتد بگرێتەوە.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٩/١/٥**

## باسی چوارەم:

# بەرەو خوێندنەوەیەکی کوردییانەی ڕووداوە سیاسییەکان

کەموکورتییەک، کە تا ماوەیەکی درەنگیش لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تێبینی دەکرا، نەبوونی شیکردنەوە و وتاری سیاسی لەمەڕ ڕووداو و دەرکەوتە سیاسییەکان بوو. مەبەست لە شیکردنەوەی سیاسیانە بۆ ئەو ڕووداوانە، کە لە ماوەی دیارکراودا ڕوو دەدەن و ئەرکی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە بە بابەتێکی تەحلیلی بەسەری بکاتەوە و لە (گەرماوگەرم) ی خۆیدا (سەرنجێکی) لەسەر بنووسێ، دەنا وەکتری، واتا وتاری نەفەس درێژ و شیکردنەوەی درێژخایەنی ئەو ڕووداوانەی درەنگ گۆڕانیان بەسەردا دێ، ئەوا لەگەڵ پێگەین و هەراشبوونی بزاڤی ڕزگاری کورد لە لێکۆڵینەوە و وتاری سیاسی، لە ئەدەبیاتی حزبەکاندا و لەوێشەوە لە ڕۆژنامەی حزبەکاندا، ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵام کە هەبوون: یان ئەو وتارە سیاسیانە بوون، کە گوزارشتیان لە سیاسەتی حزبەکە یان بزووتنەوەکە دەکرد و بە زۆری زمانی ئەدەبی و حەماسەتی شۆڕشگێڕی

بەسەردا زاڵبوو. ڕۆژنامەگەریی شاخیش نەدەپەرژایە سەر شیکردنەوەی بەپەلە، یاخود لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ و بەشێنەیی بوون، کە زمانی گۆڤاری ئەکادیمیان بەسەردا زاڵبووە و بە زۆریش لەسەر ڕووداوە بەسەرچووەکان بوون‌و جگە لە پەند و ئەزموونەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆ ئایندەی سیاسی بزووتنەوەکە بە کەڵکی ئەوە نەدەهاتن، کە (سرعة البديهية) و ئاگایی لە نووسەری سیاسیی کورددا دروست بکەن، سەرئەنجام نووسەرانی کورد، ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا دەیان نووسی، قاڵبووی بوارەکە نەدەبوون و ئاسۆی ڕوانینی سیاسییان لە بازنەیەکی بەرتەسکدا دەمایەوە. نووسینی وتاری سیاسیش دەبووە ئەرکێکی سەربار، کە دەبوایە ئەدیبان، یان نووسەرانی بوارەکانی تر، هەر بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامە کوردییەکان، ئەنجامی بدەن!

ئەگەر لە سەروەختێکدا زەبری بزاڤی سیاسیی کورد ڕژێمیان بەناچاری ملکەچی هاوکێشە سیاسییەکان کردبێ و هەرچۆنێکی بگوترێ نیمچە ئازادییەک بۆ نووسینی ئەدەبی‌و بوارەکانی تر ڕەخسابێ، ئەوا ئەو نیمچە ئازادییە لە ئاستی نووسینی سیاسیدا کورتی هێناوە و سانسۆرەکانی بەعس بە مەبەستەوە شەڕی هەر دید و بۆچوونێکی سیاسیانەیان کردووە، کە نووسەرێکی کورد دەریبڕیون. بام لەسەر ڕووداوێکی سیاسیی دەرەکیش بووبێ، نووسینی سیاسی لە ڕۆژنامەیەکی بەردەوامدا، واتای بڵاوبوونەوەی هوشیاریی سیاسی و خەملێنی هزری بەراوردکاری لەنێوان دونیای سیاسی لە ناوخۆ و دونیای سیاسی لە دەرەوە.

ئەمەش کارێکە پێچەوانەی خواستی دوژمنانە. پێویستە سەرنجی ئەوەش بدەین، کە ئەگەر ئەدیبان و شاعیران بە وشە و گوزارشتە شاراوەکانی خۆیان هەڕەشەی مەقەستی ڕەقیبیان لە بەرهەمەکانیان دوورخستبێتەوە، ئەوا نووسەرە سیاسییەکان تەنانەت نەشیان توانیوە لەم بەخششە بەهرەمەند بن. هەڵبەتە نووسینی سیاسی دەربڕینی ڕاستەوخۆو ساکاری دەوێ، بام نووسینەکەش شیکردنەوەی ڕووداوێکی سیاسیی گەورە و ئاڵۆز بێ. لە ماوەی کورتخایان و پچڕپچڕدا هەندێک نووسینی سیاسی و نووسەرانی سیاسی هەڵکەوتبوون، بەڵام ڕژێم لە دوا ئاکامدا وەئاگا هاتووە و سەرئەنجام ئەو نووسینانە هی ماوەیەک بوون و پاشان نەفی کراون و خاوەنەکانیشیان لە بریتی قاڵبوونەوە لە بواری ڕۆژنامەگەریی سیاسیدا، تێکەڵی بزاڤی سیاسیی کورد بوون و سەرکردە و ئەنتلجنسیا و کادیری لێوەشاوەیان لێ هەڵکەوتووە. (شەهید ئارام) یەکێک بوو لەو نووسەرە سیاسیانە، کە خواستی ئەرکە سیاسییەکان دافعی ژمارەیەک نووسینی سیاسی بەپێز بوون بۆی. لە درەنگ وەختیشدا لەو سەروبەندەی ڕرژێم تا سەر ئێسقان ڕۆژنامەگەریی کەلەپچە کردبوو، نووسینە سیاسییەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە جیاتی تەحلیلی پڕ وردەکاری داهێنانی ڕۆژنامەگەرییانە، مەدح و سەنایەکی بێتامی دیکتاتۆرو سیاسەتە چەوتەکانی بوون، هەر بۆیەش ئەو وتارانە لای خوێنەری کورد مایەی، بێزاری و قێزلێبوونەوە بوون.

دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، وەک دەستکەوتێکی

گرنگ ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان، ئینجا تەواو پۆلێنبوونی لاپەڕە و بەشە جیاجیاکانی زەمینەی باشتر خەملێنی وتارو شیکردنەوەی دەم و دەستی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ڕەخساند. لاپەڕە دوو، کە ئیدی بە هاوکاری ستافی هەواڵ ڕووی سیاسیی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیان لێ پێکهات، لە ماوەی سێ ساڵی ڕۆژنامەکەدا تا دەهات سیما و ڕوخساری تایبەتی خۆی وەردەگرت، تەحلیلی کورت و سەرنجی پەلەی لەسەر ڕووداوە هەمیشە گۆڕاوەکانی کوردستان و ناوچەکەو جیهانی بڵاو دەکردەوە، زمانی تەحلیلی سیاسی لە بریتی زمانی ئەدەبی بۆ وتاری سیاسیی بەکاردەهێنا. وردە وردە ستافی لاپەڕەکەش فراوانتر بوو، هاوکارانی لە دەرەوەی ڕۆژنامە زوو بە وتارە جوانەکانیان بەسەریان دەکردەوە، ئەمەش سەرەتایەکی باشی بۆ هەراشبوونی گەلێک نووسەری سیاسی دامەرزاند. کوردستانی نوێ لەوەشدا دەسپێشخەری نواند، کە بووە خوێندنگەیەکی ڕۆژنامەگەرییانە بۆ پێگەیاندنی نووسەری سیاسی، ئەو سیما و ڕوخسارە تا دەهات جێگیرتر دەبوو، دەبوو بە نەریتێکی شایستە و لە ڕۆژنامە کوردییەکانی تریشدا پەیڕەوی لێ دەکرا، بە شانازییەوە ئەم لاپەڕەیە دەستپێشخەر بوو لەوەی کە سەرەتاتکێی خوێندنەوەیەکی کوردییانەی ڕووداوە سیاسییەکان بێتە بوون، خوێندنەوەیەکی بابەتی و حیادی لە ڕووی خستنەڕووی ڕاستییەکانەوە، لەپاڵ ئەوەش لاپەڕە دوو بەو خوێندنەوە بابەتیانەی خۆی داکۆکی لە دەسکەوتەکانی گەل و سەرکەوتنەکانی دیبلۆماسی بزاڤی کوردی کردووە و ئاسەوارە کاولکارەکانی شەڕی ناوخۆی شیکردۆتەوە و

دەستخۆشی لە سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، مافی مرۆڤ، هەڵبژاردن، دەوڵەتی قانوون و گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری، لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێ کردووە. لە ڕوانگەی تێکئاڵانی هەلومەرجی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی لە سیستەمی نوێدا ڕووە گەشەو دیارەکانی هەر رێککەوتننامەیەکی سیاسی و ئابووری، هەر نزیکبوونەوەیەکی نێوان دووبەرەی سیاسی دژ بە یەک کردووە و ئاسۆی سیاسیی خوێنەری کوردی بەرفراوانتر کردووە.

کێشەکان زۆرن، بەڵام گرفتێک کە تووشی نووسەری سیاسی لە کوردستاندا دەبێتەوە، نەبوونی ناوەندێکی زانیاریو ئەرشیفێکی سیاسی پوخت و ڕێکوپێکە، هەروەها پچڕپچڕی هاتنی ئەو ڕۆژنامە جیهانیانەی لەم ئابلۆقە ڕۆشنبیرییەدا لە دوا هەواڵەکانی دونیا و دوا تەکنیکەکانی نووسینی سیاسی ئاگادارمان دەکاتەوە. با لێرەدا ئەوەشی بخەمە سەر، کە پێم خۆشە لاپەڕە دوو، وەک چۆن دەستی نووسەری ئەم دێڕانەی گرت و ئەوەندەی لە دەستی هات ڕێنمایی کرد، هەرواش ستافێکی تری نووسەری سیاسی پێ بگەیەنێ. با کوردستانی نوێش هەر ئەو خوێندنگەیە بێ، کە هەموومانی خستە سەر ڕاستەڕێی ڕۆژنامەگەری و گرەوبردنەوەشی بە خۆمان سپارد.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٥/١/١٣

گێڕانەوەی ئەزموونی
ڕۆژنامەگەری سیاسی
قەڵەمە دیارەکانی
ڕۆژنامەوانی دەرفەتێکی
چاکە بۆ پەرەپێدانی توانای
ڕۆژنامەوانیی سیاسی و
شرۆڤەکاری سیاسی

















مصرع السفاح
عبدالناصر في باكستان
الرئيس يصل إلى كراتشي اليوم
الأخبار



**هەیکەل و مستەفا ئەمین... ئەزموونی ئەهرام و ئەخبار و رۆز ئەلیوسف بۆ هەڵسەنگاندن و هاوکاریی ڕۆژنامەوانیی سیاسی دەست دەدەن.**





## فەسڵی چوارەم

# بۆچی گەرمایی ڕوانینت نەماوە

## باسی یەکەم:

# بۆچی گەرمایی ڕوانینت نەماوە؟

ویستم بەم دێڕە شیعرەی سوارچاکی شیعری کوردی لە کوردستانی ئێران (سوارە ئیلخانی زادە) گوزارشتێک لە حاڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی بکەم لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوەی کە من پێم وایە لە سەروبەندی (١٠٤) ساڵەی تەمەنی خۆیدا هێشتا لە قۆناغێکی ڕاگوزەردایە. ڕەنگە سەیر بێت، کە بەندە لە دەربڕینی حاڵوبارێکی ڕۆژنامەنووسیدا دێڕە شیعرێک فریام بکەوێت، لەکاتێکدا یەکێک بووم لە بانگخوازانی دەرکردنی شیعر و شاعیران، بە سیفەتی شاعیرانەی خۆیان نەک بە سیفەتی ڕۆژنامەنووسیان، لە مەملەکەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی. تومەز لەبەردەم دەربڕینی وا جوانی چەشنی ئەوەی سوارەدا، خەریکە لە بانگەوازەکەی خۆم پاشگەز دەبمەوە!

وای دەبینم حاڵی خاوەنی ئەم دێڕە شیعرە ڕێکەوتێکی سەیر لەگەڵ حاڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەمڕۆدا کۆیان بکاتەوە. سوارە و ئەدەبی سوارە دەربڕی ماوەیەکی ڕاگوزەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانی ئێران بوون. ئەدەبەکەی وی پێشبینی زەمەنێکی ئاوس بە

گۆڕانکاری دەکرد لە کوردەواریی ئەو سەردەمەدا. حاڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەرێمی کوردستانیش لە قۆناغی ڕاگوزەردایە بەرەو قۆناغێکی نوێ، کە ئاوسە بە گۆڕانکاری و پێشبینی وەرگۆڕان.

ڕاستە ڕۆژنامەگەریی کوردی، وەک تەواوی توخمەکانی کوردەواری لە هەلومەرجی ئازادیدا دەژێت، بەڵام ڕەوتە ڕۆژنامەگەرییەکە ئێستا قۆناغی تێربوونی تێپەڕاند و دوای دە ساڵ لە پیادەکردنی ئازادی چاوی لە ڕێکخستنەوەی حاڵوباری خۆیەتی. لەم هەلومەرجە وەرگۆڕاوەی دونیا، کە پەرەی بە تەکنەلۆژیای پەیوەندی داوە و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن هیچ سنوورێکیان لەبەردەمدا نەماوە، ئەوە بە دەردی ڕۆژنامەگەریی کوردیی ناخوات، کە بڵێ سەروەریم زۆرە، تەمەنم (١٠٤) ساڵە، کە پتر لە دە ساڵیم لە سایەی ئازادیدا بەسەر بردووە.

ساڵی ١٩٩٢، کە کوردستانی نوێ و ئینجا برایەتی، وەک دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە، لەدایک بوون، ڕەنگە بێ زیادەڕۆیی ژمارەی سەتەلایت لە ماڵان و ژمارەی نووسینگەکانی تەلەفۆن و فاکسی جیهانی لە کوردستان بە ئەندازەی ئەو ڕیزە ماڵە خاوەن سەتەلایت و ئەو ڕیزە سەنتەرانەی تەلەفۆناتی تەنیشت جادەی سەهۆڵەکە لە سلێمانی نەبووبن. بۆیە ئەودەمە ئەرکی هەردوو ڕۆژنامە و ئەوانی تریش لە پێشکەشکردنی مادەی تێروتەسەل ئاسان بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەرکەکە گەلێک زەحمەتە، وەختێک خەڵک بەراورد لەنێوان ڕۆژنامەی خۆماڵی و هی دەرەکیدا دەکەن. دەرەکیش چ دەرەکی؟ بەراوردەکە لەنێوان ئەوانەی خۆمان و الحیاة-دا

دەکرێ، نەک لەنێوان هی خۆمان و ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی وڵاتانی دراوسێدا.

کەوابێ لە یەکەم لاکردنەوەوە دەزانین، ئەوەی چاوەڕوانی دەکرێ چەند قورسە و ئەوەی لە دوکانی بەکردا هەیە چەند قاڵب سابوونە؟

بە ڕاستیش ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامەنووسان لەناو گێژەنی ئەم قۆناغە راگوزەرییەدا قورسە. بێگومان لەوە ئاسانتر نییە کە خەتاکە بخەیتە ئەستۆی ڕۆژنامەیەک، یان ستافی ڕۆژنامەیەک، یان دەستەیەک ڕۆژنامەوان، کە خەڵکیان فێری دابی ڕۆژنامەنووسیی کردووە و خوێنەریان فێرکردووە هەمیشە چاوی لە بابەتی تێروتەسەل بێت، کەچی وا ئێستا (فێرکەران لەبیر دەکەن)! بەڵام ئایا چارەسەری پرسی نەمانی گەرمایی لە ڕوانینی ڕۆژنامەوانیی کوردییدا بە خەتابارکردنی ئەم و ئەو دەبێت، یان بە خوردکردنەوەی هۆیەکانی ئەو نیمچە قەیرانە دەبێت، کە ئێستا تووشی هاتووین. دەشڵێم نیمچە قەیران تا ئومێدمان بە ئایندە هەر بمێنێ و حالوبارەکە لە شوێنی خۆی دابنێین، نەک بە زۆر لە قاڵبی قەیرانێکی گەورەدا بیپەستێنین.

با پێش ئەوەی چەند سەرەقەڵەمێکی متوازیع بخەمە سەر مێزی گفتوگۆکانی (١٠٤) ساڵەوە، ئاماژەیەکی گەشبینانەش دووپات بکەمەوە:

هەمیشە قسەکردن لەسەر گرفتێک، ورووژاندنی پرسیار لەسەر تەنگژە، یان نیمچە تەنگژەیەک، وەک بۆ حاڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی دیاریم کرد، گەواهی ساغلەمی و تەندروستی باشە.

ئێمە بۆیە پرسیار دەورووژێنین بۆ ئەوەی گرفتێک چارەسەر بکەین. دەرککردنیش بە گرفت کەموزۆر نزیکبوونەوەیە لە دووڕیانی چارەسەر.

## کێ ئامۆژگاری کێ دەکات؟

بە ترس و لەرزەوە چەند تێبینییەک دەنووسم. نەک لەبەر ئەوەی خوانەخواستە گومانم لە مەودای ئازادیی بڵاوکردنەوەی ناو ڕۆژنامەکانی خۆمان هەیە، بەڵکو لە ترسی ئەوەی ئەم تێبینییانە بە ئامۆژگاری لەقەڵەم بدرێت، لەکاتێکدا:

* عادەتەن ئەوەی ئامۆژگاری دەکات، دەبێ دکتۆری چارەسەری دەردەکان بێت، نەک خۆشی بەشێک بێت لە پەتاکە! مادامەکی بەندەش ڕۆژنامەوانێکی ناو ئەو هەلومەرجە ڕاگوزەرەی ڕۆژنامەگەریی کوردیم، دەبێ خۆم بە بەشێک لە قەیرانەکە بزانم، نەک ئامۆژگاریکاری خاوەنی ڕەچەتە. لە مەشدا میسرییەکان چاکیان گوتووە "یا عزیزی کلنا لصوص".

* باوەڕم وایە ئامۆژگاری لە هەموو گرفتێکدا دەیخوات، تەنها لە گرفتی ناو دونیای ڕۆژنامەنووسی نەبێت. تۆ دەتوانی ئامۆژگاری ئەمریکا و ڕوسیا و نازانم چ زلهێزێکی تر بکەیت، کە چ سیاسەتێک پەیڕەوی بکەن، لەمەشدا تووشی هیچ گرفتێک نابێت، چونکە ئەو زلهێزانە بەقسەت ناکەن و سەرەنجام ئامۆژگارییەکانت بە پاکیزەیی دەمێننەوە و دەست دەدەن بۆ ئەوەی جارێکی تر و لە شوێنێکی تر ئامۆژگاریی وڵاتێکی تریشی پێ بکەیت، بەڵام ئامۆژگاری لە دونیای ڕۆژنامەگەریدا لە جیاتی کلڕێژکردنی چاوی ڕوانین، لەوانەیە ئەو کەمە وزەیەی لە بیلبیلەشدا هەیە کوێر بکاتەوە. لەو

ئەزموونە کەمە ڕۆژنامەنووسییەی هەمە، لەگەڵ بە شێنەیی و بە چاوی موشتەری تەماشاکردنی باری ئێستا لە وەختێکدا بە تەنیشت ڕۆژنامەوانیەوەم، هەموو جارێکی کە دەخوازم ژمارەیەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەیەک هەڵبسەنگێنم، نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ لێ وەکو خوێنەرێک دەزانم ئەم ڕۆژنامەیە گرفتی هەیە. پێم دەڵێن گرفتەکە چییە؟ وەڵامی حازر بەدەستم ئەوەیە، کە دەردی کەچەڵی بە ئامۆژگاری چارەسەر نابێت.

مەگەر مرۆڤ خۆی لەناو گەرمایی کارەکەدا بێت، تا بزانێ کێماسییەکان لەکوێوە دێن و لەکوێ کەڵەکە دەبن و وەک پەڵەیەکی ناشرین بە تەوێڵی ڕۆژنامەوە دەنووسێن؟

ئەمە خەسڵەتێکی جەوهەریی ڕۆژنامەوانییە، کە مرۆڤ دەبێ لە ناوی بێ، تا بزانێ سەرچاوەی لاسەنگی تەرازووەکە لەکوێدایە؟ وەختێک لاپەڕەکان ئامادە دەبن، وەختێک تایپو نەخشەسازییان بۆ دەکرێ، مرۆڤ لەو کاتەدا دەتوانێ کەموکوڕییەکان ببینێ و بڵێ ڕاوەستە ئەی وتاری بێ پێز مەخزێرە لاپەڕەکانەوە، ڕاوەستە ئەی هەواڵی بێ سەروبەر سەر لە خوێنەر مەشێوێنە. بوەستە ئەی وێنەی تەڵخو نەخشەی ناجۆر، ئەم لاپەڕە جوانە دەفتەر رەسمی منداڵان نییە تا بە کەیفی خۆت بۆیاغی پێدا بهێنی. بڕوانن ئەم گەرمایی ئامادەبوونە چەند گرنگ و جێی سەرنجدانە؟

ئامۆژگاری چارەسەری دەردەکە ناکات، لەبەرئەوە کەڵکی نییە کە بەبیر خۆمانی بهێنینەوە و لەناو پەڕی کتێبەکانی هونەری ڕۆژنامەوانیدا بە دوای سکێچی ڕۆژنامەیەکی سەرکەوتووەوە بین، بەڵێ سکێچی ڕۆژنامە یارمەتیمان

دەدات لە دارشتنی هەیکەلی کار و بەشەکانی ڕۆژنامەدا، بەڵام ئەوە ڕۆژنامەنووسەکانن، ئەوە ئەو مرۆڤانەن کە لە گۆشت و خوێن دروست بوون، دەتوانن ڕۆح وەبەر سکێچی نێو کتێبەکاندا بکەن و وابکەن لەنێو پەراسووی هەیکەلی لاپەڕەکانەوە خوێنی گەرم قولْپ بدات. ئاهورمەزادی ڕۆژنامەوانی خۆی دەزانێ چۆن ڕۆح وەبەر ڕۆژنامەنووسدا دەکا و نهێنییەکانی پیشەی (گەڕان بە دوای ماندوێتیدا)ی بە گوێدا دەچرپێنێ؟

ئەم نهێنییە (عیشق) دروستی دەکات، عیشق بۆ ڕۆژنامەوانی، بۆ بۆنی مەرەکەب و کاغەزی مسوەدەی پێشتر وتار لەسەر نووسراو، عیشق بۆ خەولێکەوتن بە دیار ماکێتی لاپەڕەیەک کەلەهێکرا، بەهۆی هەواڵ یان بەیاننامەیەکەوە هەڵدەوەشێتەوە. عیشق وزەیەکی سۆپەرمانی بە عاشق دەداو گەرمایی بە پەیوەندییە ئینسانییەکان دەبەخشێ. عیشقە دەرمانی گەڕانەوەی گەرماییە بۆ دونیای ڕۆژنامەنووسیمان.

بایەخی ئەوەی پێت وابێ بەرپرسیاری

یەکێک لە گەواهییەکانی گەرمایی ئەوەیە، کە ڕۆژنامەوانو بەو پێیەش ڕۆژنامەکەی هەست بکەن، کە بەرپرسیارن بەرامبەر بە کۆمەڵەکەیان، یان ڕاستتر بێژم، بەرامبەر بەو زەمەنەی کۆمەڵگە پێیدا دەڕوات.

ئەمڕۆ رۆژنامەوان، لە جیاتی شاعیران و مامۆستایان، پێشبینی دەرکەوتەکان دەکەن، بۆنی بارانی زەوی و تەماشای وشکایی پانتاییە ئاوەدان نەبۆکەی ناو کۆمەڵ و نیشتمانەکەیان دەکەن. (کاد الصحفی ان یکون رسولا) لە جێی نبوئەی شاعیرەکان و نبوئەی مامۆستایانی گرتۆتەوە.

دەبێ ڕۆژنامەنووس بە دڵ و بە گیان زەمەنی خۆی بژێ و لەگەڵ ڕووداوەکانی یەکانگیر بێت. وەک بڵێی خۆی دروستیان دەکات. دەبێ هەست بە گەرمایی ڕووداوەکان بکات و لەناویاندا بکولێ. ڕەنگە لەمەشدا پێشینەی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەوان فاکتەرێکی گرنگ بێت. چونکە بێ ڕۆشنبیرییەکی قووڵ لە باری ستوونییەوە (مێژووی میللەتەکە) و لە باری ئاسۆییەوە (ڕێڕەوی ژیان لە دەوروبەرو دونیای دەرەوەی میللەتەکەدا) مەحاڵە ئەو ڕۆحی پێشبینییە، ئەو گیانی بەرپرسیارێتییە، لە ڕۆژنامەواندا دروست بێت.

هەمیشە ڕۆشنبیرییە، کە ڕوانینی بەراوردکردنی ئەزموونی میللەتان و تێگەیشتنی قووڵ لە ناسینەوەی ئەدگاری ئەو هەلومەرجەی میللەت تێیدا دەژی، دێنێتە کایەوە.

بە داخەوە نوخبەی ڕۆژنامەوانی ئێمە لێکۆڵینەوە لە زەمەنی نەتەوە ناکات و ناتوانی دەستنیشانی سروشتی قۆناغەکە بکات. بۆیە لەمێژەوە لەناو ڕۆژنامەگەریی ئێمەدا:

– دیفاعی وەک ئەوەی پیرەمێرد لە نەورۆز و خوێندەواری.

– دیفاعی وەک ئەوەی برایم ئەحمەد لە گەلی کورد و ڕەخنەکانی لە مادەی دووی دەستوری کاتیی عێراق و دەیان نموونەی گەرمایی ڕوانینی جاران نابینیتەوە. بێگومان ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ گەلێک لە ڕۆژنامەکانی ژین و خەباتو ئەوانی پێش ڕاپەڕین پێشکەوتووترن، بەڵام نموونەکانی باسکران لەسەر جۆشوخرۆشی ڕۆژنامەگەریمانن لەو سەردەمەدا. هەڵبەت لەناو ڕێڕەوی دە ساڵەی دوای ڕاپەڕیندا هەناسەی پیرەمێردانە، پەرۆشی برایم ئەحمەدانە کەم نەبوونو ئێستاش کەم نین، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر

ڕەوتێکە، کە دەتوانێ زەمەنێک بە ڕوخساری خۆی ڕەنگڕێژ بکات. ئەو ڕەوتە لە کوێیە؟

**بەهرەی ڕاییکردن**

لەپاڵ عیشق و پێشینەی ڕۆشنبیریدا، خاڵێکی تریش لە کاری ڕۆژنامەوانیدا بایەخدارە و دابینبوونی دەبێتە مایەی بەخشینی گەرمایی بە دونیای ڕۆژنامەوانیی کوردی. ئەو حاڵەش بەهرەی ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژنامەیە. مەبەستم لە ڕاییکردنی کاری ڕۆژنامە، لایەنە ئیدارییەکەی نییە، کە ئەوە لە توانای ڕۆژنامەوان دەخوا و تووشی گێچەڵی لابەلای دەکات. بەڵکو مەبەستم ڕاییکردنی کاری هونەریی ڕۆژنامەکەیە لە ڕێکخستنی لاپەڕەکان و دەستنیشانکردنی بابەتەکان، ڕاییکردنی سیاسەتی ڕۆژنامەکەو جێبەجێکردنێتی لە ماوەی بڕیارلێدراودا. بە ڕاستی ئەم لایەنەش بەهرە و سەلیقەی دەوێت. بە داخەوە لەناو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا نەریتێک زاڵە، کە ڕۆژنامەوان و نڤیسیار وا دەزانن ئەوە تەنها ئەرکی ئەوانە، کە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بە ڕاست و چەپدا پڕبکەنەوە. لەکاتێکدا کاری ئەوان پەیداکردنی (مەعمیلە) بۆ ڕۆژنامەکە. ئەگەر وابڕیارە پەیداکردنی مەعمیلی خوێنەر بۆ ڕۆژنامەکە کاری بەشی دابەشکردن و چاپی ڕۆژنامەکە بێت، ئەوا پەیداکردنی مەعمیلی نووسەر بۆ بڵاوکردنەوەی نووسین و بابەت لە ڕۆژنامەکەدا، کە ئەمەیان زەحمەتترە، کاری ڕۆژنامەوان و ستافی دەستەی نووسەرانە. هونەر لەوەدایە ڕۆژنامەکە ببێتە سەکۆیەک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و رەنگە جیاوازەکان. واتا لە کەشوهەوای ئازادیشدا تەنها

ئەوە بەس نییە ڕۆژنامەوان بە ئازادی بنووسێ و قسە بکات. بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئازادی بۆ قەڵەم و ڕەنگ و دەنگەکانی دەرەوەی ڕۆژنامەکەشی دابین بکات. ڕۆژنامەوانێکی گەورەی وەکو هەیکەل، وەختێک ویستی ئەو تۆمەتانە ڕەت بکاتەوە کە ئەویان بە مۆنۆپۆلکار و پاوانخوازی ڕۆژنامەوانیی سەردەمی ناسر لەقەڵەم دەدا، لە کۆتایی کتێبی لەنێوان (ڕۆژنامەوانیو سیاسەتدا) لیستێک ناوی کەڵە نووسەرانی میسری لە سەرجەم بوارەکانی نووسیندا بڵاوکردەوە، کە لە سەردەمی ویدا ڕۆژنامەی ئەلئەهرامیان دەوڵەمەند کردووە. ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامەوان بۆی هەیە، جگە لە نووسینەکانی خۆی، شانازی بەو نووسین و نووسەرانەشەوە بکات، کە ئەو ڕێی بڵاوبوونەوەی بۆ خۆشکردوون.

بێگومان خستنەکاری بەهرەیەکی وای ڕۆژنامەوانی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی دەوێت لەگەڵ نووسەران و ڕۆژنامەوانی دەرەوەی ڕۆژنامەدا، چونکە:

- گەلێک نووسەر هەن توانای نووسینیان هەیە بۆ ڕۆژنامە، بەڵام سەلیقە و تاقەتی کاری ڕۆژنامەوانیان نییە.

- گەلێک ڕۆژنامەوانیش هەن ئارەزوویان لە کاری سەربەخۆیە، ئامادەن دەقی ڕۆژنامەوانی جوان، ڕێپۆرتاژی زیندوو بەرهەم بێنن. بەڵام حەزیان لە سەفەر و گەڕانە و ڕقیان لە دانیشتنی پشت مێزە.

پێویستە بڵێین، کە کاراکردنی ئەم بەهرەی ڕاییکردنە تەنها بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەشە ڕۆژنامەوان و ستافی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە تووشی وشک بوون و هیچ پێ نەمان نەبن. نابێ ئەوەمان لەبیربچێت،

کە لە ستافی هەر ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بە ڕێژەی لە (١٥٪)ی کارمەندەکانی بەجیدی کاردەکەن، ئەو دوایان بەرهەمی پەتای بیروکراسین، کە ڕۆژنامەکانیشمانی گرتۆتەوە.

جا ئایا (٢٥٪) ڕۆژنامەوانانی ڕۆژنامەیەک دەتوانن تەنها خۆیان هەموو لاپەڕەکان ڕەش بکەنەوە؟

## هەواڵ هەر هەواڵە!

لە ڕۆژهەڵاتەکەی ئێمە، بە کوردستانەکەی خۆشمانەوە، پرسێک هەیە دروستکراو نییە و پاساوی مەنتیقی خۆی هەیە، ئەویش پرسی سەربەخۆیی، یان پابەندێتی ڕۆژنامەیە. ئایا ڕەوتی زاڵ لە ڕۆژنامەگەریدا بە دەست دەسەڵاتی سیاسییەوە، یان بە دەست کۆمەڵ و گرووپەکانیەوەیەتی؟ لەپاڵ ئەمەدا پرسیار لە ئەندازەی ئازادیی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیش دەکرێ، ئەوەشیان هەر پرسیارێکی بەجێیە. دیارە ناوچەکەی ئێمە تەمەنێکی دوورودرێژی لەگەڵ دەسەڵاتی ئیستبدادی ڕۆژهەڵاتیدا گوزەراندووە و ڕووناکبیرانیش هەقی خۆیانە لە هەموو شتێک بەگومان بن، بەڵام ئێستا لە کوردستان لەگەڵ دەرکەوتنی کەموزۆری ڕۆژنامەگەریی ئەهلی و سەربەخۆدا دەتوانین بڵێین، گاگۆڵکێمانە بەرەو چارەسەر. ئەگەرچی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ و ئەهلیشمان لە ڕەخنە و کەموکوڕی بێبەش نییە. ئەگەر ڕۆژنامەگەریی ڕەسمیمان بەدەست پابەندێتییەوە گیری خواردووە و لەسەریێتی تێکۆشان بۆ دەربازبوون لەو پابەندێتییە بکات، ئەوا ڕۆژنامەگەریی ئەهلی و سەربەخۆشمان هەر لە سەرەتای ڕێگاوە خەریکە تووشی گرێی دەروونی دەبێت لە هەمبەر سیاسەتی کوردیدا.

ڕاسته ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ ڕایەکی سەربەخۆ و ڕوانینێکی سەربەخۆی هەیە بۆ مەسەلەکان، بەڵام دواجار مەسەلەکانی جێی بایەخی ئەویش هەر دەبێ پرسەکانی سیاسەتی کوردایەتی و کۆمەڵی کوردەواری بن. گەلێکم پێ سەیرە ڕۆژنامەگەری سەربەخۆمان نەزانێت، کە ڕێژەی ٧٠٪ هەواڵ و ڕووداوی سیاسی هەروا بە لای نوخبەی سیاسیو دەسەڵاتی سیاسییەوە . وای دەبینم، ئەوەی گەرمایی بە ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ دەبەخشێ، پێشکەشکردنی ڕایەکی پێچەوانەیە لەسەر هەڵسوڕانی نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتەکەی، نەک پشتگیریکردنی. ڕەخنەگرتنە لە شقڵو شێوەی ئیدارەدانی گەمە سیاسییەکە، نەک خۆخافڵاندن بە شتی لاوەکییەوە. لە هیچ وڵاتێکدا لە باری هەواڵ و ڕووداوەوە کۆمەڵگە دابەش ناکرێت. بە داخەوە گەلێک جار ڕۆژنامەگەریی ئێمە هەموو ڕووداو و هەواڵێکی دەسەڵات و نوخبەی سیاسی بە شتێکی (دەسەڵاتدارێتی) لەقەڵەم دەدات، لەکاتێکدا لە وڵاتان شتێک هەیە لەنێوان هەواڵی تەشریفاتی و فەرامۆشکردنی هەواڵی نوخبەدا، کە پێی دەڵێن هەواڵ هەر هەواڵە لە هەرکوێیەک بێت. ئەسڵەن لە وڵاتانی پێشکەوتوو، سەبارەت بەوەی ڕەوتی کۆمەڵی مەدەنی پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، ڕۆژنامەگەری نە هی حکومەتە و نە هی ئۆپۆزسیۆن. ڕۆژنامەگەری هەر ڕۆژنامەگەرییە و تەواو. لەوێ ڕۆژنامەکان تەنها ڕای گشتی دروست ناکەن، بەڵکو لەوەش گرنگتر ئامۆژگاری دەسەڵاتی سیاسیی دەکەنو ڕێوشوێنی ئیدارەدانی ڕەوشە سیاسییەکەی بۆ پێشنیاز دەکەن، تا ئەگەر پەیڕەویی کرد سەرکەوتوو بێت، ئەگەریش

نەیکرد و لە کاردا شکستی هێنا، سیاسەتێکی ڕەخنەگرانەی لە بەرامبەردا پیادە دەکەن. واتا ڕۆژنامەگەری لەوێ بەشێکە لە پرۆسە سیاسییەکە و سەنگەری لە سیاسییەکان گرتووە نەک لە سیاسەتەکان و لە سیاسییەکان پەرۆشترە بۆ سەرخستنی پڕۆژە سیاسییەکان.

## ئیئتیلافی خێر!

لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤاری سەربەخۆ بڵاوبوونەتەوە، کە هێڵی سەرەکیی ئامانجەکانیان، خزمەتکردنی ڕەوتی دیموکراتیو فراوانکردنی بازنەی کاری ڕۆژنامەنووسییە. بێگومان ئەم ئامانجانەش پیرۆز و شایستەی ڕێزلێگرتنن. لە هەمان کاتدا لەناو خوێنەرانو تەنانەت لەناو هەڵسوڕاوانی ڕەوتی رۆژنامەنووسیشماندا گلەیی لە بارەی زۆریی بڵاوکراوەکان، ناشلێم بۆری، و کەمیی خوێنەران هەیە. لێرەدا بۆنەی (١٠٤) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەقۆزمەوە، تا پێشنیازێکی پێشووم دووبارەبکەمەوە.

لە ڕاستیدا بۆ ڕۆژنامەنووس خۆش نییە داوای نەمانی هیچ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەک بکات، با تەنانەت ئاستی هونەری و تەکنیکیی ڕۆژنامەوانیشیان لاواز بێت. بۆیە لەنێوان ئەو گرفتە گشتییەی سەرەوە و ئەو گرفتە مۆرالییەی نابێ بانگەواز بۆ نەمانی هیچ بڵاوکراوەیەک بکەین، ئەم حیلە شەرعیەم دۆزیوەتەوە:

با هەندێک لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە هاوئامانج و هاوئاستەکان لێک نزیک ببنەوە، بەرەو یەکگرتن بچن، چونکە

هیچ کاتێک دیموکراسی مانای پەرتەوازەیی تواناکان ناگەیەنێت، بەڵکو مانای یەکێتی و لێک نزیکبوونەوەی هاوئامانجەکانیش دەگەیەنێت، لەسەر بنچینەیەکی ئارەزوومەندانە. لەبیریشمان نەچێت، کە لە بازاڕی دیموکراسیدا، وەک بازاڕی ئازاد، ماسییە گەورەکان ماسییە بچووکەکان قووت دەدەن، بۆیە هەقی وایە ماسییە بچووکەکان لێک نزیک ببنەوە و توانا ڕۆژنامەنووسییەکانی خۆیان لە پڕۆژەی هاوبەشدا بخەنە گەڕ (ببنە ماسییەکی نیمچە گەورە).

لەمەشدا داوای ئیئتلافی خێر داوایەکی خراپ نییە. با لیژنەیەکی فەرعی لە یەکێتیی رۆژنامەنووسان پێک بێت و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی بڵاوکراوە هاو ئامانجەکان بکات بۆ ئەوەی بە توانایەکی باشترەوە بەشداری پرۆسەکە بکەن و هێز لە یەکگرتن وەربگرن.

ماقووڵ نییە ئێمەی ڕۆژنامەنووسان داوای یەکخستنەوەی ئیدارە و یەکێتیی ڕیزەکانی هێزە سیاسییەکان بکەین و خۆشمان دانوومان پێکەوە نەکوڵێ، خۆشمان هەنگاو بۆ یەکێتی و لێک نزیکبوونەوە نەنێین.

لە ڕاستیدا سێ و چوار ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەهلیی تۆکمەو پتەو باشترە لە دەیان بڵاوکراوەی پەرتەوازەکەری تواناکان، کە سەر لە خوێنەری کەم دەرامەتی کوردیش دەشێوێنێ.

ئەمەش بەشێکە لە پرۆسەی گەرمایی بەخشینەوە بە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیمان.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠٠٢/٤/٢٢**

## باسی دووەم:

# ئەی ئەم ئاگرەی دڵم بۆ کێ؟

(١)

یادی ١١٩ ساڵەی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە دۆخێکی ناخۆشی ڕۆژنامەگەریدا دەکەینەوە. میوان وادەکەی دیارەو هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا دێنەوە، بەڵام ئەوە میوان دۆستە، کە تەنها کەرەستەی میوانداریيەکی ناوەختی پێیە: دۆخێکی دارایی خراپ و تەداروکاتێکی کەمی توانا و کەرەستەی رۆژنامەوانی، لە دۆخی پاشەکشێیەکی سیاسیی جەرگبری "ئەزموونی دیموکراسی"ی کوردستاندا، کە ئاسۆی گەشەی دامەزراوەکانی دیار نییە. بەم هەموو دەردەدارییەوە ڕۆژنامەوانیی کاغەزی، وەک دایکی ڕۆژنامەوانی، ڕووبەڕووی هێرشێکی توندی تەکنەلۆژیای میدیایی بۆتەوە، کە نە سنووری گەشەکردنی دیارە و نە سنووری کارکردن و دابو دەستووری دەرگیری لەگەڵ یاسا و دامەزراوە گشتییەکانی وڵات و وڵاتانی تر دیارە. وەک تەلەبەی تەمبەڵ، کە سەعی ڕۆژانەی نەکردووە و شەوی پێش تاقیکردنەوەش نە کارەبایان هەیە و نە خشتەی بابەتە گرنگەکانی بەشداری تاقیکردنەوەن، دەزانێ. ئێ دیارە

ئەمە ڕەچەتەیە بۆ کەوتن‌و دەرنەچوون، بۆ خوێندکار و بۆ ڕۆژنامەوانییەکی گەشەسەندووش.

(٢)

دۆخی دارایی خراپی کوردستان ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردستانیشی ڕووت کردەوە، وەک چۆنین ئاوای دەرخستین. دەرکەوت نە ڕۆژنامەی سەربەخۆ و ئەهلی و هەرچی تۆ پێت خۆشە لە ناو و نازناوی لە گوێ خۆش، بنەمای ئابووریی سەربەخۆی بۆ خۆی دامەزراندووە و بۆتە خاوەنی سەرمایەی ماددی و مەعنەوی وا، کە بەردەوامییەکی دوورمەودای بۆ مسۆگەر بکات، نە ڕۆژنامەی حزبیش کە بە گوێرەی پروپاگەندەی نەیارانی کچی بەناز پەروەردەکراوی حزبە، ئەو عەنعەنات‌و تیفتیفەی ماوە، یان هەر هەیبووە، کە پێی دەناسرایەوە. حزب دەڵێ نیمە و ئەو فەنەد و بۆرد و پرۆپۆزەڵانەی لە دوای کەوتنی سەددامەوە هاتە عیراق و کوردستانە وابەستەکەی، کە جاران پارە و پاوەری دەدایە میدیای ئەهلی، ئەویش خنەخنێتی و زمانی حاڵی ئێژێ مانگا مرد و دۆ بڕا. سەرۆک ترامپ ئەزێتی ڕۆژنامەوانیی وڵاتی خۆی دەدا، ئێستا چۆن سۆز و بەزەیی بۆ کرمانجەکانی میر مقداد میدحەت بەدرخان دەبێت؟

کۆمپانیا گەورەکانی "سەرمایەداری نیشتمانیش"، کە جاران ڕیکلامەکانی دیاری بابانوئێل بوون بۆ ڕۆژنامەکان، ئێستا بوونەتە دوکانی بەکر و دوو قاڵب سابوون، بگرە دوو قاڵب سەهۆڵ، کە ئەگەر تا ئێوارێ نەفرۆشرێن دەتوێنەوەو ئاو بێنەو دەستت بشۆ. دەرکەوت ئەم "سەرمایەدارییە نیشتمانییە"ش وەک ڕۆژنامەوانیی پرۆفیشناڵ، وەک "ئەدەبی

کرێکاری" ئەفسانەی بەر گوێ ئاگردانە و لەم حاڵەشدا ڕۆژنامەوانیی حزبیش، کە گوایە هی دەسەڵاتە، حاڵی وەک حاڵی ساداتەکەی دێرە هەجووەکەی شێخ ڕەزایە، کە پێی گوتووین:

وامزانی ئێوە ئێوە ساداتن مەعاشتان نابڕن،
داخی داخانم جەباری خۆ لە ئێوەشیان بڕی

ئەمە دۆخەکەیە، کە پارەدار (ممول)ی ڕۆژنامەوانیی پارە ناداتە ڕۆژنامە، چونکە دەزگا و دایەرەی تر بە (بەلاش و حەلاش) ڕیکلامی بۆ دەکات، وەک تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوک وسایت و کەمێکیش تەلەفزیونەکان، ئیتر چ کاری بە چارەی ڕەزاقورسی ڕۆژنامەیە؟

لەو هەموو کەینو بەینەدا (خوێنەر)، کە لە وڵاتانی موتەمەدیندا پەرژینی پارێزەری ڕۆژنامەیە لە کەوتن و خستنو خەساندن، لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا حزوری نییە، وەک نەتەوەی کورد کە هێشتا، مامۆستا مەسعود محەمەد وتەنی، لە دەرەوەی مێژووە، چونکە جاران خوێندەواری کەمو ئێستا حەوسەلە، جاران هەژاریو نەداری و ئێستاش نیوە مووچەیی نیوە وەرزی، خشتەی ئەولەویاتەکانی گۆڕیووە.

(٣)

ئەمە دۆخێکە پەیوەستی دۆخی ناوخۆی ڕۆژنامەکانە، نە دامەزراوەی پتەو، نە دابونەریتی کارو یادەوەریی خوێندنگەی ڕەسەنمان هەیە. ئەزموونی ڕۆژنامەگەری ١١٩ ساڵە، بەڵام وێستگەی پچڕپچڕە. ڕێک دەوڵەتی مەروانی و شەددادی،

ئەمارەتی بابان و سۆران و بۆتان چیان بۆ حکومەتی هەرێم بە میرات جێهێشتووە، ڕۆژنامەی (کوردستان)ی بەدرخانیش هەر ئەوەندە میراتی بۆ (کوردستانی نوێ)و (خەبات) و (ئازادیا وڵات) بەجێهێشتووە.

ئەمە لە کاتێکدا چاپخانەی (هیلال) لە میسر، کە یەکەم ژمارەی (کوردستان)ی لە میسر چاپ کردووە، ئێستاش ماوەو گۆڤاری (هیلال)ەکەشی تا ئێستا شەوی تاریکی میسر ڕووناک دەکاتەوە. ڕۆژنامەی ریا تازە (٢٥ی ئازاری ١٩٣٠)، کە بەتەمەنترین ڕۆژنامەی بەردەوامی کوردییە، لەگیانەڵادایە. (ژیان)، کە بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردیی باشووری کوردستان (سلێمانی) بوو، ..... بوو، یانی نەماوە.

ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردستانی دوای ڕاپەڕین، ناتوانێ دڵنیایی بدات کە وتاری ساڵرۆژی ١٢٠ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردی دەنووسێت! ئەوەی هەیە لە ئەزموون و لە یادەوەری دەستەجەمعی و لە سەرمایەی فیکری و مەعنەوی، هی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەیە، کە کوڕ و کچی بزووتنەوەی کوردایەتین. لەگەڵ ئەو دروستبوون و دەسکەلاو گوزارشتی کاریگەرن لە ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە، کە داگیرکەران سەد ساڵە گەمارۆی دەدەن. بزووتنەوەکەش لە هەناوی خۆیدا قۆڵپ دەدا و لەباری هەڵچوون و داچوونی ئەوە دایە، چۆن خۆی بۆ تەحەداکانی سەدەی بیست و یەکەم ئامادە بکات و لەم هەلومەرجە دژوارەدا، کە حزبایەتی و نەریتە مۆدێرنەکانی تووشی داخوران و ژەنگ بوون، ڕوون نییە ئەم بزووتنەوەیە چی پێگەیەکی بۆ ڕۆژنامەگەری لە ئایندەی ئەبدەیتکردنەوەی

خۆی داناوه؟ ئێ باسی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستانیش ناکەین، کە هێشتا باری نالەباری بەشێکە لە شەڕی داگیرکەران دژی زمان دژی زەمان و مەکانی نەتەوەی کورد لە سەر گوێ زەوی و لەسەر خاکی خۆمان.

(٤)

ئینجا دوای ئەو عەرزوحاڵە گشتییە لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی، چی ماوە بیڵێین لەسەر کارەکتەرەکانی ئەم بوارە، کە خودی ڕۆژنامەوانەکانن، پرۆلیتاریای ئەم دونیا بێڕەحمەی تەکنەلۆژیای تازەی بەلێشاو هێناوەتە ناو ژیانمانەوە؟

چی بڵێین لەسەر ڕەنجدەرانی بیروبازووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، لە ڕۆژنامەنووسەوە تا چاپکار؟ وەک کرێکارانی سەدەی نۆزدە بکەین، کە ئەدەبیانی سۆشیالیستی دەیگوت، لە داخا ئامێرە تازەکانیان دەشکاند؟ یان ڕوو لەم چارەنووسە بکەین، کە هێمنی موکریانی لە پێشەکی توحفەیی موزەفەریەدا وەسفی دۆخی خۆشخوانەکانی پێ کردووە، ئەوانەی کۆنەپەرستەکان، چاوشیان پێ دەگوتن.

هێمن دەڵێ: "پەیدابوونی گەرامافۆن لە قاوەخانەی شارو دیوەخانی ئاغا، جێی بە خۆشخوانەکان لێژ کرد. گۆشەی مزگەوتی دێ و زەماوەند و شاییی دێهات نەبێ، چیان بەدەستەوە نەما. هونەرمەندە گەورەکان لانەواز و بێ ئەنوا مانەوە، چونکە زۆربەیان پشتڕەق و دەستەوستان بوون، تووشی نەداری و هەژاری و سەرگەردانی و پەرێشانی هاتن. هەریەکە دەریایەک هونەریان دەگەڵ خۆیان بردە بن گڵ. شاگردە لاوەکان دەستیان لە فێربوون هەڵگرت و

وەدووی کار و کاسبی و ژیان کەوتن. پاش پەیدابوونی ڕادیۆی باتری لە لادێ، فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی بە جارێک کەوتە مەترسییەوە).

دوارۆژیش دەنووسرێ پاش پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر کەسابەتی ڕۆژنامەی کاغەزی نەما و فەوتا.

(٥)

ڕەنگە بڵێن لەم مەقام و مەقالەیەدا زۆر ڕەشبین بووم، هەفتانە ئەمما خاڵێکی گەشبینم پێ نیشان بدەن، پێش ئێوە دوای بکەوم. گەرەکمە لەگەڵ ئێوە نەوەی پیری ڕۆژنامەنووسان: پیرەمێرد، بم کە دەڵێ:

**شەوێ پیاوێ لە بەفرا ما،**
**نەمرد ئاگرێکی دووری دی**
**لەلای من نائومێدی کفرە،**
**ئەی ئەم ئاگرەی دڵم بۆ کێ؟**

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٤/٢٢**






ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
هاوکاری
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە
التضامن
١٢ لاپەڕە
بە ٥٠ فلس
دەزگای ڕوشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری‌و سەرنووسەر
مصلح جەلالی
پێنج شەمە ١٩٨٦/١٠/٣٠ ژمارە ٨٦٣
ئەکتەری شانۆیی:
ئەحلام عەرەب
تاقیکردنەوەیەکی تاکانەییم
پێشکەش کردووەو
لەبینەرانیش دڵنیام

ڕۆژنامەگەری
شەهادەت و
شایەتیشە. ناچاربێت
نەک مەرەکەبی
خوێنیی دەوێت





## فەسڵی پێنجەم

# ڕۆژنامەگەریی کوردی
# پشکنین و نەشتەرگەری

## باسی یەکەم:

# بۆ گفتوگۆ.. بۆ پێداچوونەوە و نەشتەرگەریی ڕۆژنامەوانی

**پرسی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا**

دەمەوێ، لە سەروبەندی (١٠٢)ساڵەی ڕۆژنامەنووسیماندا، چەند پرسیارێک بورووژێنم، کە مەرج نییە وەڵامەکانی لای خۆم هەبێت، بەڵام لە ورووژاندنیاندا مەبەستمە خوێنەران و هاوپیشەکانیشم بەشدار بکەم، بەڵکو پێکەوە وەڵامێکی جێی متمانەمان چنگ بکەوێت:

پرسیاری یەکەم: ئایا ڕۆژنامەگەریی کوردی بەپێی دابونەریتێکی ڕۆژنامەنووسی هەڵدەسوڕێ، یان بەپێی میزاجی تاکەکەس؟

ئاسانترین وەڵام ئەوەیە، کە بگوترێ بە پێی میزاجی تاکەکەس و ئیتر کەس سەری خۆی بە پێوان و خوێندنەوەی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیمانەوە نەیەشێنێ. لێ مەنتیق وادەخوازێ، پێوانەی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسی هەڵبەسەنگێنین و جۆری میزاجی تاکەکەسیش دیاری بکەین.

لە ڕاستیدا دابونەریتی ڕۆژنامەنووسی بەمانای ئەو شێوە

بەڕێوەبردن و ئیدارەدانە دێت، کە لە ڕۆژنامەیەکی دیاریکراودا پەیڕەو دەکرێت و وەکو خەسڵەتێکی تایبەتی ڕۆژنامەکەی لێ دێت، بە چەشنێک کە دوای کەڵەکەبوونی ئەزموونێکی زۆری ئیدارەدان، دەبێتە مۆرک و نەریتێکی تایبەتی ڕۆژنامەکە.

ئەگەریش ڕۆژنامەی گۆڕین توانی دابونەریتی پەیڕەوکراوی خۆی واجێگیر بکات، کە ڕەوتێک لە ڕۆژنامەگەری لە وڵاتدا چاو لەو بکا و ڕێبازەکەی پەیڕەو بکات، ئەوا ئەو دابونەریتەی خاوەن خەسڵەتی تایبەتییە دەورانێک لە ژیانی ڕۆژنامەنووسی بە خەسڵەت و مۆرکی خۆی ڕەنگڕێژ دەکات، تا سەرهەڵدانی دابونەریت و خەسڵەتی دی، کە ئەگەرچی جێی کۆنەکەش دەگرێتەوە، بەڵام دابڕان و پشتێکردنێکی ئەوتۆ هەست پێ ناکەین و زیاتر لەوە دەچێ ڕەوتی نوێ هەوڵی وەرگۆڕانی چۆنایەتی بدات لە ڕەوتی دێریندا.

بێگومان یەکەم مەرجی جێگیربوونی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسیش، نەپسان و نەپچڕانێتی. واقیعێک کە جێی داخە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەدەستییەوە گیری خواردووەو بەشێکی زۆری هۆکاری ئەو پچڕان و پساندنەش، هەلومەرجی سیاسی و هۆکاری دەرەکی بەرپرسیارین، بەڵام ئازارەکانی ئێمەی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەکانیشمان دەیچێژین و باجی هەوراز و نشێوی ڕەوشەکە دەدەینەوە.

هەر حاڵی واشە ڕێ بۆ میزاجی تاکەکەس لەئیدارەدان و ئاڕاستەکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی و میدیایی خۆش دەکات، کە پەیڕەوێک نەبێ بۆ کاری ڕۆژنامەنووس و دابونەریتێک نەبێ هەموو لایەک وەک بەیانێکی جەنتەڵمانی و میساقێکی شەرەف چاوی لێ بکەن، هەموو شتێک دەکەوێتە خانەی

ئیجتهادی شەخسی و میزاجی تاکەکەسییەوە.

پێویستە ئەوە بڵێین، کە مەرج نییە هەموو میزاجێکی تاکەکەس چەوت و هەموو دابونەریتێکی جێگیریش پێشکەوتوو و نوێخواز و نوێگەر بێت، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدەیە، کە کەس زامنی ئەوە ناکات میزاجی تاکەکەس هەموو جارێک داهێنان و ئەفراندنی پێ بێت و دە خەمی پێشخستنی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسیدا بێت، هەروەک مەرجیش نییە میزاجی تاکەکەس چاک و خێرخواز بتوانێ تا سەر لە هەلومەرجێکی نالەباری کاری ڕۆژنامەنووسی و لە ڕەوشی نەبوونی دابونەریتی کاری ڕۆژنامەنووسیدا درێژە بە کێرڤی پێشخستن و پێشکەوتنی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری بـدات.

چونکە وزە داهێنەرەکانی واری ڕۆژنامەنووسیش، ئەگەر هەلومەرجەکەیان بۆ لەباربێت، ئینجا دەتوانن بە ئیجتهادی شەخسی و توانای خودیی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی وڵات پێش بخەن و بەشدارییەکی جیددی تێدا بنوێنن. لە حاڵێکی وا تەندروستدا وزە و توانا فەردییەکان دەتەقنەوە و دەبنە ئیلهامبەخشی دابونەریت و ڕێڕەوی کاری ڕۆژنامەنووسی، کە هەیە و جێگیرە و ڕۆژنامەگەری بەتوانا و وزە فەردییەکان دێن و زیاتر پێشی دەخەن. بەپێچەوانەوە، لە باری نالەباری جێگیرنەبوونی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسی و نەبوونی سیستمێکی کار و ئیدارەداندا ڕۆژنامەنووس، ئەگەر شتی نوێو بیری نوێ و چارەسەری نوێشی پێ بێت، ئەوا سەرەنجام حەز و ئارەزووەکانی، پێشنیاز و چارەسەرییە تازەکانی لە قەهرا دەپوکێنەوە و دەکەونە ژێر پێی ئاژاوەی بێ نەریتی و بێ ڕێڕەویی کارەوە.

پێویست بوو ڕۆژنامەگەریی کوردی دوای سەد ساڵ لە سەرهەڵدانی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە جیدی هەڵوەستەی لە ئاستی ئەم دیاردەیەدا کردبا و ئەو ڕێوشوێنانەی تەئمین بکردایە، کە دەبنە مایەی پێکەوەنانی سیستمێک بۆ کارکردن، پەیکەرێک بۆ تەلاری ڕۆژنامەنووسیمان، کە هێندە پتەوبێت میزاج و ڕوانینی تاکڕەوی زەفەری پێ نەبەن و هێندەش نەرمونیان بێت، کە پەراوێزێک بۆ دەستپێشخەری تاکەکەس و ئیجتهادی داهێنەرانە لەبەرچاو بگرێ.

ئێمە لە کوردستاندا بڕیار و ئیرادەمان وایە لە سایەی دیموکراسییەکی جێگیردا، هەم داموودەزگاکانمان بەدامەزراو بکەین و هەم دەرفەتی بەرهەڵداکردنی توانستە فەردییەکان-یش بڕەخسێنین. لەم میانەشدا ڕۆژنامەگەری ئامڕازی بەدیهێنانی ئەو پەیامەیە، بەڵام بێگومان چیتر دامەزراوەکانی تر بەقسەمان ناکەن مادامەکی لەواری ڕۆژنامەنووسیی خۆیدا، لە هەردوو دەڤەری کوردستاندا، هێشتا پەیامەکەی بانگەشەی بۆ دەکەین کاری پێ نەکراوە، یان بەلای کەمەوە جێگیر نەکراوە، ئەگەر یادی سەد و دوو ساڵە جەژنێکی چەندایەتی بێت، لە ڕووی ژمارەوە، ئەوا جێگیرکردنی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا دەبێتە جەژنێکی چۆنایەتی.

ئەوەش ماف و ئەرکی سەرشانمانە و جوانترین وەفاداریشە بۆ ئەو ڕابەرانەی لە هەلومەرجێکی سەختدا پەیامی ڕۆژنامەنووسیان گەیاند و ئەمڕۆ چاویان لەوەیە ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی ئازاد لەم هەلومەرجە ئازادەدا هەروا درێژە بە پەیامەکە بدەین و هۆکار و باعیسەکانی مانەوەی یەکجارەکیشی دابین بکەین.

**باسی دووەم:**

# گرفتی پچڕان و دابڕان لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردییدا

پچڕان لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و پسانی شیرازەی پەیوەندی نێوان قۆناغە جیاجیاکانی حاڵەتێکی سەلبیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەگەریمان قەوماوە و دەقەومێ، بەڵام دەرکەوتە خراپەکانی بەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسانی کوردەوە دەشکێتەوە. لە واری سیاسەت و مێژووی سیاسیی کورددا، کە قسە دێتە سەر شۆڕشەکانی کورد و ئەزموونە سیاسییەکانی حوکمڕانی لێرە و لەوێ و لەو زەمەن و ئەو زەمەنەدا، مەعلومە کە دیاردەی پچڕان و پسانی ڕەوتی سروشتیی پەرەسەندنی شۆڕشەکان تێبینی دەکرێت، ئەمەش وا دەکات هیچ ئەزموونێکی شۆڕشگێڕی کورد لە شوێنێکی وڵاتەکەماندا درێژەی ئەوەی پێش خۆی نەبێت، کە لە شوێنێکی تر و لە کاتێکی تردا دەقەومێت. حاڵەتی وا گەلێک جار نە لێگەڕاوە ئەزموونی شۆڕشگێڕی کەڵەکە بکرێت و نە ئەزموونە تازەکانیش درێژەی ڕەوتێکی

بێ پسانەوە بن. بەڵێ، خەباتی کورد خەباتێکی نەپساوەیە، بەڵام سەرهەڵدانەکانی لە شوێن و کاتی جیاوازدا بوون، بە هەمان شێوەش بەڵێ خەباتی ڕۆژنامەنووسانی کورد و ڕەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی خەباتێکی نەپساوە بووە، لە ڕووی خواستی بەردەوامبوونو واقعی بەردەوامی کاری ڕۆژنامەنووسی و خەباتی ڕۆژنامەنووسانی کوردەوە، بەڵام (پسان) و پچڕانی تێدایە لە ڕووی ئەوەی هیچ قۆناغێکی ڕۆژنامەنووسیمان درێژەی ئەوەی پێشووی خۆی نییە و کارو شوێنی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانمان لێکدی جیاوازن.

لێرەدا دەکرێ بپرسین، کام ڕۆژنامەی کوردیی نوێ درێژەی ڕۆژنامەیەکی پێشووە، بە شێوە و ناوەڕۆکێکی تازەوە؟ ئەگەر پەیامی ڕۆژنامەنووسی و جەوهەری تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسی ڕەوتی نیشتمانپەروەر و دیموکراتی لە سەردەمە جیاجیاکاندا یەک بن، بەڵام ئایا ڕەوتی کار و دابونەریتی کار و کات و شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، درێژەی ڕەوتی یەک لە دوای یەکن؟

ئایا (ڕۆژی کورد) درێژەی ڕەوتی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە، کە کوردستانەکەی مقداد بەدرخانە؟ ئایا (ژین) درێژەی ڕەوتی ئەوانەی پێش خۆیەتی؟ ئایا ڕۆژنامەکانی کوردستانی ئازاد درێژەی ڕەوتی ڕۆژنامە کوردییەکانی بەغدا، یان درێژەی ڕۆژنامەکانی شاخن لە سەردەمی پێش ڕاپەڕیندا؟

تا پێش راپەڕین لە کوردستانی عیراق و تا هەنووکەش لە شوێنەکانی تری کوردستاندا ڕێگری و کۆسپی زۆر

لەبەردەم ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، لەلایەن بیانیانەوە، قووتکراونەتەوە، بەڵام هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە و هەر لەم کوردستانە ئازادەدا چەند ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون و دواتر لە گۆڕەپانەکە (دەرچوون)؟ بێگومان ئەوانە داگیرکەران بە خەتمی سوور دایان نەخستوون، هەروەک کوردستانی ئازادیش ئازادیی لەوان نەبڕی، بەڵام بە هۆکاری مالی، یان پشوو کورتی، یان تەنانەت کەم توانایی‌ش ڕەوتی دەرچوونیان بچڕاوە و لە ناوقەدەوە پسان. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بڵێین کرچوکاڵیی ئەم یان ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوە بە تەنها بوونە ڕێگری دەرنەچوون و دابڕانیان لە کاروانەکە، چونکە ئەگەر ئەوە هۆکار بێت، ئەوا ئێستا ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کرچوکاڵ هەیە و لە هەموو بوارەکانیشدا زۆری و بۆری دیاردەیەکی نەخوازراوە، بەڵام واقیعیشە.

بە ڕاستی دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی لای ئێمە، لەگەڵ دەستپێکردنی هەر ئەزموونێکی نوێ لە کار و کۆششی ڕۆژنامەگەریدا، ناچار لە خاڵی سفر و حاڵەتی هیچەوە دەست پێ دەکات، لە کاتێکدا دۆخی کورد و ڕۆژنامەگەریی کوردیی بە بەرێوە نەماوە لە سفرەوە تێهەڵبچینەوە، بەڵکو تەنها میللەتانی خواپێداو دەتوانن هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر ڕەوتێکی پێشوودا بنێن بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە و گەمەیەکی تازە دەست پێ بکەن، دەبینین ئەوان وایان نەکردووە، بەڵام ئێمە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆمان وامان لێ بەسەرهاتووە، ئەمەش بە زەقی لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کورییدا هەستی پێ دەکرێ.

لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی میللەتانی تردا، ئاڕاستەی سیاسیو فیکریی جیاجیا تێبینی دەکرێ، سەلیقەی جیاجیای کارکردنو شێوازی هەمەچەشنی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسیش هەر هەبووە و هەیە، بەڵام لەوێدا ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی سەربە ئاڕاستە سیاسی و فیکرییەکان، سەر بە سەلیقە و دابونەریتە جیاجیاکانی کارکردن، لە چوارچێوەی پەرەسەندنی سروشتی خۆیاندا پێش دەکەون و گۆڕانی چەندایەتیان دەبێتە گۆڕانێکی چۆنایەتی، کەچی لای ئێمە و بۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری سەر بەیەک ئاڕاستەی سیاسی و فیکری و لە چوارچێوەی یەک سەلیقە و دابونەریتیشدا لێک دادەبڕین و ماوەیەک بزر دەبن و سەرلەنوێ لە سفرەوە تێهەڵدەچنەوە.

چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: ڕۆژنامەیەک دەردەچێ، ستافی کاری هەیە ڕۆژنامەوان و کارمەندی هونەریی بەشە جیاجیاکان پەروەردە دەکات، دامەزراوێکی نیمچە پتەو و بارەگا و پێداویستییەکانی ئیداری و هونەری دابین دەکات. لەپڕ بە هۆی ڕەوشێکی نالەباری سیاسییەوە لێی دەقەومێو پاشان لە زەمەن و زەمینێکی تردا ڕۆژنامەیەکی تر بە هەمان ڕێبازی فیکری و سیاسییەوە دەردەچێ، کەچی ناچار دەبێت ستافێکی تر و پێداویستییەگەلێکی تر و دامەزراوێکی تر پێک بهێنێ. ئەرێ بە ڕاست ستافی پێشوو کێوە چوون؟

## باسی سێیەم:

# کرانەوە و شەفافیەت لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا

نامەوێ لێرەدا وشەی (کرانەوە) تەنها لە دوراییە دیموکراسییەکەیەوە تەماشا بکەم. بە مانای ئەوەی کە دووپاتی بکەینەوە، کرانەوە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، واتا ئازادیی زیاتری ڕادەربڕین و ئازادیی داهێنان و ئەفراندن لە ڕۆژنامەگەریدا، بەڵکو ئەوەی مەبەستمە (کرانەوە)یە لە بواری مامەڵەکردنی ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنووسانیان لەگەڵ دەرەوەو ئەوانی تردا. کرانەوەیە بە ڕووی ئەوانی تردا، کە بریتین لە وەرگری پەیامەکە، هەروا ئەو خوێنەوارو نووسەرانەی دەتوانن بەشداری لە ڕۆژنامەکە و لاپەڕەکانیدا بکەن، بە نووسین و بابەتی هەمە چەشن.

دانی پێدا دەنێم، کە لەمەشدا دیسانەوە دیموکراسیو ئازادی دەبنەوە ناونیشانی (کرانەوە)، چونکە ئەگەر ڕۆژنامەیەک ویستی ئازاد بێت، دەبێ ڕێ بە ڕا و قسەی خەڵکی تر بدات (واتا بە ڕوویاندا بکرێتەوە)، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ویستی کراوە بێت لەگەڵ ئەوانی تر (وەرگر و نووسەران)، ئەوا بە

خۆی بزانێ یاخود نا، دەرگای ئازادی و دیموکراسی واڵا کردووە و لە پەنچەرەی کراوەی (کرانەوە)وە، لە دوو باڵی کراوە بۆ لەباوەشگرتنی ئەوانی تر، بیروڕای ئازاد و قسەی پێچەوانەی ئاڕاستە جیاجیاکان دێتە ژوورێ و سەرلەنوێ (ئازادی) و(کرانەوە) جووت دەکەنەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا ڕووی داوە، کە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری ئازاد بێت و دەرگاکانی ئازادی بە ڕووی ڕۆژنامەدا کراوە بێت، کەچی(کرانەوە) بە ڕووی ئەویتر لەم نێوانەدا بزرە. هۆکاری ئەمە بە ڕای ئێمە ئەوەیە، کە ڕۆژنامە شێوازی کرانەوەیەکی دیاریکراوی نییە، یاخود ڕۆژنامەنووسەکانی نازانن چۆن کەسانی کراوە و پەیوەندگر بن بەوانی ترەوە؟ لەم ڕووەوە ڕۆژنامەنووس، کە ڕۆڵی فرۆشیار دەبینێ (ئەمما فرۆشیارێکی مەعنەوی)، دەبێ فرۆشیارێکی لەبز شیرین بێت لە کاری ڕۆژانەی مامەڵەکردن لەگەڵ (خوێنەری وەرگر) و (نووسەری هاوکار)دا. دەبێ بەپێی پێوەرەکەی دەڵێ (الزبون دائما علی حق) هەڵسوکەوت بکات.

هەمیشە خوێنەری وەگر و نووسەری هاوکار لەسەر هەقن، با وەرگرێکی پرسیارکەر و نووسەرێکی هاوکاری جاڕسکەریش بن. هەر فەرامۆشکردنی ئەو پێوەرە نادادوەرانە، بەڵام واقیعیانەیە، وادەکات سیاسەتی کرانەوە لە نیوەی ڕێدا پەکی بکەوێت و دیسانەوە (کرانەوە)ش تووشی گرفتە دێرینەکەی جێگیرنەبوونی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ببێت. واتا دیسانەوە (کرانەوە)ش دەبێتە ئیجتهادی شەخسی، نەک سیاسەتێکی ڕەسەنی پەیڕەوکراو لە هەموو سەردەمێک و شیاو بۆ هەموو سەردەمێک.

له ڕاستیدا ڕۆژنامەگەریی کوردی نازانێت چۆن سیاسەتی کرانەوە بگرێتە بەر، چونکە پێشتر ئەزموونی وای پراکتیک نەکردووە و پێوەرێکی گشتی نییە لەو بوارەدا، بۆیە دەکەوێتە سەر سەلیقەی ڕۆژنامەکە و شیری پاکی ڕۆژنامەنووسان خۆیان. لە کاتێکدا ڕۆژنامەگەریی پێشکەوتوو، وەک هەموو شتێکیان بەرنامەیە، بۆ کرانەوە و پەیوەندیگرتن بەوانی ترەوە بەرنامەی مەحکەم دادەڕێژن و لەگەڵ پەرەسەندنی زیاتری ڕۆژنامەکەشدا پێشی دەخەن و پەرەی پێ دەدەن.

یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی کرانەوە مەیلی پاوانکردنی ڕۆژنامە و لاپەڕەکانیەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکان خۆیانەوە، جا چ بە ئەنقەست و چ لە نەستی شاراوەیاندا. هەندێک جار ئازادیی ڕۆژنامەنووس و دەسەڵاتەکانی لە سنووری کارەکەی خۆیدا مەیلی (دیکتاتۆری) و گۆشەگیری لا دروست دەکات، بێگومان بیانووەکانی دەستگرتن و ڕەزیلیکردن لە هەنگاونان بۆ (کرانەوە) هەمیشە حازربەدەست و ئامادەیە:

– کرانەوە واتا هاتنە ژوورەوەی ڕەشەبای هەمەجۆر، هەروەک چۆن شنەبای هەمەڕەنگیشی لێ دێتە ژوورێ.

– نەکرانەوە واتا لێشاوی نووسینی بێکەڵک و میوانی ناوەختی جاڕسکەر.

بەڵام ناکرێ کەڵک لە دەرکەوتە چاکەکانی دیاردەیەک وەربگری و حەوسەڵەی قبووڵکردنی کاریگەرییە سەلبییەکانت نەبێت. ئەوە ڕەوشێکی ئینتیقائی و ناواقیعییەو زیاتر بۆ پاساودانی (داخراو)ی و گرمۆڵەبوونە، وەک ئەوەی پەرۆشی بێت بۆ لەقاودانی کاریگەرییە سەلبییەکانی

(کرانەوە).

لە کاتێکدا چارەسەرییەکی ناسک و شەفاف هەیە بۆ ئیحتواکردنی سەلبیاتەکانی (کرانەوە)، ئەو چارەسەرییەش شەفافییەتە.

شەفافیەت واتا ئەوەی هەڵسوڕێنەرانی ڕۆژنامە شتی شاراوەو ژێر پەردەیان نەبێت لە ئیدارەدانی کاری ڕۆژنامەنووسیدا، بە چەشنێک وەرشەی کار و بینای دامەزراوی ڕۆژنامە، دەڵێی لە شووشە دروستکراوە و هەموو (وەرگر و هاوکارێک)، کە پەیامی رۆژنامەکە ڕووی لەوە، دەتوانن ئەودیوی ببینن. واتا باوەڕ و متمانەیان لا پەیدا بێت، کە کارگوزارانی ڕۆژنامە ویژدانی ڕۆژنامەنووسی داوەریانەو هەر ئەو دادوەرەش بڕیار لەسەر پۆلێنکردنی دەرکەوتە سەلبی و ئیجابییەکانی (کرانەوە) دەدات.

دەستپێکردن لە (کرانەوە) بە دیوێکدا مانای وایە، شتێک نەبووە و لە دەستپێکی کاردایە بۆ لەمەودوا. مادامەکی پێش کرانەوە (داخران) هەبووە، کەواتا پەسەندکردنی سیاسەتەکانی ڕۆژنامە لە ڕۆژی دەستپێکردنی(کرانەوە)کەیەوە کاتێکی دەوێت. کاتێک کە متمانە دڵنیایی دروست دەکات لەنێوان (پەیامبەرو وەرگرەکەیدا). ڕێگای متمانەپەیداکردن بەسەر شوشەی شەفافیەتدا دەبورێ. بوونی شەفافیەت لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا واتا توانای چارەسەکردنی دەرکەوتە سەلبیەکانی سیاسەتی کرانەوە، واتای بەرگرتن لە لێشاوی کار و بەرهەمی خراپ، کە دزە دەکەنە نێو سیاسەتی (کرانەوە)وە، بەڵام ئەو چارەسەر و بەرگرتنە پەسەندکراو و ڕێزلێگیراو دەبێت، چونکە لە پەردەی شەفافیەتەوە نیەتەکان دەخوێنرێنەوە.

## باسی چوارەم:

# سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووس و سیاسەتی گشتیی ڕۆژنامە

گەلێک جار لە ئیدارەدانی کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەدا گرفتی پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووس و سیاسەتی گشتیی ڕۆژنامە دێتە پێش. ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە لە هەموو دامەزراوێکی ئیداری، یان هەر هەیکەلێکی بەڕێوەبردنی کاردا، بەڵام ڕەنگە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا هەستیارتر بێت، سەبارەت بەوەی کاری ڕۆژنامەنووسیی هەم خەسڵەتی ئیداری و هەمیش خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە خەسڵەتی ئەفراندن و هونەرپەروەرییە. لە سەرێکی تریشەوە هاوکێشەی سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووس و پانەندبوونی بە سیاسەتی گشتیی ڕۆژنامەوە لە دوو بواردا ڕەنگ دەداتەوە:

– لە بواری بەرهەمی ڕۆژنامەنووسیدا، واتا ئاستی سەربەخۆیی ڕۆژنامەنوس لە نووسین و دەربڕینی ئازادو کردنی ڕێپۆرتاژ و داهێنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسیدا.

– له بواری کاری ئیدارەدان، یاخود تەحریری ڕۆژنامەدا، واتا ئاستی سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووسی کارا و هەڵسوڕاو لە بڕیاردانی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان و ڕێکخستن و بڕیارلێدانو دیاریکردنی سیاسەتی لاپەڕە، یان ئەو بەشەی ئەو کاری تێدا دەکات. بە کورتی ئاستی سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووسەکە و سەنگی لە تەحریر و بڕیارلێدان دا.

هەڵبەتە داشکانی هاوکێشەکە بەلای هەر لایەنێک لە لایەنەکانی لە ڕۆژنامەیەکەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی تر دەگۆڕێ. هەروەک پشێنەی ڕۆژنامە و ئینتیماشی بۆ هێڵێکی دیاریکراوی سیاسی، یان فیکری، یاخود خاوەنداریێتییەکەی لەلایەن دامەزراوێک، یان ناوەندێکی مەعنەوییەوە، ڕۆڵی بەرچاوتر دەگێڕێت لەوەی، کە ئەم هاوکێشەیە چۆن بکەوێتەوە. هەڵبەتە ڕۆژنامەیەکی لیبڕال شێوازی هەڵسوڕان و ئیدارەدانیشی، هەیکەلی ئیداریو دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسەکانیشی کراوەترو لیبڕال ترە، بە پێچەوانەی ڕۆژنامەیەکی پابەند و ئاڕاستەکراوەوە. لەوە دەچێ ناوەڕۆکی ڕۆژنامە، ڕەنگدانەوەشی بەسەر چۆنیەتی ئیدارەدانیشییەوە هەبێت. لەکاتێکدا ڕۆژنامەی پابەند، بە تایبەتی لەسەر شێوازە سۆڤێتییەکەی ڕۆژنامە، سانسۆرێکی توندوتۆڵ دەخاتە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکان و میدیایەکی کۆنترۆڵکراو بەرهەم دێنێ، ئەوا سەرەنجام بۆ پاراستنی ئەو توندوتۆڵییە وردە وردە هەموو ئازادییەکی نووسین لە ڕۆژنامەنووسان دەسێنێتەوە، بگرە ئیدارەدانی ڕۆژنامە لە سەرۆکایەتی نووسیندا کۆدەکاتەوە، نەکا لێرە و لەوێ نووسینێک، یان هەواڵێکی دەرەکیش تێپەڕێو دزە بکاتە ژوورەوە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، لە ڕۆژنامەیەکی کراوەدا سەرۆکایەتی

نووسین تەواوی دەسەڵات دەداتە ڕۆژنامەنووسان، چ لە نووسینو کارەکەیانداو چ لە ئیدارەدانی بەش و لاپەڕەکاندا، چونکە هیچ شتێک نییە لێی بترسن، مادامەکی ڕۆژنامەکە ئازاد و ڕێبازەکەشی کرانەوە بێت. واتا هەم سیاسەتی گشتیی کرانەوە و هەم ڕێبازی کاریشی ئازادبێت.

لە ڕاستیدا هەر بواری دووەمی سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووس، کە دەکاتە ئاستی سەربەخۆیی و پلەی دەسەڵات و تواناکانی لەناو هەیکەلی ڕۆژنامەدا بە ئاشکرا پلەی کرانەوەی ڕۆژنامەکەو دابونەریتی سکرتاریەت و سەرۆکایەتی نووسینەکەی دەستنیشان دەکات، ئەگینا ئازادیی ڕادەربڕین، کە لەڕۆژنامەدا بەرقەرار دەبێت، تەنها ڕۆژنامەنووسانی کارگێڕ لە ڕۆژنامە یاخود ستافی ڕۆژنامەکە کەڵکی لێ وەرناگرن، بەڵکو هەموو نووسەر و هەموو ڕۆژنامەنووسێکی دەرەوەش کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەو ڕۆژنامەیەی ڕێبازی لیبڕالی و کرانەوە ڕەچاو دەکات لە بواری ئیدارەدانی کاری تەحریردا، ڕۆژنامەیەکە بەرپرسیارێتییەکی میدیایی و ڕۆژنامەنووسیی جێبەجێ دەکات. بەرپرسیارێتی، پەروەردەکردنی کادیری ڕۆژنامەنووسی و کامڵکردنی گیان و ڕۆحی دەستپێشخەری لای ڕۆژنامەنووس پەرەپێدەدات.

لەنێو ڕۆژنامەیەکی وادا، کە فۆرمەڵەی (ئیدارەی فیدڕالی) ڕێنوێنێتی کادیر دروست دەبێت و ڕۆژنامەگەریش دەگەشێتەوە. پەیوەندی نێوان بەشەکان لەسەر بنچینەی هاوکاریو پێشبڕکێو تەواوکاری دروست دەبێت. هاوکاریی یەکتری بۆ هەڵسوڕانی کارو بەشداریکردن لەتەحریری هەموو ڕۆژنامەکەدا، پێشبڕکێش لەنێوان بەشەکاندا لەسەر

بنچینەی کاری باشتر و پێشخستنی بەشەکان، بەو جۆرەی کارەکان تەواوکاری یەکتری بن.

بەپێچەوانەوە لە ڕۆژنامەی داخراو لە ڕووی ئیدارەدانەوە، هەموو دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و بڕیاردان کۆنترۆڵ دەکرێت و سەرمێزی سکرتاریەتی تەحریر و سەرۆکایەتی تەحریر فەوزا و پڕ دۆسیێ دەبێت و چەکمەجەی بەشەکانیش بەتاڵ و بۆش. دیارە ڕەوشێکی وا (ناوەندی) لە بڕیاردان‌و بەڕێوەبردندا، نە ڕۆژنامەنووس دروست دەکا و نە کادیری تەحریری ڕۆژنامەش. گرفتێک، کە هەر ئێستا ڕۆژنامەنووسیی دوای ڕاپەڕین بەدەستییەوە گیری خواردووە و نازانێت چۆن ستافی نوێی ڕۆژنامەنووسی بۆ سەردەم و سەدەی تازە دابین بکات؟

بەڵێ ڕاستە، لەوانەیە لە فۆرمەڵەی فیدڕالیی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەدا پەرتەوازەیی بەشەکان و مەیلی فەردانیەتی دوور لە سیاسەتی گشتی کاری سەلبی بکاتە سەر یەکێتیی ناوخۆیی ڕۆژنامە، بەڵام یەکێتیش هەر بە فیدڕالی دەپارێزرێت و مەعلومیشە کە فیدڕالی کەمکردنەوەی ناوەندێکی بڕیاردانە لە سیاسەتی گشتیدا، نەک لەناوبردن و سڕینەوەی تا پلەی سەربەخۆیی بەش و کەرتەکانی یەکێتییەکە. لە هەموو حاڵێکیشدا مەیلی سەربەخۆیی لە ڕۆژنامەیەکی کراوەدا چاکترو پەسەندترە لە ناوەندێتییەک، کە نەزۆکە لە بەرهەمهێنانی کادیری ڕۆژنامەنووسی دا و بەرپرسیارێتی ڕۆژنامە بەرامبەر بە ڕەوتی گشتیی ڕۆژنامەگەریی وڵات، کە داخوازی پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی ڕۆژنامەنووسیی هەیە، جێبەجێ ناکات.

## باسی پێنجەم:

# ئایا پێداویستییەکانی کار
# لە ئاستی پەیامی ڕۆژنامەنووسیماندایە؟

مادامەکی گوتمان، کە دابونەریتی ڕۆژنامەنووسی و دابونەریتی کار لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کزە، یاخود خەر حیسابی بۆ نەکراوە، لەوانەش هەندێک چەمک و ئاماژەی واری (ئابووری) و (کارگێڕی) هەن، کە دەکرێ لێرەدا بپرسین تا چەند ڕۆژنامەگەریی ئێمە ڕەچاوی کردوون؟

بۆ نموونە، لە زانستی کارگێری و هەروەک لە زانستی ئابووریشدا لەسەریەک دوو چەمکی هاتووە ژوورەوەکانو دەرچووەکان (المدخلات والمخرجات)، یاخود چەمکی جەدوای ئابووری (الجدوی الاقتصادیة) دووپات دەبنەوەو لە هەموو پرۆژەیەکی کارکردن و لە هەموو هەیکەلێکی کارگێریدا ناویان دێت.

مەبەست لە هاتووە ژوورەوەکان ئەو کەرەستە و پێداویستیانەن، کە لە میانەی کار و چالاکیدا بەکاردەبرێن، دەرچووەکانیش ئەو ئاکام و بەرهەمانەن لە پرۆسەی کارکردن و بەکاربردنی کەرەستە و پێداویستیەکاندا دێنە

دەر، ئەمەش دوای دەرگۆڕان و ئەفراندن و دەستڕەنگینیەکی زۆر، جەدوای ئابووریش ئەو دەسکەوت و خێروبێرەیە لە پرۆژەیەکی ئابووری، یان هەر پرۆژەیەک لێکۆڵینەوە لەسەر کەڵک و قازانجەکانی زەرەر و زیانەکانی دەکرێت و بەپێی هەڵسەنگاندنی سەرەتایی و داشکاندنی تای تەرازووەکە بڕیار لەسەر ئەنجامنەدانی دەکرێت.

دەکرێت ئەم دوو چەمکە لە هەموو بوارێکی کارگێریدا پشتی پێ ببەسترێت، مەرجیش نییە وەکو پرۆژە ئابوورییەکان تەنها ڕەچاوی دەسکەوت و قازانجە مادییەکان بکرێت. بۆ نموونە، لە هەیکەلی کارگێریی پەروەردەدا، ئەو (مدخلات)ەی لە کار و بەرهەمهێنانی پەروەردەییدا بەکار دەبرێت، وەکو توانستی مادی و مەعنەوی هەرگیز (مخرجات)ی دەسکەوتی مادی ڕاستەوخۆ لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو دەسکەوتی مەعنەوی هەیە، کە پەروەردەکردنی نەوەکانە بە فەلسەفە و سیاسەتی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت. ئەوەش دواتر دەسکەوتی دیکەی لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا لێ دەکەوێتەوە. هەمان حاڵ بەسەر ڕۆژنامەنووسیی وڵاتانی وەک ئێمە ماناندا جێبەجێ دەبێت.

ڕاستە لە وڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتوودا بواری ڕۆژنامەنووسی، وەکو هەر بوارێکی دیکەی کارگێری، دەسکەوت و قازانجی ئابووری بەدواوەیە و هیچ ڕۆژنامەیەک لە ڕێی خوا ناچێ بەڕێوە، بۆیە هەر لەوێش حیسابی جەدوای ئابووری و کەڵگ قازانجەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەسکەوتی ڕیکلام و نرخی کەرەسەکان دەکرێت.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە لە وڵاتانی ئێمەوماناندا کە دەوڵەت، یاخود دامودەزگایەکی حکومی، یان حزبی پاڵپشتی ڕۆژنامەو

پارەداری دەکات، ئیتر حیساب بۆ (مدخلات) و (مخرجات) حیساب بۆ جەدوای ئابووریی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان نەکرێت، بەلانی کەمەوە لێرەدا دەکرێ بپرسین، ئایا ئەو مەسرەف و خەرجییەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانماندا دەکرێت، ئەو پەیامە بەدی دێنێت کە لە پێناویدا ڕۆژنامە و میدیاکانمان دانراون، جا چ پەیامەکە سیاسی، یان فکری، یان کۆمەڵایەتی بێت؟

لە بەرامبەردا، ئایا ئەو کەرەستە و پێداویستیانەی بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیی ئێمە تەرخانکراوە، لە ئاستی ئەو پەیام و ئەرکە گرانەدایە، کە لەمڕۆدا خراوەتە ئەستۆی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەموو ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا؟

ئەگەر تەماشای ڕەوشی کار و ئیدارەدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دوای ڕاپەرینەوە بکەین، دەبینین پێش دەستکردن بە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەرگیز نە حیساب بۆ جەدوای ئابووری و نە حیساب بۆ ئەو کەڵک و دەسکەوتە فەرهەنگییە نەکراوە و ناکرێت، کە لە دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە چنگمان دەکەوێت زۆر و بۆریی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەمرۆ، سەرچاوەکەی لەوەویە کە پاڵپشتکارانی بڵاوکراوەکان جەدوای ماددی و مەعنەوی لێکنادەنەوە، هەرچی ڕۆژنامە و گۆڤارە سەنگینەکانیشە، بەڵێ دەسکەوتە سیاسیو فەرهەنگییەکانیان کەم نین، بەڵام ئەوانیش جاربەجار تووشی کزی، یان لاوازی دەبن، بێ ئەوەی کارگێڕان و هەڵسوڕاوانی بیر لە هەڵسەنگاندنی دەوریو پێداچوونەوەی ساڵانەی بکەن.

بە گشتی دەتوانین بڵێین، ڕۆژنامە سەنگینەکانی لە ئاستی فەرهەنگی و سیاسیدا جەدوایان هەیە ناو و ناوبانگێکی چاکیان پەیدا کردووە، کە وەکو سەرمایەیەکی ڕەمزی وایە بۆیان،

لەگەڵ ئەوەدا ئەوانیش تووشی دوو گرفتی سەرەکی دەبنەوە:
لەلایەک کەرەستە و پێداویستیەکانی بۆ درێژەدان بە ڕەوتی ڕۆژنامە و گۆڤاری سەنگین پێویستن نیوەشی دابین نەکراوەو ئەو ڕۆژنامانەش هەولێری گوتەنی (لەسەر قورێ تۆزی دەکەن)..و.
لەلایەکی دیکەوە، نەبوونی توێژینەوەی جەدوا و هەڵسەنگاندنی دەوری بۆ ڕەوشی کارگێری و هەڵسوڕانێ ئەو ڕۆژنامە سەنگینانە وادەکات، وردە وردە لە غافڵێگیریدا دەزگایەکی بیروکراسی دروست بێت، کە لەسەر حیسابی ڕۆژنامەنووسانی ڕاستەقینە سوپایەک نا، بەڵام هیچ نەبێت فەوجێک لە کارمەندی بێ بەهرە بەشێک لەو نیوە کەمەی پێداویستییەکان کە دابین کراوە هەڵلوشێت. بەڵێ، ڕۆژنامە سەنگینەکان (لەسەر قوڕێ تۆزێ دەکەن) و بەو کەرەستە کەمانەوە هەوڵی گەیاندنی پەیامە ڕۆژنامەنووسیی سیاسیو فەرهەنگییەکان دەدەن، بەڵام تاکەی؟!
بواری ڕۆژنامەنووسی، بوارێکی گرنگی جەنگینە لەپێناو ئامانجە سیاسی و فەرهەنگییەکاندا. ئەگەر وا بڕیارە کورد لە هەموو بەرەکاندا شەڕ بە چەکی ڕۆژنامەنووسی بکات، ئەوا دەبێت قۆناغی شەڕی بەرەیی دەست پێ بکات، ئەمەش پێویستی بە هەموو کەرەستەکانی جەنگی بەرەیی هەیە، شەڕ بە نیو دەبابە و نیو هەلیکۆپتەر ناکریت، هەروەکو ڕۆژنامەنووسێکی عەرەب گوتوویەتی. پرسیاری دیکە زۆرن، بەڵام با جارێ ئەوەندە بەس بن!

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ٢٣-٢٤-٢٥-٢٧-٣٠/٤/٢٠٠٠

**باسی شەشەم:**

# نۆ ساڵە چیمان بەچی کرد؟

دەگوترێ ڕۆژنامە بەردی بناغەی قەوارەی نەتەوەییە، ئەمە بەو مانایە دێ، کە لە ژیانی میللەتاندا ڕۆژنامەگەری، چ پێش ڕزگاریی نیشتمان و چ داوای ڕزگاری، ڕۆڵی ئامرازی ئامادەکردنی زهنیەتی خەڵک دەبینێ، بۆ پەسەندکردنی بیرۆکەی پێکهێنانی کیانێکی نەتەوەیی. لە قۆناغی ڕزگاریدا ڕۆژنامە هاندەری جۆشدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالستییە، بۆ خۆ کۆکردنەوە و گورجوگۆڵکردن لە سەرخستنی پرۆژەی نەتەوەییدا، وەک ئەو ڕۆڵە هاندەرەی ڕۆژنامەی (کوردستان) ی مقداد میدحەت بەدرخان لە دیرۆکی کوردایەتیدا گێڕای. لە قۆناغی دوای ڕامالینی داگیرکەر و کەوتنەوە دەستی نیشتمانی داگیرکراودا ڕۆژنامە زهنیەتی گەل ئامادە دەکات، تا بیرۆکەی پێکهێنانی دامودەزگای دەوڵەتی پەسەند بکەن. وەک ئەو ڕۆڵە هاندەرەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژیانی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕینی کۆمەڵی کوردەوارییدا گێڕای.

(کوردستانی نوێ) لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا دوو

ڕۆڵی نەتەوەیی گەورەی وازی کرد، کە هەتا نەتەوەی کورد مابێ قەرزارباری ئەو دوو ڕۆڵە دەبێ. (بەداخەوە بەندە سەربازی ئەو دوو ڕۆڵە نەتەوەییە نەبووم و لە یەکەم ساڵدا شەرەفی ئەندامێتی کوردستانی نوێم هێشتا بەدەست نەهێنابوو).

ئەو دوو ڕۆڵەش:

یەکەمیان بەپساندنی زنجیرە پابەندێتی کوردەواری لە ئاستە جیاجیاکاندا بە بەغداوە. ئەویش لە ڕێی دەرخستنی زیانە زۆرو زەوەندەکانی، کە بەغدا لە ڕابردوودا لە کوردی داوە، لە ڕێی دەرخستنی ئەو کارە تێکدەرانەی دەستوپێوەندەکانی ڕژێم لە کوردستاندا دەیانکرد، لە ڕێی تەشویقکردنی خەڵک بۆ ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوە و ڕێکخستنی ژیانی خۆیان، بە دەستپێشخەری خۆماڵی، نەک بە چاوەڕوانی مەرحەمەتی گەڕانەوەی دامودەزگا ئیدارییە خۆکێشراوەکانی بەغدا.

دووەمیان هەڵمەتی نیشتمانی و کۆکردنەوەی ڕای گشتیی خەڵک لە دەوری پێویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و هاندانیان بۆ داکۆکیکردن لە مۆدێلی فیدڕالی، وەک فۆرمۆلەی پێشنیازکراوی کورد بۆ پەیوەندی ئایندەیی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەنددا.

ئەم دوو ڕۆڵە هەلومەرجی ڕەخساند (کوردستانی نوێ) تا کورد بتوانێ لە کوردستانی نوێی ڕزگارکراودا شان بدەنە بەر ئەرکی دامەزراندنی دوو تەلاری دەسەڵاتی نەتەوەیی، کە بریتی بوون لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، بە هەموو دامودەزگاکانییەوە. ڕاستە کوردستانی نوێ ڕۆڵی

زۆری لە زۆر بواری تری ژیانی کوردەواری و کوردایەتی دوای راپەڕیندا وازی کرد، لەوانەش: ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی و ئاشتی ویستی و گیانی لێبوردەیی و ڕۆڵی تەشویقکردنی پرسی ئاوەدانکردنەوە و یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان ، لەم دوو ساڵەی دواییشدا ڕۆڵی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی، وەک هەڕەشەیەک لە موڵکداریێتی گەلی کورد بۆ تەواوی خاکی هەرێمی کوردستانو یەکپارچەیی وی، هەروەها وێڕای ڕۆڵی رووناکبیرانەی لە ژیانی ڕووناکبیریی کوردییدا، بە هەموو لقەکانییەوە. ئەمما ڕۆڵی راستەقینە و هەرە گەورەی ڕۆژنامەکە لەو دوو خاڵەی سەرەوەدا بوو کە باسمان کرد، هەر ئەو دووانەش بەردی بناغەی مەسەلەکانی تریش بوون، چونکە ئەوانە بەردی بناغەی قەوارە نەتەوەییەکەی کورد بوون.

باسی حەوتەم:

# کۆمەڵێ بەروار

## ڕادیۆکە

ڕادیۆی شۆڕش لەسەر سنوور بوو، بە موغەوەشی و خشەخشە، یان وەک لە ئەدەبیاتی شۆڕشدا دەگوترێ (هانی هانی) لەسەر بوو. کەچی هەم زانیاری و ڕووماڵی ڕاپەڕینی دەکرد، هەمیش پەیامی دەدا. یانی بەو کەرەستە کەمانە دوو ئەرکە سەرەکییەکەی میدیای بەرپرسی ڕایی دەکرد: زانیاری و مەیلداری و هەواڵ و هەوڵ.

بڵندگۆی مزگەوتی گەورە لە ڕانیە کەفالەتی باقیی ئیشەکانی لەناو شاردا کرد. لەگەڵ ئازادیی سلێمانیدا ڕادیۆکە لەسەر سنوور هاتەوە و شوێنی شیاوی خۆی لە شارنشینیدا کردەوە.

ئاخر وەک چۆن شیعر کوڕی دێیە و ڕۆمان کوڕی شارە. میدیاش هەر دەبێ لە پایتەختی ڕۆشنبیری بێت. ئیمام خومەینی بە کاسێت شۆڕشێکی بەرپاکرد و شاهنشایەکی ڕووخاند.

لەم چەرخی سۆشیال میدیایەدا، نابێ ڕاگەیاندنی کوردستانی هێشتا دارەداری بێت لە ناساندنی ڕەوایی

داخوازی کورد و ڕەوانیی ناونیشانی کوردستان–داو؟

لەسەر چوارگۆشەی سەر سنوور لە زەڵێ، زەمانی شۆڕشی نوێ، تەگبیری مافی چارەنـووس و ڕاماڵینی داگیرکەر لە کوردستان دەکرا.

ئەدەبیاتی شۆڕش و بڵاوکراوەکانی هەبوو، کە دوێنێ لە ئەمنەسوورەکە وەجبەیەکی ئەم بڵاوکراوانە بە چاپکراوی کەوتە دەستی خوێنەران. ساڵێک هەبوو، پەخش و بڵاوکراوەکانی شۆڕش لە هی دەزگای رۆشنبیریی کوردی لە بەغدا، زۆرتر بوو. چونکە ورە هەبوو، وزەش هەبوو، چونکە خوێنەر هەبوو، تیراژی کەم بەرکەتی تێ دەکەوت.

لەسەر ئەمەیە شێخ ڕەزای کەرکوکلی زاد لە پەسەندی داستانی بابانەکاندا ئێژێ درێغ بۆ ئەو زەمانە، بۆ ئەو عەسرە.

**زمان لەسەر کاغەزەوە بۆ ئاسمان**

ڕایەکم هەیە لەسەر میدیا و نەتەوە، کە دەمەوێ بیڵێم و لە سینەم نەمێنێتەوە، لە شەرمی نەکەی نەبادا ڕایەکەم زانستی نەبێ و لە خەیاڵدا سەرچێخ ڕۆشتبم. ئەگەر خراپە بە گەورەیی خۆتان بم بەخشن و کوردەواری ئێوە خۆش، ئەگەر ڕاست دەرچووم، ئەجری ئیجتیهادم با خێری کوڕەکان بێت.

جاران نووسین و زمان و ڕێنووس نەتەوەکانی یەک دەخست. ئەلفابێتای ئارامی و لاتینی وەک خاکی نیشتمان وابوون بۆ نیشتنەوەی زمانی نەتەوەکان لەسەر زەمینی مانەوە و گەشەکردن، هیچ نەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هیچ لەبارەی چین و ماچین نازانم، مەگەر بەیتەکەی نالی لەسەر خۆشیی چین و ماچین نەبێ. نەتەوەکان بە قورئان و بە زمان، بە شکسپیر و بە فیردۆسی، بە مەولانا و یونس ئیمرا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تەکلیفی زمانی خۆیان ڕۆشن کردەوە. هەر کورد مایەوە، لە چاڵدێران تا دابەشکردنی سەدەی بیست، شەکوای زمانی زمان حاڵی پێ پەیدا نەبوو.

ئێستا، بەو هەموو زام و برینانەوە، زەحمەتە یەکێتیی زمانی نەتەوە لەسەر زەمینی ئەبجەدیەت و ئەلفابێت، ڕێنووسو پاکنووس یەک بگرێتەوە. ئەمەمان جاران پێ نەدەکرا، لەمەودوا فریای ناکەوین.

لەم هەموو ئەبجەدیەت و ڕێنووسە جیاوازانەدا، لەم هەموو ئەدەب و سیپارانەی بە جیاواز نووسران، ناتوانین بە جۆرەکانی کرمانجی، زازاکی و بادینی و سۆرانی و بە جۆرەکانی ئەلفابێتای ئارامی و عەرەبی، سلاڤی و لاتینی یەکیان بخەینەوە.

زمانی کوردی لەسەر کاغەز یەک ناخرێتەوە، با قۆناغی یەکەم لە ناساندندا یەکی بخەینەوە. ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەتوانن لە گواستنەوە و ئاخاوتندا یەکسان بن. ڕۆژنامە ناتوانێت لەمەودوا ئەمە بکات. ئەگەر لەپێشدا بەربەستی ئەلفابێتمان لێنەگەڕا، بۆ قۆناغێکی تر دەتوانین بە بینین و بە بیستن یەکێتیی زمان پێک بهێنن. دواجار لە ئەلفابێتدا ئاسان دەبێت.

تا دەیەیەکی تر، بەڵکو سۆشیال میدیا قسەیەکی خێری ترمان بۆ بکات.

ئێوە دەڵێن چی؟

**میدیاش بێبەری نییە**

نەبوونی لێپرسینەوە و دانپیانان و پێداچوونەوە بە کار و کردەوە راست و چەوتییەکاندا، هەر خەسڵەتێکی ناو ژینگەی سیاسیی کوردستان نییە، بەڵکو خەسڵەتێکی کایەی میدیایی کوردستانیشە، جا یان هۆکارەکەی ئەوەیە ژینگە سیاسییەکە کایەی میدیاشی ئاڵودە کردووە، یاخود ئەوەیە کایەی میدیا هەر خۆی حەزی لەو بەزم و ڕەزمەیە، چونکە هێشتا پتەوو دامەزراو نییە، وەکو عادل ئیمام لە فیلمەکەدا دەڵێت؛ من ئامادەم لە ڕێ لابدەم، بەس کەس نییە ڕێنوێنیم بکات!

کایەی میدیا لە کوردستان، کە لە گەلێک جومگەدا ڕەخنەگرەو تانە لە هەموو کایەکانی تر دەدات، خۆشی هەمان دەردی هەیە، کە بەرپرسیارێتی هەڵناگرێ، دانپیانانی تێدا نییە و زۆر کەمیش پێداچوونەوە بە ڕەفتار و کرداری خۆی دەکاتەوە.

بەرپرسیاریتی ئەمبەر و ئەوبەر کردن، زاڵکردنی دیدی شەخسی بەسەر ئەرکی پیشەییدا، وێناکردنی ڕوانینێک بۆ ئەم هێزی سیاسی و ئەو هێزی سیاسی و دواتر موحاسەبەکردنی واقیعی دژوار، لەبەرئەوەی ئەو وێناکردنە بەرجەستە ناکات، لە جیاتی ئـەوەی کاکم موحاسەبەی وێناکردنـە هەڵەکەی خۆی بکات.

ڕوو دەدا ڕەوت و کەسێتییەکان لە میدیای کوردی، لە ماوەیەکی کورت یان درێژدا، بەشێکی بەرچاوی ئەم کەموکوڕییانە دووبارە و سێ بارە بکەنەوە، بەڵام هەڵوەستەو ڕاوەستانێکامان نەبینی. میدیاکاری کورد و سەکۆی میدیای کوردستانی ئەوەندە چاوی تیژە بۆ دیتنی کەموکوڕی کایەکانی تر و کەموکوڕی هاوپیشەکانی لە دامەزراوەکانی تر،

ئەوەندە حزووری خۆی نابینێ. دیارە ئەم نوقرچە هەمووان ناگرێتەوە، بەڵام بۆچی هەر دەبێ هەموو جار حاشاحزوری بکەین بۆ بەتاڵکردنەوەی ڕەخنەیەک، یان خۆلادان لەوانەی حەزیان بە ڕەخنە نییە.

خۆ دەکرێ ئەوانەی قسە ڕووی لەوان نییە هەر خۆیان نەیهێننە سەر خۆیان و ئەوەش کراسەکە بەبەری ئەوە، نە تەسکە و نە فراوان، بە بێدەنگی پێداچوونەوە بکەن و بکەین باشترە، تا ئەوەی هەمان دەردی ژینگەی سیاسی دووپات بکەینەوە، کە هیچ ڕوانینێکی ڕەخنەیی قبوڵ ناکەن.

**ئەم دۆسێیە داخرا؟**

بۆچی لە دوای پرۆسەی ڕزگاریی عیراقەوە ئەو دیاردەیە هەبوو، کە ڕاپۆرت لەسەر کەیسی سێکسی، کەیسی لەشفرۆشی و باندەکانیان دەکرا و بە چڕوپڕی بەردەوام ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی تەنی بوو. وەختێک ئەو فەزا ڕۆژنامەوانییەی ئەو کات و ژینگەی سیاسی تێکەڵی ئەویشم دەکەوێتە بیر، چەند سەرنجێکم لا دروست دەبێت، کە:

– تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵی داخراوی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵی فرەیی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان و باقی شار و پارێزگاکانی عیراق، هۆکارێکە کۆمەڵێک دیاردەی شایانی ڕووماڵکردنی لەگەڵ خۆی هێنابوو و نەدەکرا هیچ میدیایەکی دەربەست خۆی لێ نەبان بکات.

– ئەم کایەی ڕووماڵکردنە کۆمەڵایەتیە لەناو ڕۆژنامەکاندا تازەبابەت بوو و دوای چەندین ساڵ لە ڕووماڵی وشک و برنگی سیاسی بووە دیاردە و بە پەنجەرەیەکی جیاواز بۆ

هەناسەدان.

– هاوزەمانی ئەو بەروارەش میدیای ناحزبی و ئەهلی گەشەی کرد، دیارە بە حوکمی ئازادییان بە شێوەیەکی گشتی سەربەستی و خەیاڵی کارکردن لەسەر دۆسێکانی لەشفرۆشی و هاوشێوەکانی فراوانتر بوو.

– ئەم کەیسە لەبەر نهێنیبوون و نەناسراوی و خوازراوی ناوەکانی ناویان دەرفەتی زۆری بۆ خەیاڵ و هۆنینەوە دەرەخساند، کە زۆر بە دەگمەن دیسکی لێپرسراوێتی ڕۆژنامەکان دەیان توانی ڕاستی و دروستی ناو و ناوەرۆکەکانی هەڵبسەنگێنن.

– ڕەوتێکی چالاک لە ڕۆژنامەوانیی کورددا پەیدا بوون، کە پێشینەی فیکری و ڕۆشنبیرییان موسڵمان و موحافەزەکار بوو. ئەم ڕەوتە بە ئەجیندا کاریان لەسەر ئەم دۆسێیانە دەکرد و لە باوەڕێکی کۆمەڵایەتی و فیکریشەوە بەرەنگاری کەیسەکانی دەبوونەوە. ئەم ڕەوەتە چالاکەی ڕۆژنامەنووسی، کە تواناداروو بەسەلیقە و لێهاتووش بوون، خەوشی پێشینەیان زۆر بە درەنگەوە چارەسەر کرد و ئەوەندەی لە کایەی سیاسەت و فیکری سیاسیدا کراوە بوون، کەمتر لە کایەی فیکر و پێشینەی ئیسلامیدا وابوون، ئەم ڕەوتە لەگەڵ گەشەی ڕۆژنامەنووسی و گەشەی تواناکانی خۆشیان وردە وردە دەستەبەرداری ئەم بازنە داخراو و ڕەشە لە کاری ڕۆژنامەنووسی بوون و چیتر بەشی ئەوەی تێدا نەماوە ورووژاندنی ڕۆژنامەوانیی کۆمەڵایەتی تێدا بخرێتە گەڕ، ڕەونەقی جارانی نەما. ئێستا کایەی تری جیاواز لە دۆسێی لەشفرۆشی بازاڕی ناوپەیداکردن گەرم دەکات.



ڕۆژنامەوانی
بوارێکی فراوانە
بۆیە دەبێ
ڕێوشوێنی
کارکردنیش
پتەوبکرێت






MARINONI
SOMUA


HEIDELBERG